Aweekly Political, Educational & Social Press
رۆژنامەیەکی سیاسی روناکبیری کۆمەڵایەتی هەفتانەیە
ژمارە (٣٧) دوو شەممە ٢٠٠٥/٧/١٨

د. فوئاد مەعسوم: کێشەی کەرکوک گەورەترین مەترسییە لەسەر کورد

لەوەڵامی پرسیارێکی (چاودێر)دا دەربارەی ئەوەی کەلەم هەلومەرجەدا گەورەترین مەترسی لەسەرکورد چییە؟ د. فوئاد گوتی:

گەورەترین مەترسی لەسەر کوردستان، کێشەی کەرکوکە. چونکە وایپێدەچێت هەندێک لەوانەی دەیانەوێت دان بەفیدراڵیەتدا بنێین، مەرجێک دادەنێن، ئەویش ئەوەیە کە کەرکوک نەبێتە بەشێکی کوردستان. بەڵکو دەڵێن با هەرێمێکی سەربەخۆ بێت.

هەندێکیش دەیانەوێت پاشەکشە لەمادەی (٥٨)ی ئیدارەی کاتی دەوڵەتی عێراق بکرێت. هەر لایەک بەبیانوی جیاجیا. بۆیە، مەسەلەی کەرکوک و ئەو شوێنانەی ناکۆکیان لەسەرە، کێشەیەکی زۆریان هەیەو دژایەتی زۆریش دەکرێن. خەڵکی کوردستانیش دەبێت هەڵوێستیان یەک بخەن و بەهێزێکی جەماوەرو سیاسی یەکگرتووپێ لەسەر کەرکوک و خانەقین و شەنگارو گشت ناوچە تەعریب کراوەکان دابگرین، هەتائەم دەرفەتە زێرینەی بۆ گەلەکەمان و کەرکوک هەڵکەوتووە، لەدەست نەچێت. ■

سازش لەسەر کەرکوک و فیدراڵ خەتەرناکە لەسەر کورد

دەستورو فشاری سەر کورد

لەناو لیژنەی دەستوریی، لەم هەفتەیەدا لەلایەن شیعەو سونیگەراوە، فشار بۆ سەر کورد زیادی کردووە. شیعەگەرا ئاراستەی فشارەکەیان هەژمونگەری مەزهەبیەو سونیگەراش هەڵوەشاندنەوەی دەستکەوتەکانی یاسای کاتی بەڕێوەبردنی عێراق و سەرنەخستنی پرۆسەی دەستوورە.

شیعەگەرا.. لەنەجەف دا کۆنگرەیان بەست و فیدراڵیان خستە ژێر گیرو گازەوە، ئەویش ئەوەیە فیدراڵیەتی کوردستانیان بەمەرجێ قبوڵە کە لەناوچەکانی دیکەی عێراقیش دا، فیدراڵی هەبێ. ئەگەر نا، فیدراڵی پارێزگاکان دێننە گۆڕێ. سونیگەراش بەتاکتیک فیدراڵیەتی کوردستان قبوڵ بکەن، بێگومان هەرکاتێک دەستیان بڕوا، خراپ پاشگەز دەبنەوە.

شیعەگەرا.. پرۆژەی نوێیان قوتکردۆتەوەو تیایدا، داخوازی دەستووری ئەوتۆیان هێناوە سەراپا پێچەوانەی یاسای کاتی بەڕێوەبردنی عێراق و ئەو بیرو رایانەیە کەبۆ دەستوور بیروبۆچونی گشتیان لەسەر گەڵاڵە کراون. وەکو: کۆماری عێراق پەرلەمانی فیدراڵ، بگۆڕدرێ بە: کۆماری عێراقی ئیسلامی فیدراڵی. هەروا، ئایینی ئیسلامیش بکرێتە سەرچاوەی سەرەکی یاسا رێژی. زمانی عەرەبیش لەسەرانسەری عێراق زمانی رەسمی بێ و زمانی کوردیش تەنها لەکوردستاندا، زمانی رەسمی بێ. ئەم داخوازیانە تێکڕا پاشگەزبونەوەیە لەو رێکەوتنانەی پێشتر لیستی هاوپەیمانی کوردستان لەگەڵ لیستی ئیئتلافی لەسەری رێکەوتبون. لەم کاتەشدا، سونیگەرا بەبێ ئەوەی پێویست بکا، بەسەنگێکی گەورە هێنراونەتە ناو لیژنەی دەستوریەوە، بێگومان ئەمانیش کە لەبنەچەدا سیاسەتی جیاوازیان هەیە، ئێستا کاتێک دەبینین شیعەکان پرۆژەی جیاوازیان هەیەو لایەنەکان لێک دوور دەکەونەوە، هەڵبەتە سونیگەراکانیش، لەسەر ئەم خەرمانە شەن و کەو نەکراوەی دەستووردا، دەکەونە گێرەی تایفەگەری و ئەوپەڕی هەوڵیش دەدەن ناکۆکیەکان قوڵتر بکەن بەڵکو بتوانن ناکۆکیەکان بگەیەننە بنبەست. کەوابێ..

لیستی هاوپەیمانی کوردستان، رووبەڕووی فشاری دوو ململانێی مەزهەبی نوێ بۆتەوە، مەرامی ململانێکانیش ئاشکرایە کەپێچەوانەی دیموکراسی و مافی چارەی خۆنوسینی گەلی کوردستانە. لێرەوە، زەنگی مەترسی سەرخستنی ئەو مەرامو داخوازییە دژە دیموکراسییەی سونیگەراو شیعەگەرا، لێدەدرێ. ئاخۆ جگە لەچارەی سیاسەتی لێبڕانی پەرلەمانی کوردستان و هێزە سیاسیەکان و جەماوەر لەبەرامبەر ئەو فشارانەدا، رێگەی دیکە هەیە. لێبڕانێک ئاشکراو نهێنی هیچ چەشنە سازشێک لەسەر داخوازییە بنچینەکانی گەلی کوردستان نەکرێ، فیدراڵیەت و لەناو سنووری جوگرافی فیدراڵیەتیش دا، سووربوون لەسەر کوردستانیەتی کەرکوک و نەهێشتنی تەعریب، جگە لەداخوازییەکانی دیکە، تەنها ئەمانە رێگای راستەقینەی کوردایەتی ئێستای ئەرکە دەستوریەکانە. نەرمی بۆ سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لەسەر فیدراڵیەت و جوگرافیای کوردستان و کەرکوک و تەعریب، خەتەرناکە. چونکە، شیعەو سوننەو ناسیۆنالیزمی تێکشکاوی عەرەبی، دەیانەوێ کاتی سیاسی لەکورد قەرز بکەن. بێگومان دوایی، نەک قەرزەکەمان نادەنەوە، بەڵکو قەرزاربارێشمان دەکەن. ■

ئیئتیلاف.. عێراق بەرەو ئیسلامی دەبەن و مافی ژنانیش دەخەنە ژێر پرسیارو لیستی هاوپەیمانیش بەرپەرچیان دەدەنەوە

گفتوگۆ لەسەر دوا بیروڕای لایەنەکان لەسەر دەستور، هەتا دێت گەرمترو دژوارتر دەبێت. سونیگەرا فشار بەکاردەهێنێت داخوازییەکانی بۆ دژایەتی شیعەکردنی عێراق بەبەشێکی نەتەوەی عەرەب قبوڵ بکرێت، شیعەگەراکانیش لەدوا پرۆژەیاندا، داوا دەکەن عێراق ناوبنرێت (کۆماری عێراقی فیدراڵی ئیسلامی). هەروا داواشیان کردووە رێژەی ژنان لەپەرلەماندا تەنها لەدوو خولدا (٢٥٪) بێت. دوای ئەوە ئەگەر ژنان شایستەیی خۆیان نەسەلمێنن ئەو مافەیان پێ نەدرێت. داواشیان کردووە لەدەستوردا نەگوترێت: عێراق لەدوو میللەتی سەرەکی عەرەب و کورد پێک دێت. بەڵکو تەنها بگوترێت عێراق وڵاتێکی فرە میللەت و ئاین و مەزهەبە و بەشێکە لەجیهانی عەرەب و ئیسلام.

نوێنەری لیستی هاوپەیمانی کوردستان، هەموو ئەو داخوازیانەیان رەتکردۆتەوەو سوور بوون لەسەر بەندی پەسەند کردنەوەی یاسای کاتی بەڕێوەبردنی عێراق لەدەستوردا. ■

مەهاباد: شەهیدکردنی لاوێکی بێ گوناح

شوانەی سەید قادر (سەید کەمال ئەسفەرەم) دوای ئەوەی لەلایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامییەوە لەگەڵ چەند کەس لەدۆستانی گەمارۆدان و لەئاکامدا پێکرا، کەوتە دەست هێزەکانی رژێم و هەفتەی رابردوو لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی لەدەستداو شەهید بوو.

شەهید شوانە دوای ئەوەی پێکرا، هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دەکەنە سەری و بەپێلاقە بەسەریدا دەدەن و بەمۆتۆر سیکلیت بەسەریدا دەڕۆن ئینجا باری ماشێنێکی دەکەن و لەدەرەوەی شار بەدوای ماشێنەکەدا بەرەو ورمێ رایدەکێشن و لەئاکامی ئەم کردەوە نامرۆڤانەیەدا شوانە گیان دەسپێرێ. ■

بۆ ل (٥)

جەنەراڵ (کەیسی) لەسەر شەهید کردنی (د. سەلاح جمور) داوای لێبوردن و گفتی لێکۆڵینەوەشی بەتاڵەبانی داوە

سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵ بەڕێز تاڵەبانی لەسەر رووداوی شەهیدکردنی (د. سەلاح عەبدولرەحمان جیهانبەخش - سەلاح جمور) نامەیەکی نارەزایی داوەتە جەنەراڵ کەیسی، جەنەراڵیش رۆژی (٢٠٠٥/٧/١٢) وەڵامی رەسمی داوەتەوەو داوای لێبوردنی کردووەو گفتی لێکۆڵینەوەشی لەسەر رووداوەکە، داوە. لەبەشێکی نامەکەدا (چاودێر) ئاگادارە هاتووە کە جەنەراڵ کەیسی دەڵێت:

لێم قبوڵ بکەن لەناخی دڵمەوە هاوبەشی پەژارەتان بۆ لەدەستچوونی بێ وادەی سەلاح جمور رۆژی (٦/٢٨) بکەم. بەراستی نارەحەت بووم بۆ لەدەستدانی گیانی ئەو کەدەیتوانی زۆر بەسوود بێت بۆ عێراقی نوێ. وەکو لەنامەکەتدا نوسیوتە، خەریکی لێکۆڵینەوەی کارەساتەکەین. لەئەنجامەکەیشی ئاگادارتان دەکەمەوە. هەروا کەیسی دەڵێت:

شەڕی رووبەڕوو لەگەڵ یاخی و دروست کردنەوەی وڵاتێک، ئەرکی گرانن. بەڵام هەر بەدی دێن. کە ژیانێکیش لەدەست دەدرێت ئەرکەکە گرانتر دەبێت. بەڵام زۆر دڵخۆشم بە برایەتی و سەرۆکایەتی جەنابت. بەهیوای بەردەوام بوون و هاوکاری نێوان هەردوو وڵات. ■

سیستانی لەکاتی سەردانی تاڵەبانی دژی فیدراڵ نەبوەو گفتی بۆ کەرکوکیش نەداوە

لەکاتی سەردانی سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵ بەڕێز جەلال تاڵەبانی بۆ لای بەڕێز سیستانی، پێشوازییەکەی گەرم بووە، بەڵام گفتەکانی بۆ چارەسەری کێشەی کوردستان سارد بووە. سیستانی، لەسەر حکومەت گوتویەتی: کاروبارەکانیان سست دەڕوات، بۆ وادەکەن. هەقە بەڕێزت بیان جوڵێنیت.

مام جەلال داوایلێکردووە پشتیوانی چەسپاندنی فیدراڵ بکات، سەری باداوەو دژی نەداوە. لەسەر کێشەی کەرکوکیش، تاڵەبانی پێی گوتووە: خۆم خەڵکی کەرکوکم و دەزانم چ غەدرێکی گەورەی تەعریبی لێکراوەو کورد چاوەڕوانە لەم کێشەیە پشتیوانی بکەیت. لەوەڵامدا تەنها گوتویەتی: تکام وایە کێشەکە بەئەقڵ و دانایی چارەسەر بکەن. لەمیانی قسەکانیدا زۆر دژی تیرۆر قسەی کردووەو گوتویەتی: ئەمانە تەکفیرین و دژی ئیسلامن. ■

شیعەگەرا.. داوای بەرز راگرتنی شیعە دەکەن و سونیگەرا قبوڵی ناکەن و مەسیحیەکانیش داوایان هەیە

لەگفتوگۆکانی دەستوردا، شیعەکان لەبەرئەوەی شیعە زۆرینەی عێراقن و مەرجەعیەتی شیعەش سەنگێکی دیارو کاریگەری هەیە، داوا دەکەن کەلەدەستوردا، دەقێک هەبێت سەنگی شیعە بەرز رابگرێت و، وەکو لایەنێکی سەربەخۆ کەهیچ یاساو رێسایەکی دەوڵەت بۆی نییە لێیان بپێچێتەوە، سەیری مەرجەعیەت بکرێت. سوننیگەراکان بەتوندی دژی ئەم داخوازییەن. مەسیحیەکانیش گوتویانە: ئەگەر داخوازی ئاوا لەدەستوردا پەسەند بکرێت، ئێمەش مافی خۆمانە رێز لەمەرجەعیەتمان بگیرێت و بەهەمان شێوە یاسای بۆ پەسەند بکرێت.

لیستی هاوپەیمانی کوردستانی و هێزە دیموکرات و عەلمانیەکان، ئەو داخوازیانەی شیعەیان رەتکردۆتەوە. ■

بۆ تاوتوێکردنی کێشەکان، لەسەر داوای سەرۆکی هەرێم، ئەمڕۆ مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی کۆدەبنەوە

لیژنەی دەستووری کوردستان، پرۆژەو پێشنیازی خۆی تەواوکرد. ئەمریکاییەکان (٧/١٥) سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز مەسعود بارزانیان کردو بیروڕای خۆیان لەسەر دەستوورو کەرکوک بۆ باسکردووە. لیژنەی دەستووری لەبەغداد، رووبەڕووی کێشەو ناکۆکی جۆراوجۆری شیعەو سوننە بۆتەوە، بەتایبەتی لەسەر کەرکوک و سنوری جوگرافی کوردستان.

ئەو هەواڵانەو دەنگوباسی دیکە، پێویستیان بەهەڵوێستی هاوبەش و بڕیاری یەکێتی و پارتی هەیە. بۆیە، بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای کردووە، مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی کۆببنەوەو تەواوی مەسەلە سیاسیەکان بخەنە بەر باس و لێکۆڵینەوە، بڕیارە ئەمڕۆ (٧/١٨) بەسەرپەرشتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، ئەو کۆبونەوەیە ساز بدرێ. واش چاوەڕوان دەکرێ بڕیاری گرنگ لەسەر کێشەکان بدرێ و سەرلەنوێ، وەفدێکی باڵای هەردوو مەکتەبی سیاسی و پەرلەمانی کوردستان کەنوێنەری هەموو لایەنەکانی تێدا بێ سەردانی پایتەختی عێراق بکەن. ■

لیستی ئیئتلاف و سیستانی هەڵبژاردنی یەک بازنەیی رەت دەکەنەوە

شەهرستانی، جێگری یەکەمی سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق و نوێنەری سیستانی و لیستی ئیئتلاف، بەرەسمی بە د. فوئاد مەعسومی راگەیاندووە کە لیستی ئیئتلاف، بۆ هەڵبژاردنی ئاینده، هەڵبژاردنی یەک بازنەیی سەرانسەری عێراقیان رەت کردۆتەوەو بڕیاریان داوە لەسەر بنەمای بازنەی پارێزگاکان، هەڵبژاردن ئەنجام بدرێ. بڕیاریشیان داوە ئەگەر ئەم بڕیارە، پێش وەخت (توافق)ی لەسەر نەکرێ، لەبەرئەوەی سیستانی بڕیاری لەسەر داوە، ئیئتلاف ناچارن لەپەرلەمانی عێراقدا بیخەنە دەنگەوە. لەم حاڵەتەشدا، دەیبەنەوە. بەڵام دەنگوباسیش هەیەکە نوێنەرەکانی موقتەدا سەدرکە (٢٦) کەسن لەلیستی ئیئتلافدا، ئەو بڕیارە پەسەند ناکەن. ■

دوا بڕیارو نەخشەی کوردستان درایە نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان

رۆژی (٧/١٥) سەعات (١١)ی نیوەڕۆ، نێردراوی وەفدی هاوبەشی پشتیوانی دەستوری یەکێتی و پارتی (مەلا بەختیارو د. کەمال کەرکوکی) لەگەڵ (د. فوئاد مەعسوم) سەردانی (ئەشرەف قازی) نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لەعێراق، کرد. بڕیار بووە کۆبونەوەکە سەعاتێک بخایەنێت، بەڵام لەبەر گرنگی باسەکەو ئەو بڕیارو بیروڕاو نەخشە ئامادەکراوەی گەلی کوردستان و کێشەی کەرکوک، کۆبونەوەکە سەعاتێک و سێ چارەکی خایاندووە، کەتیایدا، وەفدی کوردستان، دوای باسکردنی هەموو لایەنێکی داخوازییەکانی گەلی کوردستان و رونکردنەوەی یەکە یەکەی ئامانجەکان و رەتکردنەوەی هەموو ئەو فشارانەی سەبارەت بەکەرکوک و سنوری کوردستان و سامان و داخوازییەکانی دیکە، دەکرێنە سەر کورد، وەفدەکە پرۆژەی دوابیروڕای کۆمیتەی هاوبەشی سیاسی کوردستانیان دەربارەی دەستورو ئەو نەخشەیەی دوا نەخشەی کوردستانی تیادا کێشراوە، هەروا لەگەڵ نەخشەیەکی مێژوویی دیکەی سەدەی حەڤدەهەم کە دەیسەلمێنێت کەرکوک بەشێکی دانەبڕاوی کوردستانە، پێشکەشی نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان کرد (راپۆرتێک لەلاپەرە (٢)دا لەسەر کۆبونەوەکە بخوێنەرەوە). ■

چی لەکۆبونەوەی نێردراوی وەفدی کوردستان لەگەڵ نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان باسکراوە؟

راپۆرت: چاودێر

لێکدانەوەی هەواڵ - ل (٢)

من دژی ئەدەب و هونەری کوردیم!

حەمەی ئەحمەد رەسوڵ

جیهانبینی روناکبیری - ل (١٠)

دەستوری هەمیشەیی لەدیدی هونەرمەندانەوە

رەخنەو دیالۆگ - ل (٨-٩)

کورتە فیلمی (دەف) بەرهەمی نوێی بەهمەنی قوبادی

بێساران فیروز

هونەر -ل (١٢)

هەواڵ و مەترسی

■ مەریوان: کۆبونەوەی پاسداران و بەشداری کوردی عێراق

٢٠٠٥/٧/٥- کۆبونەوەیەک لەبارەگای سوپای پاسداران لەمەریوان سازدراوە. چەندین کەسی کوردستانی عێراق لەو کۆبونەوەیەدا بەشدارییان کردووە. لەوانە: (ئەنوەر عەنەبی، سدیق گەڵاڵی، ئەفراسیاب پێنجوێنی) کۆبونەوەکەش بۆ هاوکاریکردنی سوپای پاسداران و ئەوکەسانە بووە کە ئامادەن، یان پێویستە هاوکاری سەرکەوتنی سەرۆک کۆماری هەڵبژێردراوی ئێران (ئەحمەدی نەژاد) بکەن. ■

■ تەعریبچیەکان... خۆپیشاندان دژی هاوپەیمانان

سەرەتای ئەم مانگە کۆنە لیوای روکنی رژێمی بەعسی (نایف عارف) کە پێشتر قائیدی فیرقەی ٨ی فەیلەقی (١) بووە. سەرپەرشتی خۆپیشاندانێکی لەناحیەی (ریاض) کردووە کە زۆربەیان لەخێڵی (العبیدی)ین. ناوچەکەش تەعریبکراوی پارێزگای کەرکوکە، خۆپیشاندانەکەش دژی هاوپەیمانان بووە. (نایف) سەرپەرشتی گروپێکی تریش بەناوی (قوة الرهبة) دەکات کە هەمویان کۆنەبەعسین و خەریکی تێکدانی دۆخی ناوچەکەن. بەتایبەتی کەرکوک. ■

■ بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر لەپەلامارێکی تیرۆریستی رزگاری بوو

پەیامنێری هەولێر

چەند رۆژێک لەمەوبەر لەبازگەی (کانی قرژاڵە) ئوتومبێلێکی BMW رەش بە سێ کەسەوە دەستگیر دەکرێت، دوای لێکۆلینەوە دەرکەوتووە ئەمانە هەر سێکیان سەر بە تۆڕێکی تیرۆریستی (إنصار إسلام)ن و بۆ تیرۆرکردنی بەڕێوەبەری ئاسایشی هەولێر هاتوون، ئەمە دوا بەدوای ئەوهەڕەشانە دێت کە ناوبراو لەلایەن گروپە توندڕەوە ئیسلامیەکانەوە رووبەڕووی بۆتەوە لەماوەی رابردوودا. ■

ÇAWDÊR
Political, cultural, social weekly press ..kurdistan iraq
No.: (37) 18-7-2005
THE OBSERVER

خاوەنی ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس: مەلا بەختیار
ستافی کارا:
سامی هادی، جەمال حوسێن
ناهید حوسێنی
نەخشەسازی: جەلیل حسێن
ئینتەرنێت: سۆران عەبدوڵڵا
پیتچنین: سۆران بورهان؛ تەها حەمە
نوری؛ ئیبراهیم حسێن؛ لەیلا حەسەن پور

www.madaniat.org
info_chawder@yahoo.com

سلێمانی - شەقامی سالم
مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکان
تەلەفۆن: ٣١٤٠٤١٦- ٣١٢٧١٢٠

نرخی: (٢٥٠) دینارە

ئابووری شەمشەم
شەریک نور

حەو

گەورەترین نیعمەتی رێژمانی کوردی ئامرازی (حەو)ە کە ئەنجامە نامەنتیقییەکان گرێ ئەدات بە فیعلە قوڕەکانەوەو ئەڵێ حەو، خۆ من بەتەما بووم موحاسەبەی بکەن کەچی قۆنتەراتێکی تریان داوەتێ. یان ئەفەرموێ: حەو، خۆ کابرای تەختەبەست ئەمڕۆش نەهاتووە. یان بە دیار بەلوعەیەکی بێ هەناسەوە راوەستاوەو ئەڵێ: حەو، خۆ دائیرەی ئاویش بە تەنکەر ئاو ئەکرن. یان لە ژووری عەمەلیاتا ئەبێتە زمانحاڵی دکتۆرەکەو ئەڵێ حەو، خۆ ئەم نەخۆشە پێشتر لەوزەتێنی عەمەلیات کراوە. جار بە جارێکیش ئەبێ بە سەیارەیەکی دوای دوانزەی شەوو ئەڵێ: حەو، خۆ برادەرانی سەیطەرەکە هەموویان خەوتوون. بەعزە جارێکش کە لە نادی تەلارو کۆمەڵایەتیبا لووتی ئەتەقێ بە لووتی تێکۆشەرێکا بە تەعلیقەوە عەرزی ئەکا ئەڵێ حەو، ئەوە لێرەی!! خۆ من وامزانی لە کەرکوکیت. لە دوای هەموو ئەخبارێکیش لچێک لە تەلەفزیۆنەکە هەڵئەقورچێنێ و ئەڵێ حەو، خۆ پەرلەمانەکەمان هەقی هیچی نیە، هەر دەست بەرز ئەکاتەوە. ئێوارانی جومعەش کە دەباشان و سەرسیری نیشان ئەدەن ئەڵێ حەو، هەموو میللەت لە سەیەرانن، خۆ من بەتەما بووم ئیضراب بکەن. هەروەختێکیش بچێتە بازاڕو سیعری شتومەکی بۆ بخەنە عەلاگەیەکی شەفافەوە ئەڵێ حەو، خۆ دەستیان لێ نەیایە باشتر بوو. هەموو بەرە بەیانێکیش کە گەرمای تەموز سێ چوار چین عارەقی نیشتمانیت پێ ئەرێژێ، دەنگێک لە ئەندەروونەوە هاوار ئەکات و ئەڵێ: حەو، خۆ دیموکراسییەکەتان نە بەنزینی هەیە نە کارەبا. ■

هونەری ماکیاژ



ئەم وێنەیەی دەیبینن بەکۆمپیوتەر ئیدیت نەکراوە، بەڵکو نمونەی کاری ماکیاجی هونەرییە لەسەر دەستی هونەرمەندی بەناوبانگی ئەوبوارە، (حەنان حومانی) کە بەرەچەڵەک لوبنانیەو دانیشتوی دەوڵەتی کوێتە. چەندێتی ئەو کارە هونەریە دەردەخات، کە تا چەند توانیویەتی یاری بەرەنگەکان بکات لەسەر جەستەی مرۆڤ، بەجۆرێک زیاترین سەرنج بەلای خۆیدا راکێشێت. هەرچەند حەنان لەدونیای هونەریی ماکیاجی نێو نەتەوەییدا کار دەکات، سەرەڕای ئەوەش کارەکانی جۆرێک لەمۆرکی رۆژهەڵاتی پێوە دیارە، ئەویش بەگرنگی دان بە دەرخستنی چاو بەهۆی رەشتنیەوە. ■

د. فەرهاد پیربال و وەسیەت بۆ منداڵبازەکان

کاتژمێر ٦:٣٠ دەقیقەی سەر لەئێوارەی رۆژی یەک شەممە ٧/١٧، بنکەی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژ لەهۆڵی دیالۆگی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکان کۆڕێکی بۆ بەڕێز (د. فەرهاد پیربال) شاعیرو نووسەری خۆشەویستی شاری هەولێرسازکرد لەژێر ناونیشانی (خوێندنەوەی چەند دەقێکی نوێ)... کەتێیدا وەسیەتنامەیەکی ئاراستەی سەرجەم رۆشنبیرە خۆ بەزلزان و لەخۆبایبووەکان کردو خۆی بێ بەری کرد لەهەر ناو ونازناوێکی گەورەی وەک (رۆشنبیر) رۆشنبیرێک، کە توانای گۆڕانکاری و کاری پراکیتیکی نەبێت، هەروەها لەدرێژەی کۆڕەکەیدا سێ چیرۆکی خوێندەوەو سەرنجی هەمووانی بەلای خراپەکاریەکانی توندڕەوەکان و منداڵبازەکانی شاری هەولێر راکێشا، ئەمەش لەرێگەی گێڕانەوەی زەینی ئامادەبوو بۆ سەردەمی منداڵی، کە چۆن تێیدا منداڵبازەکانی ئەو شارە لاوان و گەنجانیان دەتۆقاند، هەروەها پەیوەستدانەوەی بەو گشت کارە قێزەون و گوماناویانەی کەمەبەست لێیان شێواندنی شوناسی کۆمەڵی کوردیەو لەوێوە دەویسترێت مافیای کوردی لێوە بەرهەمبێت.

جێی باسە د. فەرهاد یەکێکە لەو نوسەرو روناکبیرە دیارنەی کە بەچەندین شێوازی نوێ و مۆدێرن کاری بۆ دروستکرنی دەنگی نوێ و وەدەرخستنی توانای نوێ کردووە چ لەزانکۆو چ لەدەرەوەی زانکۆو لەنێو لاواندا... ئەمانەو کۆڕەکە نزیکەی کاتژمێرو نیوێکی خایاندو ژمارەیەکی زۆر لەئامادەبووان گوێبیستی بوون. ■

چاودێر - سەفین

ترس



خوێندنەوە:

حەمە هاشم

دونیایەک لەخەم و ئازار لەدەروونی کەسێک کۆدەبێتەوەو لەسەر فۆرمی تابلۆیەک خۆی دادەڕێژێتەوە، تاوای لێدێت بەرهەمە هونەرییەکەی دەبێتە جۆرێک لە هەڵماڵین و کەشفکردنێکی سۆفیگەریانە.. ژنێک بەڕووتی لەنێو تاریکییەکی پڕ لەترسدا بەهەردوو دەستەکانی خۆی کۆکردۆتەوەو ترس بووە بەمۆتەکەیەکی کاریگەرو سەرتاپای خستۆتە کەشێکی پڕ مەترسیدارەوە.

ئەم بەرهەمە هونەرییەکاری هونەرمەند (سەعید ئیسماعیل)ە کە سەنورێکی ناکۆتادا مەیلێکی بەناواقیع کردنی ئەو حاڵەتە رواڵەت و دەربڕین ئامێزەی داوە، ئەم خولیا بەهێزەی هونەرمەند بۆ خودزینەوە لەواقیع پانتاییەکی کاریگەری خستۆتە سەر رواڵەتی کارە هونەرییەکە.

ژنێک لەترساندا، رەفزی بوونی خۆی دەکاتەوە. ئەگەر سەرنج بدەین سەیر دەکەین بەهەردوو دەستەکانی شانی خۆی گرتووەو بەهۆی یەکتر بڕینی دەستەکانی نیشانەیەکی نەفی کردن بەسەر جەستەیدا هاتووە. جەستەیەک کە هیلاکە بەهەموو رواڵەتە ناشیرینەکانی کۆمەڵگا، ماندووە، لەروانینە نابەجێیەکانی بوون، ئەم بەرهەمە هونەرییەی (سەعید) لەتەکنیکدا پێکدێت لەتابلۆیەکی رۆنی کەلەسەر کانڤاس ئەنجام دراوە.

لەواتاشدا کۆمەڵێ رەمزو تەعبیری زۆر لەخۆی کۆدەکاتەوە هەر لە گرفتە کۆمەڵایەتیەکانەوە بگرە، تاگرفتە تاکە کەسیەکان. ژنێکی رووت، سەری سپی لەخەم، لەنێو ئاپۆرەیەکی تاریکیدا نغرۆ، وەستاو وەک ئەوەی لەبنەڕەتدا رەهایی ژیان پیادە دەکات. ■

ریکلام

www.futureiraq.org

لە دەستوردا یەکێتی و هیوا هەیە.

العراق

یەك نیشتیمانە، ئایندەیەکی گەش.

خوێندنەوەی عیراقی ئایندە

چی لەکۆبونەوەی نێردراوی وەفدی کوردستان لەگەڵ نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکان باسکراوە؟

ڕاپۆرت: چاودێر

لیژنەی هاوبەشی دەستوری کوردستان، لەدوا کۆبونەوەی خۆی لە (سەری ڕەش) بەسەرپەرشتی بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی، دوو نوێنەری خۆی بەدوا پرۆژەو پێشنیازو نەخشەی کوردستانەوە، (مەلا بەختیارو کەمال کەرکوکی) نارده بەغداد، بۆ ڕونکردنەوەی بیروڕای پەرلەمان و هەردوو لایەنی سیاسی دەسەڵاتدار. وەفدەکە، سەرەتا لەگەڵ بەرێز سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵ کۆبونەوەو بەرێزیشی گوێی لێگرتوون و ڕێنوێنی خۆی پێداوون کەوەفدەکە چۆن پەرەپێبدرێت و چاویان بەکێ بکەوێت. پاشان (٧/١٣) لەگەڵ بەشێکی لیژنەی دەستوری کوردستان (د. فوئاد مەعسوم، د. مەحمود عوسمان و هوشیار زێباری) کۆبونەوەو بیروڕایان ئاڵوگۆڕ کرد.

ئێوارەی (٧/١٤)یش هەمووان لەگەڵ بەرێز سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵ کۆبونەوەو بیروڕایان گۆڕیەوەو بەرنامەی کاروئەرکەکانیان ساغکردەوە. سەعات (١١) پێش نیوەڕۆش هاورێ لەگەڵ د. فوئاد مەعسوم، وەفدەکە چاویان بەنوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکان (ئەشرەف قازی) کەوت. بۆئەوەی خوێنەری ئازیز بزانێت لەم جۆرە کۆبونەوە داخراوانەدا چی باس دەکرێت، ئەم ڕاپۆرتە سیاسییە بڵاو دەکەینەوە.

یەکەم

پێشوازی و ئاسایش

نوێنەرو ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتوەکان، لەبەرئەوەی جەزرەبەیەکی کوشندەیان بەدەستی تیرۆرخواردووە، بۆیە ئۆفیسی تایبەتیان گواستۆتەوە ناو (ناوچەی سەوز) و هەموو ئەو ڕێگایانەی دەکشێتە لای ئۆفیسەکەیان، چیمەنتۆبەند کراوە و چوار دەوری ئەو کۆشکە خنجیلانەیەی پاشماوەی کۆشکە کۆماریەکانی سەدام کە بۆیان تەرخان کراوە، تۆکمە تۆکمە، چیمەنتۆ بەند کراوە. وەفدەکە، سەیارەیەکی U.N پێشی کەوت و بەبێ پشکنین، گەیشتنە ئەستانەی ئۆفیسەکە. لەناو (ناوچەی سەوز)دا ئەگەر سەیارە نەپشکندرێت، ڕێزێکی زۆرە. هەرکە وەفد دەرکەوت، (ئەشرەف قازی) دەرپەری بۆ پێشوازی کردنیان. پیاوێکی ئارام و دیپلۆماتیکی سەنگین دیاربوو. لەگفتوگۆکەدا، باشتر ئەم ڕاستییە دەردەکەوێت.

دووەم

دەستپێکی گفتوگۆ (د. فوئاد مەعسوم)

دوای وەخێرهێنان، د. فوئاد مەعسوم چڕە ڕاپۆرتێکی جوانی لەسەر هەوڵەکانی دەستورو کێشەکانی بەردەم پرۆسەکە، باسکرد. لەقسەکانی د. فوئاد دا، ئەم سوربوونە لەسەرماف و داخوازیەکانی گەلی کوردستان، جەختیان لەسەرکرایەوە:

- گەلی کوردستان مەحاڵە دەست لەفیدراڵی هەڵبگرێت. ئەگەر فیدراڵیش لەبەر هەر پاساوێک ڕەت بکرێتەوە، کۆنفیدراڵ داوا دەکەین.
- کەرکوک و جێبەجێکردنی مادەی (٥٨) قابیلی وەلاخستن نییە، سوورین لەسەر ئاسایی کردنەوەی دۆخی کەرکوک و خستنەوەی بۆ سەر کوردستان.
- ئەگەر داخوازییەکانمان لەدەستوردا جێبەجێ نەکرێت، سەرکردایەتی سیاسی کوردستان هەڵوێستی لێبراوی دەبێت. چونکە سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لەژێر فشاری ڕای گشتی گەلەکەماندایە.

سێهەم

لەهیچ لایەک فشار قبوڵ ناکەین (مەلا بەختیار)

دوا بەدوای (د. فوئاد)، مەلا بەختیار گوتی: خۆشحاڵین یەکەمین کۆبونەوەی ڕەسمی وەفدەکەمان لەگەڵ نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکانە. هەست دەکەین بەنزیک بوونەوەی وادەی تەواو بوونی نوسینی دەستور، فشاری جۆراوجۆرمان لەسەرە. سەرکردایەتی هاوبەشی کوردستان، لەکاتێکدا زۆری لا مەبەستە پرۆسەی نوسینی دەستور بەرێکوپێکی بچێتە پێشەوەو هاوسەنگی لەدابینکردنی مافی هەموو لایەکدا ڕەچاو دەکەین، بەڵام ئەو فشارانەی بۆ پاشەکشە کردن بەو دەستکەوتانەی هێنراونەتە دی، بەتایبەتی مادەی (٥٨) تاکتیکێکی سیاسییە کەجێی مەترسییەو هەمیشە لەمێژوودا ئەم تاکتیکە سیاسییە بۆ دواخستنی چارەسەر کردنی کێشەی کەرکوک، زیانی بۆ کورد هەبووە. وا دوا بیروڕاو پرۆژەی سەرکردایەتی سیاسی و نەخشەی کوردستانمان هێناوە. هەفتەی ئایندەش ئەم وەفدە پەرە پێ دەدرێت بۆ بەرنامەیەکی سیاسی فراوانتر لەگەڵ هەموو لایەنەکان. بەهیوایین نەتەوە یەکگرتوەکان، هەروەکو چۆن لە (١٥) ساڵی ڕابوردودا، بۆ گەلانی ناو یوگوسلاڤیاو چکسلۆڤاکیای جاران و تەیموری ڕۆژهەڵات، ڕۆڵێکی گەورەی لەچارەسەرکردنی کێشەی سیاسی و سنوری جوگرافی بینیوە، ئۆرەی نەتەوە یەکگرتوەکانە لە ڕۆژهەڵاتیش ڕۆڵی خۆی بگێڕێت. هیواداریشین چارەسەرکردنی کێشەی کوردستان و کەرکوک، نمونەیەکی سەرکەوتوو بێت بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان لە ناوچەکەدا.

چوارەم

گەلەکەمان لەسەرکردایەتی قبوڵ ناکات (کەمال کەرکوکی)

کەمال کەرکوکی، لایەنی کەرکوک و کێشەکانی و دواخستنی جێبەجێکردنی مادەی (٥٨)ی باسکردو گوتی: کەرکوک، کێشەیەکی گەورەیەو دواخستنی جێبەجێکردنی مادەی بڕیار لێدراوی (٥٨) زیانی بۆ کوردو دانیشتوانی دیکەی کەرکوک هەیە. ئێمە عەرەب و تورکمان و کلدۆئاشوریمان خۆش دەوێت. بەڵام لاشمان مەبەستە مافەکانمان لەدەستوردا بچەسپێنین. ئەمەش تەنها لەقازانجی کورد نییە، بەڵکو لەقازانجی هەموو لایەکمانە. پێمان خۆشە نەتەوە یەککگرتوەکان و هاوپەیمانان بزانن کەچارەسەرکردنی کێشەی کەرکوک قابیلی ئەوە نییە نەرم بین لەسەری. چونکە گەلەکەمان لەسەرکردایەتی سیاسیشی قبوڵ ناکات. لەدەست هەموو لایەکمان دەردەچێت. هەست دەکەین دواخستنی مادەی (٥٨) غەدرەو ئەم غەدرە هەموو جارێک چۆتە سەر نەیارانمان. دواخستنی کێشەی کەرکوک بۆ دوای دەستور، یان داواکردن لەکورد کەپشووی درێژ بکات، هەمووی فێڵەو قبوڵ ناکرێت.

کێشەکان گەیشتونەتە کوێ (ئەشرەف قازی)

د. فوئاد مەعسوم وەڵامی داوەتەوە کەوا: حکومەتی ئەیاد عەلاوی، جێ بەجێکردنی مادەی (٥٨)ی دواخست، بەبیانووی ئەوەی ئەرکی حکومەتی گواستنەوەیە. حکومەتی د. جەعفەریش هەتا ئێستا هیچ هەنگاوێکی پراکتیکی بۆ نەناوە. تەنانەت بودجەی لیژنەی جێبەجێکەری مادەی (٥٨) هەتا ئێستا، تەرخان نەکراوە. کاتەکەش مانگێکی ماوە. ئەمە دەیسەلمێنێت کەوا دواخستنی بڕیارەکان هەیە. کەرکوکیش سەبارەت بەکوردستان کێشەی سەرەکییە. قابیلی دەس لێهەڵگرتن، یان دواخستنیش نییە. تەنانەت سەرکردایەتی کوردستان ئامادەیە هەڵوێستێکی چاوەڕوان نەکراو لەسەر کەرکوک وەربگرێت. چونکە خەڵکی کوردستان قبوڵی ناکەن سازش لەسەر کەرکوک بکرێت. ئەمە جگەلەوەی بزووتنەوەی ریفراندۆمیش لەئارادایەو ئەوانیش داخوازی زۆرتریان هەیە.

پێنجەم

بەڵگەنامەکان و کوردستانیەتی کەرکوک (کەمال کەرکوکی)

لەمیانی ئەو قسانە، هەمدیس کەمال کەرکوکی قسەی لەسەر کەرکوک کردو گوتی: ئەوە نەخشە، ئەوە بەڵگە، ئەوەش پێکهاتەی کەرکوک کەلەهەڵبژاردندا کورد زۆرینەی دەنگەکانی هێناوە. تەعریبیش زوڵمێکی گەورەیەو هەقوایە پشتیوانی کورد بکرێت، ئەو زوڵمەی لەسەر نەمێنێت. بەعسیەکان جگەلە کەرکوک، ناوچە تەعریبکراوەکانی تریشیان تاڵان کردووە، ئیتر چۆن دەتوانین لەگەڵیاندا هەڵبکەین. کەی کەرکوک خرایەوە سەر کوردستان، پاشان ئەمانە وەکو هاوڵاتی بگەڕێنەوە کوردستان، ڕێگەیان لێناگیرێت. بەڵام ئێستا ناکرێت بمێننەوە.

شەشەم

نەتەوە یەکگرتوەکان چییان لە ئەڵمانەکانی پۆڵۆنیاو فەرەنسا کرد (مەلا بەختیار)

پێش کۆتایی، مەلا بەختیار قسەیەکی لەسەر دۆخە سیاسیەکەو هەوڵی سوننیگەراکردو گوتی:

سوننیگەراکان، دژی عێراقی نوێ و دیموکراتی و فیدراڵین، کورد گوناحی نییە ئەمانە قەیرانی سیاسی تازە لەعێراقدا دروست دەکەن. ئەوان تەنها گێرانەوەی بەعسیان دەوێت و بەس. هەروا.. درێژەی بەقسەکانی لەسەر تەعریب و کەرکوک داو گوتی: بەرێز!

جەنابت شارەزاتری لەمێژووی (عصبه الامم)و (نەتەوەیەککگرتوەکان) کەئایە، چییان کرد بەرامبەر بەو ملیۆنەها ئەڵمانیایەی حیزبی نازی ئەڵمانیا، لەپۆڵۆنیاو فەرەنساو چیکۆسلۆڤاکیای جاران چاندیانن. ئایە، دوای تەواو بوونی جەنگ نەتەوە یەکگرتوەکان هەموویان نەگێڕانەوە ئەڵمانیاو خەڵکە ڕەسەنەکەشیان ئەگەڕانەوە ئەو شوێنە بەئەڵمانی کراوانە؟ دە کوردیش هەمان داخوازی هەیە. هەقە نەتەوە یەککگرتوەکان لەم مافە مرۆییەدا پشتیوانیمان بکات.

لەکۆتایی قسەکاندا، بەئارامی دیپلۆماتی ئەشرەف قازی گفتی دا، ئەو قسانە تێکرا بۆ سکرتێری گشتی نەتەوە یەککگرتوەکان باس بکات و بەڵگەنامەو نەخشەکانی کوردستانیشی پێشکەش بکات. گوتیشی:

بەپێی مادەی (٥٨) کورد مافی خۆیەتی بگەڕێتەوە شاروشوێنی خۆمان. ئەوانەی بەزۆریش براونەتە ئەو شوێنانە بەئارامی و بەدابینکردنی پێویستیەکانیان ببرێنەوە شوێنی ڕاستەقینەیان. هەوڵیش بدرێت هاوسەنگی هەبێت. کێشەکان نەتەقنەوە.

بەو شێوەیە، یەکەمین کۆبونەوەی ڕەسمی نێردراوانی کۆمیتەی هاوبەشی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی، پەیامی سیاسی و نەتەوەیی خۆیان گەیاندە نوێنەری نەتەوە یەکگرتوەکان. کەبڕیار وایە لەم هەفتەیەدا بگاتە دەستی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان. پرسیار ئەوەیەکە:

ئاخۆ.. کۆفی ئەنان، کاتێک ئەم بڕیارو بیروڕایانەو ئەو نەخشەیەی کوردستان دەبیستێت و دەبینێت، ئاخۆ، تۆ بڵێی بگاتە ئەو باوەڕە ئاورێکی باشتر لەکوردستان بداتەوە؟ تۆ بڵێی... لەوەڵامدا دەڵێین:

باوەرناکەین، بەرژەوەندی زلهێزەکان و هەژمونیان لەسەر نەتەوە یەکگرتوەکان، ڕێگە بدەن کۆفی ئەنان ئاورێکی سیاسی باشتر لەکوردستان بداتەوە. جارێ ماویەتی، بەڵام ناشتوانن بڕیارێکی ناعادیلانە بسەپێننە سەر ئیدارەی یەکگرتووی گەلی کوردستان.

کورد لەنێوان کوردو لایەنەکانی دیکەدا دروست ببێت، بەتایبەت سوننیگەراو شیعەگەرا، بەڵام ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی و پەرلەمانی کوردستان سوور بن لەسەر داخوازیەکانیان، هەلومەرجەکە یارمەتی سەرکەوتن دەدات.■

باوەر ناکەین، بەرژەوەندی زلهێزەکان و هەژمونیان لەسەر نەتەوە یەکگرتوەکان، ڕێگە بدەن کۆفی ئەنان ئاورێکی سیاسی باشتر لەکوردستان بداتەوە. جارێ ماویەتی، بەڵام ناشتوانن بڕیارێکی ناعادیلانە بسەپێننە سەر ئیدارەی یەکگرتووی گەلی کوردستان

کورتیلە باس

شیعەگەرا

بۆ دەیانەوێت عێراق بکەنە ئیسلامگەرا؟

لەدانیشتنەکانی ئەم دواییەی لیژنەی دەستوریدا، نوێنەری لیستی ئیئتلاف، چەندین پێشنیازی نوێی شیعەگەرای هێناوەتە ئاراوە. لەوانە: عێراق بکرێتە کۆمارێکی فیدراڵی ئیسلامی. هەروا، ئیسلام و شیعە بکرێنە سەرچاوەی هەموو یاساو بڕیارێک. جگەلە فشار خستنە سەر ژنانیش.

ئەم داخوازیانە، ئاماژەیەکی زەقن بەوەی کەهەتا دێت شیعەگەرا، گەرمتر هەوڵ دەدەن مەزهەبی شیعە بسەپێنن. کاتی خۆیشی کەلایان مەبەست بوو بەپەلە هەڵبژاردن و دەستور پەسەند بکرێت، هەر بۆ ئەوەیان بوو ئەم ڕێبازە مەزهەبییە، لە هەلومەرجەدا کەخەڵکی شیعە جۆشیان دەخوارد، بچەسپێنن. ئێستاش کەخۆیان لەناو پەرلەمان و حکومەتدا زاڵ دەبینن، ئەوەتانێ مانگێک پێش کۆتایی هاتنی کاری لیژنەی دەستوری عێراق، پرۆژەی نوێ بۆ گۆرینی بنچینەکانی دەستور قوت دەکەنەوە. ئەگەر بێتو سوریش بن لەسەر ئەم پرۆژەیە، بێگومان لەگەڵ سوننیگەراکان، هەروا لەگەڵ لیستی هاوپەیمانی کوردستانی، بەدوو شێوەی جیاواز لێک دەترازێن. سەرەنجام لەکاتی خۆیدا دەستور پەسەند ناکرێت و شەش مانگ پرۆسەکە درێژە دەکێشێت. ئەمەش، ئەوە دەگەیەنێت کەمشتومڕەکانی هێزە سیاسیەکان، دژوارتر دەبێت. سەرەنجامیش، ئیسلامگەراکان ناکۆکیەکان قوڵتر دەکەن. دووریش نییە، لەو ماوەیەدا مەترسی شەڕی ئەهلی هەرەشەی خەتارناکتر بکاتە سەر ڕوداوەکان.■

کۆنگرەی سونیگەراو دژایەتی شیعەگەرا

سوننیگەراکان، ماوەیەکە وادیارە ئامۆژگاری سیاسی باشتر دەکرێن. بۆیە، تاکتیکی سیاسییان گۆڕیوەو نەرمتر دەدوێن. پێ دەچێت ڕۆڵی سیاسیشیان لەناو خۆیاندا دابەشکردبێت (تیرۆریست، توندڕەو، نەرمڕەو).

لەم هەفتەیەدا کۆنگرەیان بەست و بڕیاری بەشداریکردنی هەڵبژاردنیان پەسەند کرد. پێشتریش ڕازی بوون (١٥) کەسیان بچێتە ناو لیژنەی دەستوری. لەناو لیژنەی دەستوریدا، ئاشکرا بیروڕای دژە دیموکراسی و دژە عێراقی نوێ، هەروا ڕێبازی تایفەگەری خۆیان باس دەکەن. بەتوندی دژی ئەوەشن عێراق ببێتە چەند فیدراڵێک. کوردستانیەتی کەرکوکیش هەر قبوڵ ناکەن. کەوابێت، سوننیگەرا، پەیامی سیاسی خۆی نەگۆڕیوە، بەڵکو تاکتیکی گۆڕیوە، هەتا بتوانێت باشتر پەیامە سیاسیەکەی بەدی بێنێت. پرسیار ئەوەیە: ئەگەر سوننیگەرا لەهەڵبژاردندا دەربچن و سەنگێکی گەورەش دابین بکەن. ئەو کاتە دەبنە هێزی دووەم. کورد دەبێتە هێزی سێیەم، شیعەش هێزی یەکەمن. لەحاڵەتی وادا، ئاخۆ سوننیگەراکان چی دەکەن؟ بێگومان هەر هەوڵ دەدەن ئەو پەیامەی خۆیان بەدی بێنن. ئەو کاتە، پەرلەمانی عێراق و حکومەتەکەی پەیتا پەیتا خەریکی شەڕی لاوەکی و مشتومڕی نەزۆکی تایفی و مەزهەبی دەبن. هێزە عەلمانیەکانیش، لەناویاندا، دووچاری کێشەی گەورەتر دەکرێن!■

ئەگەر ئاسایش ئەمەیە .. هەرچاکە ماوین

ماوەیەک لەمەو بەر باندێکی تیرۆر لە شاری هەولێر دەسگیرکران، ئەم باندە وەکو لە دانپیانەکانی خۆیاندا ئاماژەیان پێکرد زۆر دەمێکە خەریکی ئەو کارەن، ئەم باندە نزیکەی لە ساڵی ١٩٩٤وە خەریکی ئەم جۆرە کارانەن و، سەرکردەکەشیان سێ جار چووەتە حەج، بەهۆی ئەو تاوانانەی ئەنجامیان داوە چەندین لایەن و خەڵکی بێتاوان کەوتوونەتە بەر شاڵاوی گومانی گرتن و خراونەتە کونجی زیندان و ئازاردراون، دیارە دوای ئاشکرابوونی ئەم باندە لەشاری هەولێر، ئێستا لەهەموو کوچەو کۆڵان و بازاڕێکدا باس هەر باسی شیخ زانایە، دواجار هەر ئەو خەڵکە لە خۆیان دەپرسن باشە ئەگەر کەسانێک هەبن بەو شێوەیە ڕەفتار بکەن، ئەدی ئێمە ئەو هەموو ئاسایش و ئەوەندە هەزار پۆلیسەمان بۆچییە؟ ئەدی کاری ئەو دەزگا تایبەتیانە چییە؟ چونکە وەک زانراوە ئەو باندە لە ئەنجامی گرتنی میردمنداڵێکی دەوڵەمەندی شارەوە ئاشکرابوو، کاتێ منداڵەکە دەگیرێ بە تەلەفۆن ئاگەداری ماڵەوەیان دەکەنەوە ئەگەر ئەوەندە دەفتەر دۆلارە نەدەن، ئەوا کورەکەیان دەکوژن، دوای بێنەو بەردەیەکی زۆر منداڵەکە لەدەست ئەو باندە ڕادەکات، کە تاکو ئێستا کەس نازانێ ئەو منداڵە چۆن ڕایکردووەو، چۆن گەیشتووەتەوە ماڵەوە، ئینجا دوای ئاگەدارکردنەوەی ئاسایش ئینجا شوێن و جێگەی ئەو باندە ئاشکرا بووە، کە چەندین کەس لەم کارە گلاون، تاخودی ئاسایشیش، لێرەدا پرسیار ئەوەیە، ئەگەر کاری ئاسایش بەم شێوەیە بڕوات و حاڵی ئاوایە، چاکە ئێمەی هاووڵاتی داماو ماوین و، نەکەوتووینەتە بەر کەڵبەی ئەو تیرۆریستانەو بێ سەروشوێن نەکراوین.■

ئێران؛ وەزارەتی بەرگری عێراقی فریو داوە!

سەربەست کەریم

هەفتەی ڕابردوو، وەزیری بەرگری عێراق سەردانی ئێرانی کردوو دوای چەندین کۆبونەوە، سەرەنجام لەگەڵ وەزارەتی بەرگری ئێراندا، ڕێکەوتنامەیەکی عەسکەری دوو قۆڵیان مۆر کردووە. ڕێکەوتنامەکە لەحەوت بەش پێکهاتووە. ئەگەر هەر سیاسیەک، یان لێکۆڵەرێکی عەسکەری، لەمەتنی ڕێکەوتنامەکە ورد بێتەوە، بۆی دەردەکەوێت کەوەزارەتی بەرگری ئێران، وەزارەتی بەرگری عێراقی فریوداوەو ڕێکەوتنەکە، سەراپای لەبەرژەوەندی ئێراندایە. تەنانەت ئەو خاڵانەی بۆ بەرژەوەندی عێراقیش لەڕێکەوتنامەکەدایە، بەشێوەیەک لەشێوەکان، هەر دەڕژێتەوە قازانجی ئێران. نمونە:

خاڵی یەکەمی ڕێکەوتنەکە: باسی ئەوە کراوە کەلیژنەی عەسکەری و ئاسایشی هاوبەش دژی تیرۆر دروست بکرێت، باسی بێ سەروشوێنەکانی جەنگ و پاک کردنەوەی مین و پاشماوەی جەنگی هەشت ساڵە، هەروا، توێژینەوە لەو تۆمەتانەی دەستێوەردانی هەردوولا بکرێت.. تاد.

جارێ، ئەوە ئێرانە بەئاوەڵا کردنەوەی سنور تاوانبارە بەرامبەر عێراق و لەئێرانیشەوە تیرۆریستێکی زۆر ئاودیوبونەتەوە ناو عێراق. ئەوە عێراقیشە پەیتا پەیتا تیرۆریستی لەسنوری ئێراندا گرتووەو بەڵگەنامەی داوەتە ئێران. ئەمە جگەلەوەی لەکوردستانیشدا، لە (١٠) ساڵی ڕابردوودا و پێش ڕوخاندنی سەدامیش، تیرۆریستەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی، پاشان هی لایەنەکانی دیکە، بەتایبەتی هی (جوندلئیسلام)و (پشتیوانانی ئیسلام) هەتا ئێستاش لەناو ئێران و سنورەکەی سوود وەردەگرن. ئیتر بۆچی لەمبارەوە عێراق بخرێتە هاوتای ئێران.

دووەم خاڵ: باسی موجاهدین کراوە، کەعێراق پابەند بێت بەوەی ڕێگەیان نەدات سەرزەمینەکەی بۆ دژایەتی کردنی ئێران بەکاربێنن. ئەندامەکانیشی هەروەکو پەنانەی سیاسی لەعێراقدا بمێننەوە.

جارێ (موجاهدینی خەڵکی ئێران) لەلایەن ئەمریکاوە چەک کراوون و لەئۆردوگای تەلبەندکراوی (عوزێم) دەورەیان گیراوە. چەک پێدانەوەو نەدانەوەیان کەوتۆتە دەست ئەمریکا. ئەوانیش وەکو هێزێک پێدەچێت لەناو هاوکێشە سیاسیەکان و کێشمەکێشەکانی ئەمریکاو ئێران لەناوچەکەدا، حسابیان بۆ کرابێت. ئەمە وایە، گەرچی هەموو لایەکمان دەزانین (موجاهدین) هێزێکی ئیسلامی شیعەگەرای تەوحیدین و باوەڕیان بەچارەسەری دیموکراسی نییە. چارەسەری کێشەی کوردیشیان پێ گرنگ نییە.

سێهەم خاڵ: باسی ڕێکەوتنامەکە دەکات کەوا لەنێوان عێراق و ئێراندایەو لایەنی سێهەم بۆی نییە دەست بخاتە ناویەوە.

ئەم خاڵە، زەق زەق دژی ئەمریکایە. سەیرەکە لەوەدایە ئەمریکا لەناو عێراقدا ئاسایش دەپارێزێت و ڕاوەدووی ئەو تیرۆریستانە دەنێت کەبەشێکیان لەئێرانەوە دەپەڕنەوە ناو عێراق. ئەمە جگەلەوەی ئەمریکا بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێونەتەوەیی، دەتوانێت لەباری عەسکەری و ئاسایشەوە، بەڵکو بڕیارو کرداری عەسکەریش لەناو عێراق و سنوری عێراقیشدا بدا. ئیتر چۆن چۆنی لایەنی سێهەم مافی دەست خستنە ناو ڕێکەوتنەکەی نییە. ڕێکەوتنەکەش عەسکەرییە؟!

چوارەم خاڵ: جەخت لەسەر ئەوە دەکات کەئێران هێزی موشەکی پێشخراوی دژی عێراق بەکار نەهێنێت، خاڵێکی سەیرە!

ئەگەر جەنگ، لەناوچەکەو لەنێوان ئێران و عێراقدا بەرپا بێت، ئایە ئێران پابەندی ئەم خاڵە دەبێت؟ بێگومان نەخێر، خۆ ڕێکەوتنامەی جەزائیریش لەنێوان هەردوولادا هەبوو، کەجەنگ بەرپا بوو هەرچی چەکێک لەجیهانیشدا هەبوو، هەردوولا کڕییان و بەکاریشیان هێنان.

لەڕاستیدا، ئەم خاڵە، بەرتیلێکی عەسکەرییە دراوەتە وەزیری بەرگری عێراق بۆ تێپەڕاندنی خاڵەکانی دیکە لەسەر وەزارەتی بەرگری.■

ئەگەر جەنگ، لەناوچەکەو لەنێوان ئێران و عێراقدا بەرپا بێت، ئایە ئێران پابەندی ئەم خاڵە دەبێت؟ بێگومان نەخێر، خۆ ڕێکەوتنامەی جەزائیریش لەنێوان هەردوولادا هەبوو، کەجەنگ بەرپا بوو هەرچی چەکێک لەجیهانیشدا هەبوو، هەردوولا کڕییان و بەکاریشیان هێنان

جارێ، ئەوە ئێرانە بەئاوەڵا کردنەوەی سنور تاوانبارە بەرامبەر عێراق و لەئێرانیشەوە تیرۆریستێکی زۆر ئاودیوبونەتەوە ناو عێراق. ئەوە عێراقیشە پەیتا پەیتا تیرۆریستی لەسنوری ئێراندا گرتووەو بەڵگەنامەی داوەتە ئێران

قەسابێک لەکورد، شێخ زانا، باندێکی (مافیا - تیرۆر)

عەلی مستەفا کەریم

مێژووی کۆنی مرۆڤایەتی دیاردەی قەسابی لەشێوازی کوشتندا بەکارهێناوە، قەسابیش بەمانای سەربڕینی مرۆڤەکان و دواتر پارچە پارچەکردنیان، ئەمە زۆرێک لەهۆزە سەرەتایی و نەتەوەکان ئەنجامیان داوە، تەنانەت لەجەنگی پیرۆزی ئاینەکانیشدا شێوازی قەسابی لەکوشتندا بەکارهاتووە بۆ ترساندنی بەرامبەرەکان و نەیارەکان، هەروەها لەئیمپراتوریەتەکانی ڕۆمانی، فارسی و ئیسلامیشدا ئەم شێوازە لەکوشتن دەبینرێت، بەڵام لەگەڵ داهێنانی باروت و چەکی نوێدا کوشتنی قوربانیەکان فۆرمێکی نوێی وەرگرت کەجۆرێک لەهێشتنەوەی حورمەتی تێدایە بۆ قوربانی، ئەویش کوشتنێکی خێراو ئەگەر ڕاست بێت بڵێین مرۆیانەیە کە قوربانی تیایدا وەکو ئاژەڵێک سەیر ناکرێت کەلەملەوە سەربڕدرێت و قەساب و بینەرەکان پەلەقاژەی ببینن و دوای دەرچوونی گیانەکەشی ئەندامەکانی پارچە پارچە بکەن، شێوازی کوشتن لەسەدەی هەژدەوە لەگەڵ داهێنانی چەکی نوێدا مرۆڤی جیاکردەوە لەئاژەڵ و لەگەڵ ئەوەشدا بەرە بەرە یاسا دانرا بۆ کوشتن و بۆ جەنگەکان، لەو یاسایانەی کەلاشەی قوربانیەکان حورمەتی خۆیان هەیەو نابێت بشێوێندرێن، دیل و مەدەنی و منداڵ و پیرو پەککەوتەکان ناکوژرێن و هتد..

بەمانایەکی تر شارستانێتی نوێ وەکو چۆن سیستەم و شێوازێکی نوێی بۆ ژیان و ژیانداری دارشت و داهێنا، بەهەمان شێوە شێوازێکی شایستەی بۆ جەنگ و مردن و کوشتن لەچوارچێوەی چەند یاساو پەیماننامەیەکدا کردە عورفێکی مرۆڤانە.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لەجیهاندا پێشێلکاری عورف و یاساو پەیماننامەکان دەکرێت، وەکو کوشتنی بەکۆمەڵ و کوشتنی مەدەنی و پیرو منداڵ لەلایەن دەوڵەتان یان گروپی چەکدارەوە، هەروەها لەلایەن مافیاکانەوە چەندەها جۆر پێشێلکاری دەکرێت لەکوشتندا، بەڵام ئەوەی دیاردەی نوێیە شێوازی کوشتنە لەعێراقدا کەگروپە ئیسلامیەکان پێی هەڵدەستن، ئەویش سەربرینی قوربانیەکانە لەپێش کامێراو پەخش کردنیەتی بەڤیدیۆو لە ئەنتەرنێتدا، هەروەها خۆ تەقاندنەوەی کەسی بکوژە بۆ کوشتنی قوربانیەکان، ئەگەر دیاردەی خۆکوژی بۆکوشتنی نەیارەکان دیاردەیەکی گروپە ئیسلامییە فەلەستینیەکان بێت و خواسترا بێت و گوازرابێتەوە بۆ عێراق، هەروەها پێشتریش فرۆکەوانە ژاپۆنیەکان دژی سوپای ئەمریکا ئەنجامیان دابێت، ئەوا دیاردەی سەربرینی قوربانیەکان دیاردەیەکی گروپە ئیسلامیەکانە لەسەردەمی نوێدا (بەتایبەتی گروپی ئەلقاعیدەو ئەنسار) کەلەعێراقدا ئەنجامی دەدەن، تەبەنی کردنی دیاردەیەکی لەو جۆرە لەکوشتن لەلایەن گروپگەلێکەوە وەکو تاوانێکی تاکە کەسێک نییە کەلەکاتی هەڵچوون یان نەخۆشی دەروونیدا ئەنجامی دەدات، چونکە تەبەنی کردنی کوشتنێکی لەو جۆرە لەناو گروپ و ڕێکخراوەکاندا لەئاستی پلاندا ستراتیژو تەکتیک و بڕیاری بەکۆمەڵی پێویستەو لەئاستی پراکتیکیشدا ئامادەسازی و قەناعەت پێکردنی دەوێت کەپێشینەی لەو جۆرەی نەبێت.

سەربرینی مرۆڤەکان لەعورف و ویژدانی کۆمەڵایەتی و تێگەیشتنی شارستانی گەلانی ئەمرۆدا کوشتنێکی وەحشیانەیە (بەربەریانەیە)، کۆمەڵی مرۆڤایەتی کەسی سەربڕو قەساب، وەکو کەسێکی تاوانبار سەیر ناکات ئەوەندەی وەکو درندەیەک سەیری دەکات، واتە وەکو ئاژەڵێکی گۆشتخۆر، وەکو ئەوە سەیری دەکات کەلەمرۆڤایەتی چوبێتە دەرەوەو شۆرابێتەوە.. ئەگەر ئەم دیاردەیەش گروپگەلێک ئەنجامی بدەن و پلان و ستراتیژو تەکتیکیان بۆ ئامادەکردبێت و کەسی تایبەتیان بۆ ئامادەو ساز کردبێت، ئەوا بێگومان کۆمەڵی مرۆیی هەمووویژدان و مرۆییبونێکیان لێ دادرنێت و دەیانخاتە دەرەوەی هەموو یاساو عورفێکی مرۆییەوە.

لەلایەکی ترەوە سەربرین و کوشتن بەچەقۆو تیغو خەنجەر نەک قبوڵنەکردنی شارستانیەت و ژیانی نوێیە، بەڵکو قبوڵنەکردنی کوشتنە بەشێوازی نوێ کەکوشتنە بەتەقەمەنی، ئەم بکوژە نوێیانە کەپەیدا بوون دەیانەوێت کوشتنەکانیشیان مرۆیانەو شارستانیانە نەبێت و لەکونج و کەلەبەرەکانی مێژووەوە ناشرینترین و درندەترین جۆری کوشتنیان خواستوە کەسەربرینە، گەر سەربرین لەکۆمەڵی کۆندا عورفێکی کوشتن بووبێت ئەوا بۆ ئەمرۆ درندەترین و نەخۆشترین شێوازی کوشتنە.

ئەوەی لەم دیاردەیەدا تازەیە، دەرکەوتنی باندێکی نوێیە لەناو کورد، کەدەکرێت بوترێت شێوازی کارکردنیان زۆر لەمافیا دەکات و زۆرێک لەتەکنیک و پێکهاتەی گروپەکەیان سوود بینینە لەمافیای جیهانی، وەکو ڕفاندنی قوربانیەکان و بەکارهێنانی دیاردەی سێکسی و تاوان بۆ بەستنەوەی ئەندامەکان پێکەوە بەکارهێنانی مادەی سڕکەرو بێهۆشکەر.. بەڵام لەوەدا لەمافیا جیادەبنەوە کەئامانجی ئایدۆلۆژی و تیرۆریستیانەیان هەیەو تیروانینی ئاینییان کردۆتە پاڵنەری یەکەم و دوا ئامانج، هەروەها بەکارهێنانی سەر برین وەکو شێوازێکی کوشتن، دەرکەوتنی ئەم مافیا نوێیە کورد پێی ئاشنا نییەو، خەڵکی و دەزگای ئاسایش و ناوەندە سیاسی و حزبیەکانی خستۆتە بەردەم شۆک و، ڕاچەنینێکی وەهاوە کەلەبەردەمیدا ئەبڵەق بوون.

ئەگەر پێشتر حزبە کوردیەکان ئاشنا بووبن بەو باندانەی کەدروست کران بۆ ئیغتیال کردن و لەناوبردنی نەیارەکانی خۆیان، هەروەها ئاشنا بووبن بەباندی سێکسی و دزیکردن، لەم دواییەشدا کۆمەڵی کوردی و حزبەکان ئاشنابووبن بەجۆری کارکردنی گروپە تیرۆریەکانی وەکو (ئەنسار) و (جوند) کەجۆرەها تەکنیکی نوێیان لەهێرشکردن و خۆکوژیدا بەکارهێناوە و دیاردەی سەربرینیان لەکوشتارەکەی (خێڵی حەمە) تۆمارکرد، ئەوا تەکنیک و کەرەستەو کارکردنی ئەو باندە نوێیەی کەناسراوە بەباندی (شێخ زانا) کۆمەڵی کوردی و حزبە کوردیەکان و تەنانەت گروپە ئیسلامی و توندڕەوەکانیشی توشی سەرسوڕمان کردووە، چونکە ئەو باندە مافیایە کەلەجۆری نوێ و تێکەڵکردنێکی سەیرە لەنێوان کاروپێکهاتەی مافیاو گروپی تیرۆریستی ئاینیدا، ئەم باندە بەهۆی ڕفاندنی بێتاوانانەوە سەرچاوەی دارایی بۆ خۆی زامن دەکات و هەموو تەکنیک و تەکتیکەکانی مافیاش بەکاردەهێنێت بۆ ڕاهێنانی ئەندامەکانی و ترساندنیان و پێکەوە بەستنیان، کەئەمانەش هەموو کاروشێوازی باندی مافیایین، بەڵام دوا ئامانجی ئەم باندە دەست خستنی پارەو دارایی نییە، بەڵکو دوا ئامانجی کوشتن و تیرۆرکردنی هەموو نەیاران و خەڵکانێکە کە ئایدۆلۆژیای ئاینی ئەوان قبوڵ ناکات، ئەم ئامانجە تیرۆریستیانەش دەیکاتە باندێکی تیرۆریستی، بەڵام تێکەڵکردنی دوو جۆر باندی زۆر جیاوازی لەم جۆرە پێکهاتەیەکی نوێیەو هەموو پێوانەکانمان ڕادەگرێت و دەبێت پێوانەی نوێ دابرێژرێت بۆ ناسینی باندی لەم جۆرە، لەلایەکی تریشەوە ئەم باندە نوێیە ترسناکی و بیرتیژی تیرۆریستان دەردەخات کەچەندە سورن لەسەر کوشتن، تەنانەت لەکوشتنیشدا ئاسایی نین و سەربرین دەکەنە فۆرمێکی باوی کوشتنەکەیان.

ئاشکراکردنی ئەم باندە (مافیا - تیرۆر)یەش ناگەڕێتەوە بۆ توانا و ئازایی دەزگای ئاسایشی و هەواڵگرییە کوردیەکان، چونکە دەزگا کوردیەکان لەبەرئەوەی حزبین و دوژمنەکان بەروکار دەناسێت و ناتوانێت دوژمن لەناو خۆیدا ببینێتەوەو هەردەم دەیخاتە دەرەوەی خۆی، دیارە مافیاش ڕووکاری خۆی دەگۆڕێت و لەناو خودی دەزگاکاندا کار دەکات، بەڵکو ئاشکرابونەکە یەکەم بۆ تەواو تۆکمە نەبوونی ئەو باندە (مافیا - تیرۆر)ە دەگەڕێتەوە، دووەم بۆ ئازایی و توانای منداڵێک و ڕێکەوت دەگەڕێتەوە، بەڵام داخوا چەند باندی تر هەبن لەناو حزب و دەزگاو مزگەوت و زانکۆکاندا کەتۆکمە بوون و ئامادەبن بەتیرۆر دنیامان بشڵەقێنن، گومانیش نییە چەندەها جۆر باندی سێکسی و دزین و قاچاخچێتی هەن کەڕێخۆشکەرو یارمەتیدەری باندە (مافیا - تیرۆر)یەکانن، مەگەر دۆعا بکەین ئەمجارەیش منداڵێک فریاد ڕەسمان بێت و (ڕێکەوت)ێکیش بەخت و یاوەرمان بێت تاکو باندێکی نوێمان بۆ ئاشکرا بکات.■

کۆمەڵی مرۆڤایەتی کەسی سەربڕو قەساب، وەکو کەسێکی تاوانبار سەیر ناکات ئەوەندەی وەکو درندەیەک سەیری دەکات، واتە وەکو ئاژەڵێکی گۆشتخۆر، وەکو ئەوە سەیری دەکات کەلەمرۆڤایەتی چوبێتە دەرەوەو شۆرابێتەوە

گۆرانی (کۆمەڵی ئیسلامی) لەدیدی ئەمیرەکەیەوە (وەهمی و اقیع بینی)

خونچە یونس

بەشی یەکەم

دووان لەسەر ئەو بونەوەرەی کەپێی دەوترێت (ئیسلامی سیاسی) بەدیاریکراویش لەکوردستاندا، هەروەها هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە ئایدۆلۆژیاو مەینی ئایدۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی دەشێت ئێمە سود وەربگرین لەو ئەقڵ و زەینانەی کەلەسەر ئاستی (تاک) کاریگەری ڕوون و ئاشکرایان هەبووە لەپەروەردەکردنی نەوە لاوەکانی کورد بەدیاریکراوی لەهەرێمی کوردستاندا. بەتێڕوانینی نوسەری ئەم بابەتە: بۆ تێگەیشتن لەبنەمای قوڵی ئایدۆلۆژیەتی ئاینی حزب و ڕێکخراوی ئیسلامی لەکوردستاندا تەواو پێویستە لەکەسایەتیەکانی نێو ئەم حزبانەو چۆنیەتی پەروەردەکردنی خۆیان و پەروەردەکردنی کەسانی تر، کەئەم کەسانە پەروەردەیان کردوون بدوێین کەدواتر دەبنە هەوێنی حیزب و ڕێکخراوو گروپە ئیسلامیەکان لەکوردستاندا.

لەسەرەتای هەشتاکاندا بەدیاریکراوی لەساڵی ١٩٨٣ کتێبێک بەناوی (پوختەیەک دەربارەی ئیسلام) دەردەچێت و ناوی لاوێکی بەسەرەوەیە بەناو (عەلی باپیر وەتمان)و تازە لەتەمەنی بیست و دوو ساڵیدایە. ئەم کتێبە بۆ نەوەی هەشتاکانی گروپە ئیسلامیەکان کاریگەری باشی هەبووەو لاوە ئیسلامیەکان لە کێبرکێ و موناقەشە ئایدۆلۆژیەکاندا زۆر پشتیان بەم کتێبەو کتێبێکی تری هەمان نوسەر بەناوی (ئیسلام و ڕێچکەکانی) دەبەست.

لەساڵی ١٩٨٧ خاوەنی ئەم دوو کتێبە لەحکومەت هەڵدێت و بەشێوەیەکی ڕەسمی دەست دەکات بەکاری ڕێکخراوەیی و حزبی و هەر لەساڵی ١٩٨٨ دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی ئیسلامی ئەوکات و ئیتر لەپاڵ نوسین و وتارو بڵاوکراوەکانی وەک سەرکردەیەکی مەیدانی دەرکەوت.

عەلی باپیر لەتەواوی نوسینەکانیدا وەک مرۆڤێکی سەلەفی دەنوسێت و بیر دەکاتەوەو دەشیەوێت بەهەمان دید ئەوانیتر گۆش و پەروەردە بکات بەتایبەت توێژی لاوان. هەروەها لەبواری مەیدانیشدا وەک کەسێکی (حەرەکی - جیهادی) کەبەتەواوی بڕوایەکی سەلەفیانەی بە (ئیقامەی حوکمی خوا) نەک بەتەنها لەکوردستاندا بەڵکو لەسەر زەویدا هەیەو لەزۆر بابەت و وتارەکانیدا جەختی لەسەر خەونی یۆتۆپیایانەی (خەلافەتی ئیسلامی)و گێڕانەوەی خەلافەت کردۆتەوە، هەروەها بەشێوەیەکی ڕەها بڕوای بە دوالیزمەکانی (کوفرو ئیمان، حەق و باتڵ، دوژمنی خواو دۆستی خوا) هەیەو وەک خۆی دەڵێت: وەک ڕۆژی ڕوون دیارن و جیاوازی لەنێو ئەم چەمکانەدا جیاوازییەکی یەکلاکەرەوەو حاشا هەڵنەگرە. هەروەها پێیوایە شەهادەت لە پێناو خودا لوتکەی ئامانج و مەزنترین ڕێگەی ساڵح بوون و بەرەو خواچوونە.

خاوەنی کتێبی (موسوڵمانی کامڵ) لەنوسینەکانیدا ئەوەندەی خەریکی وەرگێڕان و تەرجەمە کردن و سکرین کردنی دیدو بۆچوونی هەندێک عولەمای وەک (ئیبن قەیم جۆزی و ئیبن تەیمیە)یە بەچارەکی ئەوە زەینی خۆی بۆ دیدو بۆچوونی تایبەت بەخۆی بەکارناهێنێت و لەم ڕووەوە خاوەنی زەینێکی ئازادی بوێرانەی ڕەخنەگرانە نییەو نەبووە بەرامبەر مێژووی ئیسلام و کێشەکانی دنیای ئیسلامی، نەک هەر ئەوە بگرە پەڵەیەک لەمێژووی سوننیگەرای ئیسلامی بۆ ساتێکیش لەنوسینێکیدا دەرناکەوێت، ئەمەش سیفەتێکە لەسیفەتەکانی (عەقڵی سەلەفی)، هەروا سیفەتێکی تری ئەم عەقڵە کەمی و نەبوونی جورئەتە لەتەرحی نوێ و تێپەڕاندنی سەردەمی زێڕینی ئیسلامە کەلای ئەوان تێپەڕاندنی ئەو سەردەمە هەرگیز قابیلی قبوڵ نییە.

نوسینەکانی عەلی باپیر لای ئیسلامیە لاوە حەرەکیەکان بۆیە جێگەیگرنگی پێدانە چونکە لەلایەکەوە بەزمانێکی سادەو ساکارو دوور لەتەمومژ دەنوسێت و بۆ ئەو لاوانە لەخواردنێکی ئامادەکراوی ڕەحەتولقومیانە دەچێت، لەلایەکی تریشەوە گرنگی نوسینەکانی لەوەدایە کەهەمیشە توشی جۆرێک لەدڵ ئارامی و دڵنەوایی دەبەخشێت بەحەقانیەت و ڕێگەی ڕاستی خودا کەئەو لاوانەی لەسەرە. ئەو دڵ ئارامییە لەڕاستیدا کەدەدرێ بەلاوی کوردستان لەکاتێکدایە کەئەم لاوە یەکێک لەکێشەکانی بوونی نیگەرانی و ڕاراییەو بەهۆی خەونی بەهەشتیانەی ئەقڵی سەلەفیەوە سوودی لێوەردەگرن بۆ پڕکرنەوەو مەستکردنی بەچێژە لەبن نەهاتوەکانی بەهەشت و زۆرجار بەرادەیەک ئەم لاوانە بڕوا بەم خەونانە دەکەن کەمردن و شەهید بوون بەئاوات دەخوازن بۆ زوو گەیشتن پێیان. بۆیە لەکوێ نیگەرانی هەبوو، ئەوا ئەو شوێنە باشترین و لەبارترین ژینگەی لەبارە بۆ زەینی سەلەفی کەبتوانێت گەشەی تێدا بکات.

زەینی سەلەفی یەکێکی تر لەگرفتەکانی بریتیەلە لەقاڵبدان و هێڵی سورکێشان و دانانی سنور بۆ بیرکردنەوە، لێرەوە ئەم دیدە لەخۆیدا بەربەستە لەبەردەم گەلاڵە بوون و گەشەکردنی عەقڵێکی بیرکەرەوەی ئازادی ڕەخنەگرانەو ئەم حاڵەش بەسروشتی خۆی بکوژی گەران و لێکۆڵینەوەی بێلایەنانەیە، بۆیە مرۆڤی سەلەفی هەمیشە خاوەنی ئەنجامی پێشوەخت و بڕیاری پێشوەختە لەپێش ئەوەی دەست بکات بەنوسین، بۆیە گەشەکردن و گۆڕانی فیکری بەشێوەیەکی بنجی ئەو خەتەرەیە کەمرۆڤی سەلەفی هەمیشە دەپارێتەوە کەتوشی نەبێت، بەرێز عەلی باپیر لەم ڕووەوە هەر لە کتێبی (پەختەیەک دەربارەی ئیسلام) هەتا دوایین چاوپێکەوتن کەلەگەڵی کراوەو بەشی یەکەمی لەژمارە (١٨٠)ی ڕۆژنامەی کۆمەڵدا دابەزیوە، نەیتوانیوە بەئەستەمیش لەچوارچێوەو هێڵە سورەکانی ئەو زەینەی کەلەسەریەتی دەربچێت و لێرەوە (بەجێهێشتنی قۆناغ) لەلای ئەو بوونی نییەو ئەو مەبەستەی لەیەکەم کتێبدا خەون بووە لەلای ئەو، لەدوایین چاوپێکەوتندا هەر خەونە لای ئەم پیاوە سەلەفییە.

ئیتر عەلی باپیر بەهۆی ئەو میتۆدە سەلەفیەی کەلێی دەرناچێت بوەتە پیاوێکی دۆگمای نەگۆڕ کەناتوانێت بگۆڕێت هەتا ئەو میتۆدە سەلەفییە تێنەپەڕێنێت، ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لەلای ئیسلامیە حەرەکیەکانی کوردستان (لانی کەم ئەوانەی هەواداری کۆمەڵەکەین) جێگەی بڕوابوون و تەقدیرە لەبەرچەند هۆیەک کەدوو هۆی گرنگیان ڕوون دەکەینەوە:

یەکەم: عەلی باپیر لەنێو بزووتنەوەی ئیسلامی و هەروا بزووتنەوەی یەکبووندا گرنگیدان بەخۆ دەوڵەمەند کردن و پارە کۆکردنەوەی پێوە دیار نەبوەو ئەو نەبونیەی کەپێشمەرگەکانیان ئەگەر پێوەیان دیار بووبێت، ئەویش بەهەمان شێوە لەماڵی سادەو ساکارو ماڵ و منداڵی مام ناوەند لەڕووی ئابوریەوە خۆی دەرخستووەو خۆی وەک زاهیدێکی دنیا نەویست (لەڕووی ئابوریەوە) بۆ ئەندامەکانی دەربڕیوەو زیرەکانە توانی سودی لێوەربگرێت بۆ بەهێز کردنی نفوزی خۆی.

دووەم: ئەمیری کۆمەڵ لەشەرەکانی ناوخۆدا تەسریحی ڕاستەوخۆی جەنگی کەم بوو، کەچی لەهەموشیاندا بەشداریکرد، بۆیە بەکەسێک ناسراوە کەخاوەنی قەول و فعلە بەیەکەوە، گرفتێک کە مەلا کرێکاری پێ تۆمەتبار دەکرا لەلای ئیسلامیە حەرەکیەکان ئەوەبوو کەخاوەنی زۆرترین هەرەشەو گورەشە بوو لە هێزە عەلمانیەکان و چاوگەی سەرهەڵدانی شەڕەکانی نێوانیان بوو، کەچی لەهەر شەڕێکدا ئەو لە ئەوروپا دادەنیشت و بگرە لەیەک شەڕی ناوخۆدا بەشداری ڕووبەڕووی نەبوو. بەپێچەوانەوە عەلی باپیر بەردەوام لەشکست و هەستانەوەکانی حەرەکەکەیاندا ئامادەبوو.

گرفتەکانی نێو بزووتنەوەی ئیسلامی و کێشە ناوخۆییەکانی لەسەر دەسەڵات و کورسی و چۆنیەتی سەرف کردنی پارەو پول و هەروەها خەت خەتێن و بڕوا بەیەکتر نەکردن کەم نەبوون، لەگەڵ یەکگرتنەوەی بزووتنەوەی نەهزە (کەلەسەرەتای دروست بوونیاندا بەخەتی دووەمی ئیخوان ناودەبران) لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامی و دروست بوونی بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی ئەم کێشانە نەک هەر کەمیان نەکرد، بگرە زیاتر بوون، تا ئەو ڕادەیەی لە کۆنگرەی یەکبوون زۆریان بەئەنجامەکانی کۆنگرە ڕازی نەبون و یەکبون پەرتبون، هەندێ تێکەڵبونی بزوتنەوەی ڕاپەڕینیان لەگەڵ بزوتنەوەی ئیسلامی بەبۆمبێک دەچوان کەلەگەڵ چونە ناو بزوتنەوەی ئیسلامی تەقینەوەو یەکبونی ئیسلامیان لانی کەم کرد بەچوار پارچەوە کە باڵی ئال عەزیزو باڵی مەلا کرێکارو باڵی شێخ محەمەد بەرزنجی دواین باڵ و بەهێزترین باڵیان باڵی عەلی باپیر بوو، کەدوای کێشەو گرفتێکی زۆر لە (٢٠٠١/٥/٢١) کۆمەڵی ئیسلامی ڕاگەیاند کەپاشان باڵی سێهەمیشی هاتە پاڵ.

کۆمەڵی ئیسلامی لەگەڵ دروستبونی خۆی (مەکتەبی عەسکەری) وەک شاباڵی خۆی گرنگی پێداو زیاتر چاوی لەو بو تا مەکتەبەکانی تر، بەکورتی کۆمەڵی ئیسلامی ڕوئیایەکی نوێ و دیدێکی هاوچەرخانەتر نەبوو لەبزوتنەوەی ئیسلامی پێشوو، بەڵکو لەڕاستیدا ئەو گۆڕانکاریانە هیچ نەبوو جگە لەگۆڕینی ناوی پاشاو وەزیرەکان لەرۆقعەی شەترنجی بزوتنەوەی ئیسلامیەوە بۆ ڕوقعەی شەترنجی کۆمەڵی ئیسلامی. بۆیە کاتێ ئەمریکا لەرژێمی بەعسیداو قۆناغێکی نوێ هاتە کایەوە کۆمەڵی ئیسلامی تەفەهومی ئەم قۆناغە نوێیەی نەکردبوو کەچ جۆرێک لەحزبایەتی پێویستە بەتایبەت لەچوارچێوەی ئیسلامێکی بەئایدۆلۆژی کراوی وەک کۆمەڵی ئیسلامیدا. ئەمە بووە هۆی ئەوەی یەکێک لەقوربانیەکانی جەنگ جگە لەبەعس هەندێ لەبارەگاکانی کۆمەڵ بوو لەئەحمەدئاواو خورماڵ، دواتر گیرانی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی بوو لەلایەن هێزە ئەمریکییەکانەوەو مانەوەی لەزینداندا بۆ نزیکەی بیست و دوو مانگ. ئیتر لێرەوە کۆمەڵی ئیسلامی وەک هێزێکی پەراوێزخراوی لێهات تا هەڵبژادرنە سەرانسەریەکەی عێراق و هەروا پەرلەمانی کوردستان، وەک خۆئامادەکردنێک بۆ هەڵبژاردنەکانی ئەم وڵاتە سەرکردایەتی کۆمەڵی ئیسلامی بەپێی داواکاری کۆمیسیاری باڵای هەڵبژاردن (تفەنگ) وەک ڕەمزی جیهادو بڕبڕەی پشتی دروستبونی کۆمەڵی ئیسلامی لەئارمەکەیدا لابراو مەکتەبی عەسکەری کۆمەڵی ئیسلامیش هەڵوەشێنراوەیە، لەهەڵبژاردنەکاندا کۆمەڵی ئیسلامی دەنگێکی چاوەڕواننەکراوی بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی عێراق و ئەنجومەنی نیشتمانی هەرێمی کوردستان هێناو لەدەرئەنجامدا بووە خاوەنی دوو کورسی پەرلەمان لەیەکەمیانداو شەش لەوی دوەمیاندا، چاودێران ئەم دەنگە چاوەڕوانەکراوەیان بۆ زۆر هۆ گێڕایەوە، بەڵام نوسەری ئەم بابەتە هۆکارێک بەهۆکاری ڕەئیسی دادەنێ ئەویش: دەرخستنی ڕووی کلۆڵی خۆیان لەپاش ڕزگارکردنی عێراق بۆ جەماوەر و گیرانی ئەمیرەکەیان بوو. گیرانی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی هەڵبژاردنەکان و دەرئەنجامەکانی ئەوەیان سەلماند کەبەڕەحمەت بەسەر ئەم هێزەدا شکایەوە، واتە ئەم هێزە توانی سۆزی ڕێژەیەکی باش لەجەماوەری ئیسلامیەکان سود لێوەربگرێت، هۆکارێکی تریش کە لەدوای ئەم هۆکارەوە دێت بریتی بوو لەدابەزینی یەکگرتوی ئیسلامی بەلیستێک لەگەڵ زۆر لەهێزە خۆ بەعلمانیزانەکانی ترو مسۆگەرکردنی نۆ کورسی لەپەرلەمانی هەرێمی کوردستان، ئەم مسۆگەرکردنە وایکرد دوبارە کۆنە سۆزی ئیسلامی لایەنگرانی یەکگرتوی ئیسلامی کاریگەری هەبێت لەسەر پێدانی دەنگەکانی خۆیان بەلیستی کۆمەڵ کەلیستێکی سەربەخۆ بوو.

لابردنی (تفەنگ) لەئارمی کۆمەڵی ئیسلامیداو نەهێشتنی مەکتەبی عەسکەری، بریتی نەبوو لەگۆڕانێکی ستراتیژو ئایدۆلۆژی لەبنەما ئایدۆلۆژیەکانی کۆمەڵی ئیسلامی، بەڵکو ئەوە تەنهاو تەنها تەکتیکێکی کاتی هەڵبژاردن بووەو هیچی تر، ئەوەتا ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لەژمارە (٢٣١)ی ڕۆژنامەی هاوڵاتیدا لابردنی چەک پەیوەست دەکات بەگۆڕینی ئالیەتی جیهاد لەچەکداریەوە بۆ بێچەکی تەنها وەک قۆناغێک، ئیتر بەبێ ئەوەی ئاماژە بەهیچ یاسای نەبونی میلیشا بکات لەدەرەوەی هێزی نیزامی حوکمەتەوەو بەهیچ شێوەیەک دان بەوەدا نانێت کەلابردنی چەک لەدورو نزیکەوە پەیوەندی بەدەستورو یاساکەوە بێت کەدەشێ حزب لەدنیایەکی فرە حزبیدا پەیرەوی لێبکات. نەک هەر ئەوە ئەو بەڕونی دەڵێت (کۆمەڵی ئیسلامی بڕیاری نەداوە تا قیامەت چەکی پێبێت، بڕیاریشی نەداوە تا قیامەت چەک دابنێت)، لەم دیدەدا ئەوە دەخوێنرێتەوە کە ئەوە تەنها ئیرادەی خودی کۆمەڵی ئیسلامیە بڕیاری لابردنی چەکی داوەو لەداهاتوشدا ئەگەر پێویستی کرد ئەوە ئیرادەی خودی ئەوانە چەک هەڵدەگرنەوە یان چەک هەڵبگرنەوە نەک یاسا. ئەو چاوپێکەوتنەی هاوڵاتی زیاتر تێمان دەگەیەنێت ئەمیری کۆمەڵ هەتا ئێستەش خاوەنی ژیانێکی مەدەنیانەو پێکەوەیی نیە لەچوارچێوەی یاسادا، بەڵکو ئەو نەفەسی میلیشایی و جیهادو قیتالی بەسەردا زاڵە نەک ژیانی پێکەوەیی لەچوارچێوەی یاسادا، بەڕای من لێدوانەکانی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کەم سەلیقەیی و هەڵپەی پێوە دیارەو جارێکی تر ناواقعیەتی خۆی دەسەلمێنێ لەتێگەیشتنی بۆ واقعی سیاسی ئەمڕۆی عێراق و هەرێمی کوردستان. ناواقیعیەتێک کەپێچەوانەی ئەو بنەمایانە بێ کەخۆی بۆ ئیجتیهادکردنی بڕوای پێیەتی و دەیداتە پاڵ گروپەکانی وەک (تەوحید، جیهادو جوندو هەروا ئەنصار)، کۆمەڵی ئیسلامی و ئەمیرەکەی بۆئەوەی لانی کەم جێیان لەواقعی سیاسی نوێدا بێتەوە دەشێ واقع لەئیجتهادیاندا هەمیشە پێش ئەو دەقانە بخەن کە پەیوەندیان بەڕوداوێکی مێژوویی هەیە چ لەقورئان دا بێت یاخود لەسونەندا بێت، ئەگەر نا واقعیبون جگە لەوەهمێک لەئیجتهاددا هیچی تر نابێت.■

ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی لەژمارە (٢٣١)ی ڕۆژنامەی هاوڵاتیدا لابردنی چەک پەیوەست دەکات بەگۆڕینی ئالیەتی جیهاد لەچەکداریەوە بۆ بێچەکی تەنها وەک قۆناغێک، ئیتر بەبێ ئەوەی ئاماژە بەهیچ یاسای نەبونی میلیشا بکات لەدەرەوەی هێزی نیزامی حوکمەتەوەو بەهیچ شێوەیەک دان بەوەدا نانێت کەلابردنی چەک لەدورو نزیکەوە پەیوەندی بەدەستورو یاسایەکەوە بێت کەدەشێ حزب لەدنیایەکی فرە حزبیدا پەیڕەوی لێبکات

کەلتورێک بۆ ژیان.... کەلتورێک بۆ مردن

دکتۆر سامان شاڵی

و. لە ئینگلیزییەوە/ عەزیز ڕەئووف

یازدەی سێپتەمبەر ژیانی هەموومانی گۆڕی. لەم شەڕەو شەڕەکانی تردا نەک هەڕەشە لە ئەمریکا کرا بەڵکو هەڕەشە لەسەر جەم مرۆڤایەتی کرا. لەو ساتەوە شەڕی دژە تیرۆر لە سەرئاستی یونیڤێرساڵ دەستی پێکرد. یازدەی سێپتەمبەر هێڵێکی لە نێوان دوو بەرەدا دروست کرد: بەرەی



کەلتورێک کە ژیاندۆستە و بەرەی بەرامبەریش کەلە مەرگ زیاتر هەڵگری هیچ پرۆژەیەکی تر نییە.

گەرئێمە بگەڕێینەوە بۆ مێژوویەکی نزیک، ئەمریکا لەجەنگی دووەمی جیهانی دا هات بۆ ئەوروپا بۆ ئەوەی شەڕی نازییەکان و شەڕی کەلتوری مردن بکات، بە مانایەکی تر ئەوروپا لە هێرشی مەرگ دۆستی نازییەکان ڕزگار بکات. بەتایبەتی ئەمریکا هاتە ئەوروپا تا گیانی جولەکەکان ڕزگار بکات. ئەمریکییەکان نەچبوون بۆ داگیرکردنی ئەوروپا و ئەڵمانیا. بەڵکو ئەوان چونە ئەڵمانیا تا کۆتایی بە کەلتوری مردن بێنن و کەلتوری ژیان بگەڕێننەوە بۆ ئەو وڵاتە. ئەوە بوو ئەوەیان کرد و گەڕانەوە بۆ ئەمریکا.

ئێستا ئەوروپییەکان دژ بە کەلتوری مردنن و هەوڵی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە دنیادا دەدەن و بەشداری شەڕی دژە تیرۆر دەکەن. کاتێک سەدام شەڕی کوەیتی کرد ئەمریکا بە فراوانترین هاوپەیمانێتییەوە دژی وەستایەوە تاکو ڕێگە بە کەلتوری مەرگ بگرێت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. بۆیە ئێستا کوەیت وڵاتێکی ئازادە و وردە وردە ئەو وڵاتە دەبێتە وڵاتێکی دیموکراسی.

هەروەها وڵاتە موسوڵمانەکانی دنیا بەگەرمی پێشوازییان لە هەوڵی ئەمریکا کرد بۆ ئازاد کردنی ئەفغانستان لە دەستی کۆمۆنیستەکانی یەکێتی سۆڤیەت. بەڵام بەداخەوە دوای ئەوەی ئەفغانستان ئازاد کرا، ئیسلامییە توندڕەوەکانی ئەو وڵاتە دەسەڵاتیان گرتە دەست و شەڕی ئەمریکییەکانیان کرد. بەڵام دوای ڕوخانی دەسەڵاتی تاڵیبان ئێستا ئەفغانستان وڵاتێکی ئازادە.

ئێستاش ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بڕیاریان داوە خەڵکی عیراق ئازاد بکەن لە دەستی ڕژێمی دیکتاتۆر. ئەمریکا لە پرۆژەی دایە کە حکومەتێکی ئازاد و دیموکرات لە عیراقدا دابمەزرێت و سیستەمێکی سیاسی بەهێزی هەبێت بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و چەسپاندنی ئازادی و دیموکراتی لەو وڵاتەدا. ئەمریکا هەوڵ دەدات لە عیراقدا کەلتوری ژیان جێگەی کەلتوری مردن بگرێتەوە بە جۆرێک ئەم لێشاوە دیموکراتییە وەک چۆن ئەوروپا و یابان و کۆریا و ئەفغانستان و کوەیتی گرتۆتەوە، ئاواش عیراقیش بگرێتەوە.

ئەم هەنگاوە دیموکراتییەی کە ئەمریکا لە هەموو جیهاندا پێی هەڵدەستێت یەک لە ئامانجە سەرەکییەکانی بنەبڕ کردنی هەموو دیاردەیەکی تیرۆرو تۆقاندنە لە جیهاندا، وە هەوڵە بۆ چەسپاندنی پایە سەرەکییەکانی دیموکراسی و کەلتورێکی ژیاندۆست لە جیهاندا.■

10 July 2005

سەدام جگەرەی لێ بڕاوە

کامەران عەلی

سایتی AFP ڕۆژی ١٠ی ئەم مانگە بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە بەناونیشانی (سەدام لەزینداندا جگەرەی کوبی دەکێشێت). لەو بابەتەدا هاتووە کە (سەدام حسێن) لەڕێی خاچی سوری نێو دەوڵەتیەوە داوای لەڕەغدی کچە گەورەی کردووە کەجگەرەی کوبی بۆ بنێرێت. ئەمریکیەکانیش دڵنیایان کردۆتەوە کەهەرگیز دڵی ناشکێنن و ڕێگەی دەدەن سەدام جگەرەی کوبی پێ بگات.

گەر لەم هەواڵە سەیرە وردبینەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە سەدام حسێن ئێستاش لەخەیاڵی ڕابردوو دەژی، ئەوێک کەبەدرێژایی دەسەڵاتی خۆی لەهیچی کەم نەبوو، سەروەت و سامانی ئەو گەلەی بۆ ئارەزووە شەخسیەکانی خۆی سەرف دەکرد کەچی ئێستا چاوی لەدەستی کچەکەیەتی کەجگەرەی کوبی بۆ بنێرێت.

سەدام لەباتی ئەوەی لەڕێگەی خاچی سووری نێودەوڵەتیەوە لێبوردننامەیەک بۆ گەلی عێراق بنێرێت و داوای لێبوردنیان لێبکات کەئازاری داون و چەوساندونیتیەوە، کەچی زۆر بێ شەرمانە داوای جگەرەی کوبی دەکات.

سەدام لەباتی ئەوەی دەبوو لەزینداندا بەخۆیدا بچوایەتەوەو دەرسی لەڕابردوو وەربگرتایە، کەچی داوای جگەرەی هاڤانا دەکات.

گەر بەمێژووی دەسەڵاتی سەدام حسێندا بچینەوە، دەگەینە ئەو ڕاستیەی کەئێمە چ سەرکردەیەکی خراپمان هەبووە، بەڕاستی سەیرە سەرکردەیەک دوای ئەم هەموو تاوان و جینۆساید کردنەی گەلەکەی لەزینداندا ڕۆژێک خۆی بەسەرۆک بزانێت و ڕۆژێک ڕایدەگەیەنێت تا ئێستاش سەرۆکەو ئێستاش داوای جگەرەی کوبی دەکات.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت زیندانی کردنی ئەم پیاوە هیچ لە سیاسەتی نەگۆڕیوەو سورە لەسەر خەونە نەزۆکەکانی.■

تورکیا دەیەوێت بێتە خاکی عێراقەوە

ئاری ئەحمەد

ڕۆژنامەی (Turkish daily news) ڕۆژی ١٢ی ئەم مانگە بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە بەناونیشانی (تورکیا دەیەوێت بچێتە خاکی عێراقەوە).

مەبەست لەم وتارەش ڕاگەیاندنێکی ئەردۆگانی سەرۆکی تورکیایە کەڕایگەیاندووە بۆ لەناوبردنی هێزەکانی P.K.K دەیەوێت بچێتە خاکی عێراقەوە.

گەر بەووردی لەم بابەتە بڕوانین دەگەینە ئەو ڕاستیەی کەتورکیا چەندین جار لەماوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتۆتە خاکی کوردستانی عێراقەوە بەبیانووی لێدانی هێزەکانی P.K.K.

هاتنە ناوەوەی تورکیا بۆ ناو خاکی عێراق پێشێلکردنێکی ئاشکرای مافی وڵاتانی دراوسێیە، بەڵام تورکیا لەخۆوە نایەتە خاکی عێراقەوە، بەڵکو هاتنە ناوەوەی تورکیا بۆ ناو خاکی عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێکەوتننامەیەی کەلەنێوان تورکیاو عێراقدا بەسترا لەساڵی ١٩٨٢، ئەمەش بەدی نایەت کەهەریەک لەوڵاتانی عێراق و تورکیا دەتوانن بێنە ناو خاککی یەکترەوە بۆ لەناو بردنی ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتەکەیان. بۆ ئەم مەبەستەش سەربازی تورکیا چەندین جار بۆ لێدانی P.K.K هاتونەتە خاکی عێراقەوە.

بەڵام تورکیا نیگەرانە لەئەمریکاو نەتەوە یەکگرتوەکان بەوەی کەئەوان P.K.K بەهێزێکی تیرۆریست دەناسن و ناوی ئەو هێزەیان خستۆتە کتێبی ڕەشی تیرۆریستانەوە، کەچی ڕێگە بەتورکیاش نادات بێتە خاکی عێراقەوە بەو پێیەی تورکیا دەیەوێت سنوری سیادەی وڵاتانی ببەزێنێت.

بەهەرحاڵ، هاتنە ناوەوەی تورکیا بۆ ناو خاکی عێراق بەهەربیانویەک بێت ئاشکرا پێشێلکاریەکی نێودەوڵەتیەو بەزاندنی سنوری وڵاتانی دراوسێ بێ شک لێدانە لەسیادەی ئەو وڵاتە بەتایبەت وڵاتێکی تازە بنیادنراوەی عێراق کە خۆی هەڵگری چەندین قەیرانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییە کەهاتنە ناوەوەی تورکیا هەرگیز ئەو قەیرانانە چارەسەر ناکات.■

کوردەکان فشار دەخەنە سەر جەعفەری

سەردەشت حەمە ساڵح

سایتی "cihan news agency" بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە بەناونیشانی "کوردەکان فشار دەخەنە سەر جەعفەری" لەو بابەتەدا باس لەپەرلەمانی کورد دەکات کە فشار دەخەنە سەر جەعفەری سەبارەت بەجێبەجێکردنی بڕیاری (٥٨)ی تایبەت بەکەرکوک.

کوردەکان بەدرێژایی مێژوو گیرۆدەی دەسەڵاتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق بوون، کە لەسەرەتاوە هەندێک بەڵێنیان لەجێبەجێکردنی مافەکانیان پێداون، بەڵام لەدەست بەکاربونیان لەمەڕ دەسەڵات، نەک هەر پێچەوانەی بەڵێنەکان بوون، بگرە بەکوشت و بڕی کوردیش نەوەستاون و تاوانگەلێکی زۆرو ناحەقیان بەرامبەر کردن، نمونەیان بوەتە نمونەیەکی جیهانی وەکو کیمیاباران و ئەنفال، بۆیە دەسەڵاتی ئێستای کورد وەک جاران نییە، ئێستا خاوەن ئەزمونێکی چڕوپڕو خاوەن حکومەت و خاوەن هێزی سەربازین (پێشمەرگە)، لەهەمان کاتدا خاوەن پێگەیەکی سیاسین لەجیهاندا، بۆیە پەندیان لەڕابردوو وەگرتوە، هەڵەکان دوبارە ناکەنەوە.

لەسەرەتادا جەعفەری بەرلەهەڵبژاردنی سەرۆکی کوردستانی کردو چاوی بەسەرکردایەتی کورد کەوت و بەڵێنی برایەتی بەکورداو سور بوو لەسەر بەدەستهێنانی مافەکانی کورد، کەچی مەخابن وانە بوو، هەر لەیەکەم هەنگاویدا ویستی پاشقول لەکورد بگرێ لەسوێند خواردنی کابینەکەیدا بەڵام بۆی نەکرا، پاشان کەوتە بەربەرەکانی کورد، هەڵبژاردنی کابینەی حکومەتەکەی کەسەرۆک کۆماری عێراق پشتیوانی بو بۆ هاندانی لەپەلەکردن بۆ پێکهێنانی حکومەتەکەی، کەوابێ کورد جارێکی تریش یارمەتی داوە. بەڵام جەعفەری کۆسپ دەخاتە بەردەم کێشەی کەرکوک، هەر لەخودی خۆیەوە هەتا هەندێ لەوەزیرەکانیشی، دواخستنی پرۆژەکانی کەرکوک و مادەی (٥٨)، نمونەی زیندوی بەربەرەکانیەکانە، بەڵام چانسی جەعفەری لەو ململانێیەدا نییەو پێم وایە زیان ئەدات لەخۆی و لیستی ئیئتلافیش، بەتایبەتی ئێستا کەنوێنەرانی کورد لەپەرلەمانی عێراقدا کەوتونەتە خۆ، بۆ فشار خستنە سەر جەعفەری لەبەرامبەر ئەو هەڵوێستانەی لەگەڵ کورد ئەنجامیان ئەدات بەتایبەت لەمەسەلەی کێشەی کورد لەکەرکوک و جێبەجێکردنی مادەی ٥٨، کەپێم وایە ئەمە ئاکامی سلبیی دێنێتە کایەوەو دواجار بەسەر خودی خۆیدا دەشکێتەوە، ئەگەر بەو پێیە بڕوا کورد متمانەی خۆی لەجەعفەری دەکێشێتەوەو جارێکی تر دەنگ بەجەعفەری و هەموو جەعفەریەکانی تر نادەن.■

سەرهەڵدانەوەی تیرۆر لە کوردستاندا

کاوە نادر

ئاژانسی (Reuters) لەڕۆژی ١٣ی ئەم مانگەدا بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە بەناونیشانی (تیرۆر لەکوردستانی عێراقدا)، لەو نوسینەدا هاتووە کە گروپێک بەناوی (شێخ زانا) لەشاری هەولێر لەلایەن هێزەکانی پارتەکەی مەسعود بارزانیەوە دەستگیرکراوە.

تیرۆر لەکوردستان دیاردەیەکی نامۆیەو پێشترو بەدرێژایی مێژووی شۆڕشی کوردستان شتێک نییە بەناوی تیرۆرەوە، بەڵکو تیرۆر دیاردەیەکی سەلەفیانەیەو لەدەوڵەتانی دراوسێوە هاتۆتە خاکی کوردەکانەوە.

باشترین نمونەش گروپی ئەنسارلئیسلام بوو لەناوچەی هەورامان کەسەر بەڕێکخراوی ئەلقاعیدە بوون. دژی دەستگیرکردنی ئەم باندە لەشاری هەولێر سەرجەم تیرۆریستان بەشێخ زاناشەوە دانیان بەو ڕاستیەدا ناوە کەسەر بەڕێکخراوی ئەلقاعیدەن و چەندین کاری تیرۆریستی و تەقاندنەوەیان لەهەولێرو دهۆک ئەنجام داوە.

بوونی تیرۆر لەکوردستان سەرجەم ئەو مۆراڵە جوانەی کۆمەڵەی کوردی دەشێوێنێت، چونکە کورد گەلێکی ئاشتیخوازەو تیرۆرو تۆقاندن قبوڵ ناکات.

کۆتایی هێنان بەدەسەڵاتی ئەنسارلئیسلام لەهەورامان و دەستگیرکردنی باندەکەی شێخ زانا لە هەولێر بەو مانایە دێت کەکورد تیرۆرو تۆقاندن قبوڵ ناکات و ئەو دەستە ناشرین و چەپەڵانە کەلەدەرەوە دالدە دەدرێن دەبێت بەزوویی نەمێنن، بەڵام دەستگیرکردنی باندی شێخ زانا لەم کاتەداو دوای ئازادکردنی گەلانی عێراق لەڕژێمی سەدام ئاگادارمان دەکاتەوە کە دەبێت وریابین و هەرگیز چاو لەو گروپانە نەپۆشین.■

دادگای ئەوروپا بەدۆسیەی ئۆجەلاندا دەچێتەوە

دانا حەمید

ئاژانسی Associated Press ڕۆژی ١٢ ی ئەم مانگە بابەتێکی لە ژێر ناوی (ئەوروپا بە دۆسیەی ئۆجەلاندا دەچێتەوە). لەو بابەتەدا هاتووە کە دادگای ئەوروپا جارێکی تر بە دۆسیەی عەبدوڵا ئۆجەلانی سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستاندا دەچێتەوە بەو بیانوەی کە ڕەنگە ئەو بڕیارەی تورکیا بۆ لە سێدارەدانی ئۆجەلان لە جێی خۆیدا نەبێت. بەو پێیەی ئەمری لە سێدارەدان لەئەوروپادا نەماوە و تورکیاش کە یەک لەو وڵاتانەیە دەیەوێت لە یەکێتی وڵاتانی ئەوروپادا وەربگیرێت بۆیە ئەمە بۆئەوروپا مایەی قبوڵکردن نییە.

کێشەی کوردەکان لە تورکیا یەک لەو کێشانەیە کە ئەو وڵاتەی توشی قەیرانی گەورە کردووە بە جۆرێک لەم هەفتەیەی دواییدا جارێکی تر گەریلاکانی پەکەکە لەناوچە جیاجیاکانی تورکیادا چالاکییەکانیان دەست پێکردەوە. بەڵام لە لایەکی ترەوە بەرەی ئازادی و ئاشتیخوازی لەکوردستانی تورکیا لەهەوڵی ئەوەدایە کە خەباتی ئاشتیانە بکات بۆ وەرگرتنی مافە ڕەواکانی کورد.

هەڵدانەوەی دۆسیەی ئوجەلان بێ شک نارازی بوونی ئەوروپایە لە کێشەی سەرکردەیەکی سیاسی ئەو وڵاتەو لە سێدارەدانی، کە ئەمەش بێ شک پێشێل کردنی مافی مرۆڤە لەو وڵاتەدا کە یەکێتی وڵاتانی ئەوروپا هەرگیز ئەم بڕیارە بۆ لە سێدارەدانی ئۆجەلان قبوڵ ناکات.

هەرچەندە ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا پەکەکە بە هێزێکی تیرۆرست دەناسێنن بەڵام هەرگیز ئەوە قبوڵ ناکەن کە سەرکردەیەکی سیاسی لە سێدارە بدرێت.

گەر تورکیا بیەوێت لە یەکێتی وڵاتانی ئەوروپا وەربگیرێت ئەوا دەبێت مافی مرۆڤ پێشێل نەکات کە ڕەنگە هەڵگرتنی بڕیاری لەسێدارەدان بەسەر مرۆڤدا یەک لە داخوازییەکانی ئەوروپا بێت بەسەر تورکیادا.■



ئارەزووی سێکسی لەفیقهی ئیسلامیدا

د. کامل النجار

و: نەوزاد ئەحمەد

بەر لەهاتنی ئیسلام، ژیانی خەڵکی دوورگەی عەرەبی بەجۆرێک بوو جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ژیانی میللەتانی تری ئەوکاتەدا نەبوو. ژن و پیاو لەئاهەنگ و بۆنە گشتییەکاندا تێکەڵی یەکتر دەبوون و ژن لەهەموو شوێنێکدا ئامادەیی هەبوو، بۆ نمونە لەبازاڕی عوکازو لەکاتی حەجکردندا. عەرەبەکان لەوکاتەدا مەی و شەرابیان دەخواردەوەو لەئاهەنگەکاندا گوێیان لەگۆرانیی کەنیزەکەکان دەگرت، بەتایبەتی لەمەککەدا کەبازرگانەکان ژمارەیەکی زۆری کەنیزەکیان لەشام و حەبەشەو شوێنانی ترەوە دەهێنا.

لەکۆمەڵی عەرەبیشدا، وەک هەموو کۆمەڵەکانیتر، ژن و پیاو دەکەوتنە ناو داوی ئەوینی یەکترەوەو خۆشەویستی و سێکسیان دەکرد، ئەمە بوارێکی فراوانی بۆ ناپاکیی هاوسەری دروست کردبوو کە لەکۆمەڵی (یەسریب) دا باو بوو، بەتایبەتی ئەوکاتەی پێغەمبەر هاتە نێو شارەکەوە، ئیدی پیاوان دەستیان کرد بەگلەیی و نارەزایی دەربڕین شکاتکردن لەژنەکانیان و بەخیانەتی زەوجی تاوانباریان دەکردن، خودا ئایاتی مەلاعینەی بۆ دابەزاندن کە دەڵێ: (الذین یرمون ازواجهم ولم یکن لهم شهداء الا انفسهم).

لەو کۆمەڵەیاندا دیاردەی نێربازیش هەبوو، ئەم دیاردەیە لەدوای هاتنی ئیسلامیش بەدە ساڵ، هەر بەردەوام بوو، باشە لەنێو بارودۆخێکی لەو چەشنەدا چی ڕوویداو چ شتێک بووە مایەی گۆڕینی کۆمەڵە ئیسلامییەکان بەوشێوەیەی ئەمڕۆ هەن؟

ئیسلام لەکاتێکدا هات نەخوێندەواری سەرتاسەری کۆمەڵەکانی تەنیبوو، دواتر چینێک پەیدا بوون کەژمارەیان زۆر کەم بوو و پێیان دەوتن "چینی خوێنەران" یاخود (القراء). لەپاش مەرگی پێغەمبەر ئەو چینە بەزۆربەی ناوچەکاندا بڵاوبوونەوە تا خەڵکی فێری خوێندنەوەی قورئان و فیقهـ بکەن، هەریەکە لەمانە شێوازو قوتابخانەی تایبەتیی خۆی هەبوو کەچەندین کەس و لایەنگری لەدەوری خۆی کۆدەکردەوە، ئەو قوتابیانەش دواتر بوون بەمامۆستاو چینی (القراء) نزیک بووەو هەروەها ئەهلی حەدیس (ئەوانەی فەرمودەکانی پێغەمبەریان لەبەر کردبوو) ی لەخۆی نزیک کردەوە تا هەیبەتی ئاینی و دەسەڵاتی خۆی بەسەر خەڵکیدا بسەپێنێت. بەمجۆرە چینی خوێنەران (واتە ئەوانەی ئایەتەکانی قورئانیان لەبەر بوو) و ئەهلی حەدیس بوون بەچینێکی تایبەتی و کاتی خۆیان بۆ فەرمودەکان و بۆ فەتواو شتی لەم بابەتە تەرخان کرد، لەشەڕەکاندا بەشدارییان نەدەکردو هیچ کارێکیشیان نەدەکرد چونکە دەوڵەت ژیانی بۆ دابین کردبوون، ئیدی ئەمانە سەرقاڵی فەتوادان و کۆکردنەوەو دروستکردنی فەرمودەکان بوون و خەڵکییان فێری چۆنێتی خوێندنەوەی قورئان دەکرد.

لەگەڵ فراوانبوونی جوگرافیای ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی و گەڕانەوەی سەربازەکان لەجەنگەکانی فتوحاتی ئیسلامیدا، ئەو سەربازانە لەگەڵ خۆیاندا ژمارەیەکی زۆری کەنیزەکیان هێنا، بەمجۆرە ژمارەی ئەوکچ و ژنانەی سەربازەکان دەیانهێنان، زیادی کردو هەر موسڵمانێک جگە لەژنەکەی خۆی چەندین کەنیزەک و سەبایای هەبوو، هەندێ لەئەسحابەکان هەریەکەیان زیاد لەدە کەنیزەکی هەبوو. دەڵێن یەکێک لەئەسحابەکان کەناوی (المغیرة بن شعبة) یە لەشەوێکدا لەگەڵ نۆ کەنیزەک لەکەنیزەکەکانی خۆیدا سێکسی کردووە. بەمجۆرە موسڵمانەکان بەزۆری خەریکی کاری سێکسی بوون، ئەم بارودۆخە هەڕەشەی لە خێزانی نێو دەوڵەتی ئیسلامی دەکرد، ئەمە دەرفەتێکی واڵای بۆ چینی خوێنەران و ئەهلی حەدیس و فەتوا دەرەکان کردەوە تا کۆمەڵێ یاسا بۆ ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی دەربکەن.

جا لەبەرئەوەی ژیانی موسڵمانان لەوکاتەدا ژیانێکی سادە بوو، بەڕۆژ تەنها خەریکی نوێژو بازرگانی بوون (چونکە عەرەب جگە لە بازرگانی، رقیان لەهەموو پیشەیەکی تر دەبووەوە)، بەشەویش هەر خەریکی کاری سێکسی بوون، چونکە ئیسلام مەی و گۆرانی و ئاهەنگەکانی لێ حەرام کردبوون، ئیدی هیچ شتێک نەبوو خۆیانی پێ خەریک بکەن سێکس نەبێت، لێرەوە شتێکی سروشتییە چینی خوێنەران و فەتوا دەرەکان سەرقاڵی بابەتی سێکس بن، دواتر بەحەماسێکی زیاترەوە کەوتنە سەرقورئان و فەرموودەکان و ژیانی پێغەمبەر تا بزانن لەوێدا چۆن سێکس کراوە ولێی کۆڵراوەتەوە، پاشان دەستیان کرد بەشەرحکردنی هەموو ئەندامێکی جەستەی ژن، بۆ نموونە باسی شێوەی دەرەوەی ئەندامی مێینەیی ژنیان دەکردو باسی سوڕی مانگانەی خوێن و جۆرو سروشت و ماوەی سوڕی مانگانەی ژن، تا دەگاتە چۆنێتی سێکس کردن و کاتەکانی پرۆسەی سێکسی. تەنانەت لەبارەی مێرد مندالانیش قسەیان کردو تەمەنی باڵقبونیان لەدوانزە ساڵیدا دیاری کرد، سزایان بۆ ئەو کەسانەش دەرکرد کە لەگەڵ مێرمندالاندا سێکس دەکەن. پاشان دەستیان کرد بە باسکردنی ژیانی خێزانیی پێغەمبەرو چەندین فەرموودەیان لەژیانی عائیشەوە خوڵقاند، گوایە عائیشە باسی ئەوەی بۆکردوون چۆن پێغەمبەر ماچی کردووەو زمانی مژیوەو لەکاتی سوڕی مانگانەشدا چیی لەگەڵدا کردووە، تەنانەت لەشتە هەرە تایبەتیەکانی ژیانی پێغەمبەریش دەدوان و گوایە عائیشە پێی وتوون کە بەهیچ جۆرێ سەیری ئەندامی نێرینەی پێغەمبەری نەکردووەو ئەویش تەماشای ئەندامی مێینەی ئەمی نەکردووە ئەگەرچی بەیەکیشەوە خۆیان شتووە:

لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی عەبباسی و بنیاتنانی ئەو کۆشکانەی پڕکران لەکەنیزەک و مێرمناڵ و مەی، بەتایبەتی لەڕۆژگاری خەلیفە هارون ڕەشیددا، سێکس بەشێوەیەکی فراوان بڵاوبووەوە، هەندێ لەفەقیهەکان خۆیان بۆ ئەو بابەتە تەرخان کرد، تەنانەت دەڵێن ئیمام ئەحمەد بن حەنبەل بۆ ماوەی نۆ ساڵ خەریکی نووسینی کتێبێک بوو لەبارەی سوڕی مانگانەی ژن، کاتێکیش لەباسکردنی ئەناتۆمیکردنی ئەندامی مێینەیی ژن و سکپڕی و منالبوون و شیردانی منال و ئەو شتانە بوونەوە، کاتی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی هەندێ گرفتی وەهمی تەرخان کرد کەمومکین نییە شتی وا رووبدات، بۆ نموونە: ئەگەر پیاوێک دوو ئەندامی نێرینەیی هەبێت یەکێکیان بخاتە پێشەوەی ژنەکەو ئەویتریان بخاتە داوەی، ئایا ئەوکاتە ژنەکە دووجار خۆی دەشوات یان یەک جار. بەمجۆرە دەبینین ئارەزووی سێکسییان بەڕادەیەک زۆر بووکە بەزیادەڕۆییەوە باسیان دەکردو ژن لەلای ئەوان جگە لەوەسیلەیەک بۆ تێرکردنی ئارەزووە سێکسییەکانیان شتێکی ترنەبوو. پێیان وابوو ژن واتە سێکس و بەس، بەجۆرێک پێیان وابوو ئەگەر ژن لەماڵ بێتە دەرێ، هیچ کارێکی نییە ئیغراکردنی پیاو نەبێت.

تەنانەت تەمەنی پیاو یان پیاوەتیشیان بچوک کردەوەو وتیان منداڵ لەدوای تەمەنی چوار ساڵی دەبێت بەپیاو کەلێرەدا مەبەستیان ئەندامی نێرینەیە، بۆیە نابێت بەبێ روخسەت بچێتە لای ژن، لەئایەتی ٥٩ی سورەتی نوردا دەڵێ: (اذا بلغ الاطفال منکم الحلم فلیستأذنوا کما استأذن الذین من قبلهم)، قورتوبی لەتەفسیرەکەی خۆیدا دەڵێ: ئەبو ئیسحاقی فزاری لەئوزاعی دەپرسێت منداڵ لەچ تەمەنێکدا ڕێگەی پێدەدرێت بچێتە لای ژن؟ ئەویش دەڵێ: لەتەمەنی چوار ساڵیدا، لەو تەمەنەدا نابێت بەبێ ڕێگەپێدان بچێتە لای ژن.

دوای ئەوەی چوونە دەرەوەی ژنیان قەدەغەکرد، دوای ئەوەی ئەو ئایەتەیان بەسەر هەموو ژناندا سەپاند کەفەرمان بەژنەکانی پێغەمبەر دەدات لەماڵەوە بمێننەوە، پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە ئەم حاڵەتە شتێکی سروشتییەو لەنەتەوەکانی بەر لەئێمەشدا هەروا بووە. شەعراوی لەبارەی ئەو دوو کچەی پێکەوە چووبوون تامەرەکان ئاو بدەن و موسا بینویانی و یارمەتی داون، دەڵێت: (بەپێی مەنتیق وا پێویست دەکات یەکێ لەکچەکان دەربێت و ئەویتریان لەگەڵ باوکە پیرەکەیاندا بمێنێتەوە تا خزمەتی بکات و داواکاریەیکانی بۆ جێبەجێ بکات، بەڵام هەردوو کچەکە پێکەوە دەرچوون تا هەریەکەیان چاودێریی ئەویتریان بکات، نەک تەنها یەکێکیان بەناوی ئاودانی مەڕەکانەوە بچێتە دەرێ و بۆ شوێنێکی دیکە بچێت و پاشان بێتەوەو بڵێ مەڕەکانم ئاودا) (احکام النساء للشعراوي، مکتب التراث الاسلامي، ط٤، ص٢٢).

لەگەڵ ئەوەی ئیسلام ڕێگەی بەپیاو داوە چوار ژن بهێنێت و بەئارەزووی خۆیشی کەنیزەکی هەبێت بۆ کاری سێکسی، ئەگەر بۆ شوێنێکی دووریش سەفەری کردو ژنەکەی لەگەڵدا نەبێت بۆی هەیە زەواجی موتعە بکات، کەچی فوقەهاکان ئەوەیان بەسەر ژندا سەپاندووە کەبەدەنگ داواکاریی سێکسیی مێردەکەیەوە بچێت و هەر کاتێک ئارەزووی لێبوو سێکس بکات، بۆ ئەم مەبەستە فەرموودەیەک دەهێننەوە کە دەڵێت: (أي ما أمرأة دعاها زوجها الی فراشه فامتنعت، باتت ملائکة السماء تلعنها حتی تصبح) پاشان باسی شێوەو جۆری سێکس کردن دەکەن و لەکوێوە بیکەن، فوقەهاکان لەبارەی سێسک کردن لەدواوە، بیروڕای جیاوازیان هەیە. ئیمامی شافیعی دەڵێت: "محەمەد بن عەلی شافیعی مامم وتی: عەبدوڵڵای کوڕی عەلی کوڕی سائیب لەزمانی عەمرو بن ئوحیحەی کوڕی جلاح و ئەویش لەزمانی خەزیمە کوڕی سابت وتی: پیاوێک پرسیاری لەپێغەمبەر (د.خ) کرد لەبارەی سێکسکردن لەدواوە، ئەویش وتی "حەلاڵە"، کاتێک پیاوەکە ڕۆیشت، بانگی کردو وتی: "کیف قلت، فی ای الخربتین، او في اي الخرزتين، او في أي الخصفتين، أمن دبرها فی قبلها فنعم. ام من دبرها فی دبرها، فلا، ان الله لایستحیی من الحق، لاتأتوا النساء في ادبارهن). (واتە ئەگەر لەدواوە بۆ پێشەوە بێت بەڵێ، بەڵام ئەگەر لەدواوە بۆ دواوە بێت نەخێر).

دوای ئەوەی ڕێگەیان لەژنان گرت بچنە دەرەوەو دوای ئەوەی پیاوان و تەنانەت منداڵانیش قەدەغە بوو بچنە لای ژن، ئینجا ئەوەیان لەژن قەدەغەکرد کە لەدرزی دەرگاو دیوارەوە سەیری دەرەوە بکات تا پیاوێکی غەریب نەبینێت. دەڵێن ڕۆژێکیان معاز بن جبل دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە، دەبینێ ژنەکەی لەدرزی دیوارەکەوە تەماشای دەرەوە دەکات، ئەویش زۆری لێدا: (المنتظم في التاریخ، ابن الجوزي، ج٤، ص١١٣).

پاش ئەو هەمووکۆت و پێوەندەی بەسەر ژیانی ژناندا سەپێنرا، بۆیان دەرکەوت ماڵەکان پڕبوون لەو ژنانەی بەدرێژایی رۆژ کارێکیان نییە سەرقاڵیان بکات، بیریان بۆ ئەوە چووکە دەشێت ئافرەتان لەگەڵ یەکتردا سێکس بکەن بۆ دابینکردنی پێداویستییە فسیۆلۆجیەکانیان، ئیدی فوقەهاکان لێکدانەوەیەکی تریان بۆ ئەم ئایەتە کرد: (واللاتی یأتین الفاحشة من نسائکم فاستشهدوا علیهن أربعة منکم فان شهدوا فامسکوهن فی البیوت حتی یتوفاهن الموت او یجعل الله لهن سبیلا) فەقیهەکان وتیان لێرەدا خودا مەبەستی لەسوحاقی بەینی ئافرەتانە (واتە سێکسکردنی نێوان ئافرەت و ئافرەت) لەکاتێکدا وشەی (الفاحشة) لەسەرجەم ئایەتەکانی تریشدا بەواتای زیناو سێکسکردنی ناشەرعی دێت. دەبینین لەسورەتی الاعراف وئایەتی ٨٠دا هاتووە: (ولوطا اذقال لقومە أتأتون الفاحشة) لەسورەتی النور و ئایەتی ١٩ دا دەڵێ: (ان الذین یحبون ان یشیع الفاحشة فی الذین امنوا لهم عذاب أليهم فی الدنیا والاخرة)، لەسورەتی النمل و ئایەتی ٥٤ یشدا: (ولوطا اذ قال لقومە أتأتون الفاحشة وانتم تبصرون. انکم تأتون الرجال شهوة دون النساء بل انتم قوم تجهلون)، لەهەمووئەو ئایەتانەدا وشەی (الفاحشة) یان بەزیناو سێکسی ناشەرعی ڕاڤەکردووە تەنها ئەو ئایەتە نەبێت کەپەیوەندیی بەژنانەوە هەیە.نەک هەر ئەمە، بەڵکو پێیان وابوو نابێت ژنێک سەیری جەستەی ژنێکی تر بکات چونکە لەوانەیە ئەمە ببێتە مایەی هۆمۆسێکسواڵ (سوحاق). پێغەمبەر (د.خ) وتویەتی: (لاینظر الرجل الی عورة الرجل، ولاتنظر المرأة الی عورة المرأة، ولایفضي الرجل الی الرجل فی الثوب الواحد، ولاتفضي المرأة الی المرأة فی الثوب الواحد) (تحفة الاحوذي، کتاب الاستئذان، باب فی کراهیة مباشر الرجل الرجل والمرأة المرأة). هۆیەکی ترکەفەقیهەکان سەیرکردنی جەستەی ژنێک لەلایەن ژنێکی ترەوە قەدەغە دەکەن (بۆ ئەوەی ئەو ژنە لەلای مێردەکەی خۆی وەسفی جەستەی ژنەکەی تر نەکات، چونکە لەوانەیە پیاوەکەیش ئارەزووی بچێتە سەر جەستەی ژنەکەی ترو ئاشوبێک بنێتەوە. لەڕاستیدا ئەو ژنەی وەسفی جەستەی ژنێکی تر بۆ مێردەکەی دەکات، گێلە، چونکە کەم ئەقڵ و کەم ئیمانە، چونکە لەوانەیە مێردەکەی، ئەم تەڵاق بدات و ژنە وەسفکراوەکە بهێنێت.

لەدۆخێکی وادا چی بۆ ئافرەت دەمێنێتەوە ئارەزووە سێکسییەکانی تێر بکات؟ هێشتا دوو فرسەتی لەبەردەمدا بوو:

یەکێکیان ئەوەیە بەدەست یاری بەئەندامی مێینەیی خۆی بکات تا بەتەواوی چێژی لێوەربگرێت، ئەمەش هەروەکو دەسپەڕی پیاوان، شتێکی قێزەون و بەدە لەئیسلامدا، فوقەهاکان جەختیان لەچەپەڵیی ئەوکارە دەکردو باسی هەندێ زیانیان دەکرد کەتەنها لەزەین و خەیاڵی ئەواندا بوونی هەبوو وەک دەرچونی موو لەناو لەپی دەستدا لەڕۆژی قیامەت یان لەدەستدانی یادەوەری لەم ژیانەدا. فرسەتی دووهەمیش بۆ ژنان بریتییە خەیاڵ و خەون. ئەی ئەگەر ژنێک خەونی بەوەوە بینی سێکس لەگەڵ پیاوێک یان لەگەڵ ژنێکدا بکات؟ فوقەهاکان بەبێزارییەکی زۆرەوە سەیری ئەم مەسەلەیە دەکەن. ئەو جۆرە ئافرەتەی دەوێرێت خەیاڵێکی سێکسیی لەو چەشنە بکات دەبێت خۆی بشوات چونکە لەشی پیس بووە، ئەگەرچی ژن وەکو پیاو نییەو لەکاتی خەیاڵی سێکسیدا ئاوی پیا نایەت، ئیتر بۆچ خۆی بشوات. پاشان شتێکی تر بەبیری فەقیهەکاندا هات پرسیان ئەی ئەگەر ئەو ژنە یان ئەو پیاوە نێرەموک بێت؟ لەوەڵامدا وتیان: "ئەگەر پیاوێک دەست لەئەندامە نێرینەکەی نێرەموکێک بدات، یان ئەگەر ژنێک دەست لەئەندامە مێینەکەی بدات، دەست نوێژی دەستلێدەرەکە دەشکێت ئەگەر مەحرەمی یەکتر نەبن. بەڵام ئەگەر پیاو دەست لەئەندامی مێینەی نێرەموکێک بدات و ژنیش دەست لەئەندامی نێرنەیی، دەست نوێژی ناشکێت چونکە دەشێت ئەو ئەندامە زیاد بێت" (مغنی المحتاج للخطیب الشربیني، باب احکام الطهارە) لێرەدا ڕێگەیان بەژن داوە - ئەگەر نێرەموک بێت - دەست لەئەندامی نێرینە بدات چونکە دەست نوێژەکەی ناشکێت چونکە ئەو ئەندامە زیادە، بەڵام ئەگەر دەست لەئەندامی مێینەیی بدات، دەشکێت، چونکە ئەو کارە لەو حاڵەتەدا لەدەسپەڕ دەچێت. پاشان دوورتریش ڕۆیشتن و وتیان: ئەگەر کەسێک دوو ئەندامی نێرینەیی هەبێت ئەوا دەست لەهەر کامێکیان بدات دەست نوێژەکەی دەشکێت. سەیرە، کێ شتی وای بینیوە پیاوێک دوو ئەندامی نێرینەی هەبێت تا حوکمی لەم چەشنە دەربکەن.

جا لەبەرئەوەی لەتێڕوانینی ئەواندا ژن بۆ پیاو خوڵقێنراوە تا چێژ لەهەموو جەستەی وەربگرێت، ئەوا لەکاتی سوڕی مانگانەشدا هەر بۆی هەیە لەزەتی لێوەربگرێت تەنها لەپێشەوە نەبێت، چونکە گوایە عائیشە وتویەتی "هەمووشتێک بکەن سێکس نەبێت" (مەبەستی کاتی سوڕی مانگانەیە).

دەبێ ژن منالی بێت و کاری ئەو ئەوەیە منال بخاتەوە، پیاویش نابێت لەکاتی سێکسکردندا تووەکە فڕێ بداتە دەرەوەی ژنەکەی مێینە. ئەگەر پیاو ئارەزووی لەژنەکەی بێت و ژنەکەیشی لەسوڕی مانگانەدا بێت کەفوقەهاکان سێکسکردنیان لێ قەدەغەکردووە، ئەوا ژنەکە دەتوانێت یاری بەئەندامی نێرینەیی پیاوەکە بکات تا تووی لێدەربهێنێت، بەڵام حەرامە پیاو خۆی تووی خۆی دەربهێنێت. (مغنی المحتاج، کتاب الصوم، الباب الاول) چونکە ئەمە دەچێتە خانەی دەسپەڕەوە. پیاو بۆی هەیە لەزەت لەهەموو شوێنێکی جەستەی ژنەکەی ببینێت، ئەم قسەیە - بەپێی فوقەهاکان - دواوەش دەگرێتەوە بەڵام بێئەوەی ئەندامی نێرینەی تێبکرێت (مغنی المحتاج، کتاب النکاح).

فوقەهاکان پێکەوەبوونی ژن و پیاویان قەدەغەکردووە (ئەگەر ژن و مێرد نەبن) و دەڵێن ئەگەر ژن و پیاوێک بەتەنها بوون شەیتان سێیەمیانە. ئەگەر ژنێکی موسڵمانان نەخۆش بکەوێت و پێویستیی بەنۆژدار بێت، بەلقینی دەڵێت: دەبێ ژنێکی موسڵمانی لەگەڵدا بێت، ئەگەر ژنێکی موسڵمان لەوێدا نەبوو ئەوا مێر منالێکی موسڵمانی ناهەرزەکار، ئەگەر ئەویش نەبوو ئەوا مێرمناڵێکی ناهەرزەکاری کافر، ئەگەر ئەویش نەبوو ئەوا ژنێکی کافر، ئەگەر ئەویش نەبوو ئەوا مەحرەمێکی موسڵمان، ئەگەر ئەویش نەبوو ئەوا مەحرەمێکی کافر، ئەگەر ئەویش نەبوو ئەوا بیانییەکی موسڵمان، ئەگەر ئەویش نەبوو زۆر بەناچاری بیانییەکی کافر (مغنی المحتاج، کتاب النکاح) هەمو ئەمانە بۆئەوەیە پزیشکەکە بەتەنها لەگەڵ ژنە موسڵمانەکەدا نەبێت.

لێرەدا گرفتێکی تر لەلای فەقیهەکان هەیە، ئەویش: ئاژەڵێکی وەکو مەیمون بچێتە ماڵێکەوە ژنی تیا بێت، بۆ ئەم حاڵەتەش دەڵێن: "ئەگەر ئاژەڵەکە لەو جۆرە نەبێت کەحەز لەئافرەت بکات یان ئافرەت حەزی لێبکات، دەڵێن ئەگەر مەیمون بەتەنها لەگەڵ ژنێکدا بێت یان ئەگەر ژنەکە بەنووستوویی ببینێت ئەوا سێکسی لەگەڵدا دەکات، دەشێت هەندێ ئافرەتی زۆر شەهوانیش مەیموونەکە بۆ لای خۆی بانگ بکات. (احکام النساء لابن اجلوزی، المکتبة العصریة، صیدا، بیروت، ص ١٢٧).

فەقیهەکان بەئەندازەیەکی زۆر لایەنگری پیاو بوون و ئاسانکارییان بۆ کردووە، دەڵێن پیاو بۆی هەیە لەشەوێکدا سێکس لەگەڵ هەموو ژنەکانیدا بکات و تەنها یەک جاریش خۆی بشوات. ابن تیمیە دەڵێ: "المعاصي التی لیس فیها حد مقدر ولا کفارة، کالذی یقبل الصبی والمرأة الاجنبیة، او یباشر بلا جماع" (السیاسة الشرعیة فی اصلاح الراعي والرعیة، ابن تیمیە، ص ٢٢).

هەروەها ڕێگەیان بەپیاو داوە بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ لەگەڵ بوکدا بمێنێتەوە ئەگەر بووکەکە کچ بێت، بەڵام ئەگەر بوکەکە ژن بێت ئەوا دەبێ تەنها سێ ڕۆژ بەبێ جوتبوون لەگەڵیدا بێت، ئەگەرچی قورئانیش داوا دەکات لەگەڵ ژناندا دادپەوەر بن. وەک دەبینین ئارەزووی سێکسی وای لێکردوون بچنە ناو شتە زۆر تایبەتیەکانی نێوان ژن و مێردەوە.

ئەم ئارەزووە سێکسییە تەنانەت لەدوای مردنی ئافرەتیش، هەر قسەی لەبارەوە کراوە، دەڵێن دەبێ ژنێک ژنێکی مردوو بشوات، ناشبێت مێردی ژنێکی تەڵاقدراوی مردوو ژنەکەی بشوات چونکە نابێت لەدوای تەڵاقدانی، سەیری عەورەتی ژنەکە بکات، چونکە گوایە ئەو مێردەی پێشتر ئارەزووی لەژنەکە تەڵاقدراوەکە نەبووە. بەجەنازەیی ئارەزووی لێدەکات.

ئارەزووی سێکسی دەگاتە بەهەشتیش، فوقەهاکان زیادەڕۆییان لەوەسفکردنی کچە حۆرییەکان و ژمارەی ئەو کچە حۆرییانەدا کردوە کەدەبێتە مولکی پیاوی ئیماندار، ئەبوهورەیرە لەم مەسەلەیەدا زۆری پێوەناوەو وتویەتی: (قیل: یا رسول الله أنفضی الی نسائنا فی الجنة؟ فقال: ان الرجل لیصل فی الیوم الی مائة عذراء)واتە پیاو لەبەهەشتدا دەتوانێت لەڕۆژێکدا لەگەڵ سەد کچە حۆریدا بێت. لەوانەش گرنگتر کچە حۆری سوڕی مانگانەی نییە، هەرچەندە مێردەکەی سێکسی لەگەڵدا بکات، کچێنیەکەی بۆ دەگەڕێتەوە. بۆیە ئیمانداران شایەتمان دەهێنن تا بچنە بەهەشت، تەنانەت ئەگەر ئەمە بگاتە ئەو ئاستەی کە ئیماندارێک لەنێو هاووڵاتییە بێتاوانەکاندا خۆیشی بتەقێنێتەوە.

لێرەدا چەندین کتێبی تر هەن لەبارەی شکانی دەست نوێژ لەکاتی جوتبوون و هەروەها پێناسەی ئەندامی نێرینەو لەبارەی چ جۆرە دەستلێدانێک لەئافرەت دەبێتە هۆی شکانی دەست نوێژ، ئاخۆ لەسەر جلەوە دەست لەئەندامی نێرینە بدرێت دەست نوێژ دەشکێت یان نا، ژنێک لەسوڕی مانگانەی خۆیدا بێت چۆن دەزانێت کاتی سوڕەکە تەواو بووەو، زۆر بابەتی تریش..

ئاخۆ باشتر نەبوو ئەو فەقیهانە کاتی بەفیڕۆی خۆیان لەبابەتێکی سودبەخشدا سەرف بکردایەو ئیجتیهادیان لەمەسەلەیەکی تردا بکردایە بۆ نموونە بابەتی کشتوکاڵی؟

سەرچاوە: سایتی ئیلاف ٢٠٠٥/٤/١٩.■

> **ژیانی موسڵمانان لەوکاتەدا ژیانێکی سادە بوو، بەڕۆژ تەنها خەریکی نوێژو بازرگانی بوون (چونکە عەرەب جگە لە بازرگانی، رقیان لەهەموو پیشەیەکی تر دەبووەوە)، بەشەویش هەر خەریکی کاری سێکسی بوون، چونکە ئیسلام مەی و گۆرانی و ئاهەنگەکانی لێ حەرام کردبوون، ئیدی هیچ شتێک نەبوو خۆیانی پێ خەریک بکەن سێکس نەبێت**

> **لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی عەبباسی و بنیاتنانی ئەو کۆشکانەی پڕکران لەکەنیزەک و مێرمناڵ و مەی، بەتایبەتی لەڕۆژگاری خەلیفە هارون ڕەشیددا، سێکس بەشێوەیەکی فراوان بڵاوبووەوە، هەندێ لەفەقیهەکان خۆیان بۆ ئەو بابەتە تەرخان کرد، تەنانەت دەڵێن ئیمام ئەحمەد بن حەنبەل بۆ ماوەی نۆ ساڵ خەریکی نووسینی کتێبێک بوو لەبارەی سوڕی مانگانەی ژن**

> **کچە حۆری سوڕی مانگانەی نییە، هەرچەندە مێردەکەی سێکسی لەگەڵدا بکات، کچێنیەکەی بۆ دەگەڕێتەوە. بۆیە ئیمانداران شایەتمان دەهێنن تا بچنە بەهەشت، تەنانەت ئەگەر ئەمە بگاتە ئەو ئاستەی کە ئیماندارێک لەنێو هاووڵاتییە بێتاوانەکاندا خۆیشی بتەقێنێتەوە**

لە باکوورەوە

هەڵۆکانی ئازادی کوردستان کێن؟

ZAMAN ONLINE

ڕۆژی ١٦ی ئەم مانگە لەگراوی "قوش ئاداسی" تورکیادا کەسێک لەپاسێکی گەشتیاری ئەو شارەدا خۆی تەقاندەوە کە بووەهۆی کوژرانی ٤ کەسو بریندار بوونی چوارە کەسی دیکە. دوای چالاکیەکە دەستبەجێ گروپێکی تازە بەناوی "هەڵۆکانی ئازادی کوردستان" ئەم چالاکیەیان لەئەستۆ گرتو دانیان بەوە ناکە خۆکوژەکە ئەندامێکی ئەم گروپە بووە.

ماوەیەک لەمەوبەر لەشاری "ئیزمیر" بۆمبایەک تەقیەوەو ژمارەیەک کەسی سیڤیلو گەشتیاری بریندار کرد. هەمانکات "هەڵۆکانی ئازادی کوردستان" بەرپرسیارێتی ئەو چالاکیەشیان لەئەستۆ گرتو هەڕەشەی چالاکی دیکەشیان کرد. ڕژێمی تورکیا ئەم گروپە بە بەشێک لەتاکتیکە نوێیەکانی pkk دەزانێ بەڵام لێپرسراوانی کۆنگرەی گەل توخنی ئەم گروپە ناکەون.■

لەتونجەلی(دێرسیم) ئۆپەراسیۆن

SABAH

فەرماندەی جەندەرمەی مەڵاتیە "جۆشکون .ی" کە بۆ ئیجازە دەگەڕایەوە بۆ توراوزۆن، لەڕێگای گشتی نێوان دێرسیم - پلوومور دا لەلایەن چەکدارانی کوردەوە ڕفێندرا. لەبەر ئەم ڕووداوە هێزەکانی سوپا دەستیان بەئۆپەراسیۆن کرد. لێپرسراوی جەندرمە، مستەفا ئەرکان ڕایگەیاند: "ئەریان ڕفاندو هێزەکانمان لەتۆڵە کردنەوەدان". بەڕێوەبەری ئەمنیەت عوسمان ئۆزتورک و دادوەری گشتی کۆمار، حسین ئاکسو شایەتحالی ئەم ڕووداوە بونو گوتیان: لەشارێی نێوان پلوومور - دێرسیمدا چەکداران ١٥ ئۆتۆمبیلیان وەستاندو وێڕای کۆکردنەوەی دراو، ئەر جۆشکونیان دەستگیرکردو بردیان."

دەبێ بەشی دادی دەستور بگۆڕدرێت

Milliyet.com.tr

جەمیل چیچەکی وزیری داد ڕایگەیاند: بەشی دادی دستوری وڵات پێویستی بە گۆڕان هەیە. هەروەها سەبارەت بە جەنجاڵی ئەم دواییەی پرسەکانی داد گوتی: "لەلوغەتی ئێمەدا جەنجاڵ نیە".

چیچەک گوتی: "پێویستمان بەگۆڕان هەیەو ئەمەش سەدا سەدە بەڵام دەبێ بۆ ئەمە زەمینەی سازشو ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی برەخسێنین، دەنا کێشەکانمان قوڵتر دەبنەوە". ڕۆژنامەنووسان سەبارەت بەکێشەکانی داد لێیانپرسیو گوتی: لەلوغەتی ئێمەدا جەنجاڵ نیەو ئافەرین بۆ دادوەری تورکی کە لەکەشو هەوای تیرۆردا کاردەکات".

لەعنەت لەهەڵویستی CNN و ڕۆیتەرز..

Hürriyetim internetim

ئەردۆغان: چۆنچۆنی CNN و ڕۆیتەرز تیرۆریستانی PKK بەمیلیشا باسدەکەنو پێیان ناڵێن "تیرۆریست"؟ من لەعنەت لەم هەڵویستەیان دەکەمو پێیان دەڵێم، ئەوەی ئەمڕۆ دەیکەن سبەینێ یاخەی خۆتان دەگرێ..

ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لەبەرنامەیەکی سیاسی CNN ی تورکیدا بەشدار بوو و سەبارەت بەجموجوڵی چەکدارانەی ئەمدواییەی ناوچە کوردنشینەکان گوتی: ئەگەر پێویست بکات لەودیوی سنووریش ئۆپەراسیۆن دەکەینو گوێ بەشتی دیکە نادەین. بێگومان وەک وتم ئەگەر پێویست بکات... هەروەها سەبارەت بە بەرپەرچدانەوەی ئەمریکاو ئەوروپا سەبارەت بەPKKگوتی: "پێیان دەڵێین ئەمانەتیرۆریستن، دەڵێن ئەوەتا خستومانەتە ناو لیستی تیرۆرەوە..." ئایە تەنها بەخستنە ناو لیستەوە کێشەکە چارەسەر دەبێ؟ دەبێ بەرەنگاریان ببنەوە. کەچی تیرۆر لەئەمریکاو ئەورووپاوە پشتگیری دەکرێت!

بۆچی دیاربەکرو هەکاری؟

سەبارەت بەسەردانی شاندە ئەورووپاییەکان گوتی: چی دێنە تورکیا یەکسەر دەڕۆنە باشووری ڕۆژهەڵات (کوردستان) و سەردانی دیاربەکرو هەکاری دەکەن. ئاخر برایان ئەم وڵاتە پایەختی هەیە بۆنایەنە "ئەنقەرە". ئایە موخاتەبەکانتان لەهەکاریو دیاربەکرن؟..■

پارتی دادو گەشە پێدان، ملیتاریزمو یەکێتی ئەورووپا

محەمەد ئاڵتان

و/ سەردار سەلیم

GAZETEM.NET

لەکاتێدا کە بابەتی بەئەندامبوونی هەمیشەیی لەیەکێتی ئەورووپادا بابەتێکی فرەلایەنی کۆمەڵایەتیە، تورکیا تەنیا باس لەسەر لایەنێکی دەکات، ئەوەش باسی بەندەکانی پەیمانی کۆپەنهاگە کە لایەنە سیاسیەکەی قورساییەکی زیاتری هەیە. بەڵام لەڕاستیدا هەندێک بەندو مەرجیتریش لەئارادان کە بەبەندو مەرجەکانی پەیمانی ماستریخت ناوزەد دەکرێن. ئەوەش پێوانەکانی ئابوریەکی باش دیاریدەکات. لەوەش زیاتر بابەتەکە تەنیا لەمانەدا کۆتایی پێنایەت. ناوەڕۆکی پرۆژەی یەکێتی ئەرووپا مەیدانێکی بەرفراوان لە "لەدایک بوونەوە تا مەرگ" و لەهەموو بەشەکانی ژیان لەخۆ دەگرێت.چاو پێداخشاندنێک بەو بەرنامە نەتەوەییەی کە وا ئەنقەرە ئامادەی کردووە، بەسە بۆ ئەوەی کە بزانین ئەو بەشەی وا باسی لەسەر دەکەین، چەندە بەرتەسکو بێبەرهەمە. تەنانەت پێویستە ئەوەش وەبیر بهێنینەوە کەئەو مەرجانەی کۆپەنهاگ کەئێمە بەگومانی پێکەوە گونجانی ڕەفتارەکانمان لەگەڵیان چاو لەهەڵسو کەوتەکانی خۆمان دەکەین، دە ساڵ بەر لەئێستا بۆ وڵاتە کۆنە سۆسیالیستەکان دانراون، واتە ئێمە لەگەڵ ستانداردەکانی دە ساڵ بەر لەئێستادا خۆمان خەریک دەکەین! ئەوەش لەکاتێکدایە کە یەکێتی ئەورووپا لەماوەی ئەم دە ساڵەی دوایدا گۆڕانکارییەکی زیاتری تۆمارکردووە. ئەو شتانەی کە وا یەکێتی ئەورووپا لەم پێواژۆیەدا سەبارەت بە مەرجەکانی کۆپەنهاگ لەئێمەی دەوێ ئەم سێ مادەیەی خوارەوەن.

١.نەهێشتنی هەموو جۆرێکی ئەشکەنجەدان.

٢.پیادە کردنی بنەماکانی ئازادی دەربرینی بیروڕا.

٣.نۆرماڵ کردنەوەی پەیوەندی نێوان سیڤیل - سەرباز.

پارتی دادو گەشە پێدان کە سەبارەت بەئەندامبوون لەیەکێتی ئەورووپادا پێداگریەکی شێلگیری لەخۆی نیشان داوە، بەدیاریکردنی پێشگیریەکی تەواوەتی لەئەشکەنجەوە دەستی بەکار کرد. ئەگەر بیر لەوە بکرێتەوە کە تاوەکوو ئێستا لەسەدا هەشتای ئەو سکاڵاو گلەییانەی سەبارەت بەتاوانی ئەشکەنجە کردن پێشکەشکراون تووشی تێپەڕبوونی زەمەن بوون، مرۆڤ تێدەگات کەهەندێک ناوەندی گرنگی هێز لەناو دەوڵەتدا ئەشکەنجەگەرانو ئەشکەنجە دەپارێزن. لەڕاستیدا بەئەگەرێکی گەورە ئەو سکاڵایەی مانیساش کەسەبارەت بەئەشکەنجە کردنەوەحەت ساڵو نیوە کە درێژەی هەیەو ئێستا لەراپۆرتی پێشکەوتنەکاندا جێگای خۆی گرتووە،



محەمەد ئاڵتان - نوسەرو ڕۆژنامەنووسی تورک

تووشی تێپەڕبوونی زەمەن دەبووو لەبیر دەکرا. بەڵام یەکێتی ئەورووپا فریا کەوتو دۆزەکە گەیشتە ئەنجامی خۆی. هەرچەند کە لەدادگای باڵادا تووشی ئەو دەردە بووبێت، دیسان ئەگەر سەرکەوتنێک بەدەست بهێنێت ئەمە دەبێتە هەنگاوێکی گەورە.

بابەتی ئازادی بیروبۆچوون لەجۆری ئەو مادەیەکە زووتر لەمادەی یەک و سێ، چارەسەری بۆ دەدۆزرێتەوە هەرچەندە کە پارتی دادو گەشە پێدان لەسەر بابەتی مادەکانی ١٥٩و٣١٢ی یاسای کۆماری تورکیا ئیرادەو توانی سیاسی خۆی جودا بکاتەوە، بەڵام وەکو ئەو مادەیەی کەوا لەئیتالیای مۆسۆلینیدا دانرابوو، دەتوانێت بەخستنە بەر باسی مادەی ١٥٩ لەمادەی١٦٠دا زووتر ئەم بابەتە چارەسەر بکات.

پەیوەندی سیڤیل - سەرباز بۆ پارتی دادو گەشەپێدان زۆرترینو قورسترین کێشە دروستدەکاتو ترسێکی زۆری لەم بارەیەوە هەیە. لەتورکیادا بەهیچ جۆرێک بەمەدەنی بوون دروست نابێ. قۆناغی یەکێتی ئەورووپا هەمیشە باس لەگرنگی ئەم ڕەوشە نائاساییە دەکات. پارتی دادو گەشەپێدان کەشو هەوایەکی دیموکراتیانەی دەوێت، بەڵام هەست بەوەش دەکات بەبێ یارمەتی یەکێتی ئەورووپا توانای دروستکردنی ئەوکەش و هەوایەی نیە. تورکیا چەندە لەیەکێتی ئەورووپا نزیک ببێتەوە، بەهەمان ئەندازەش لەملیتاریزم دوور دەکەوێتەوە. بابەتە یاساییەکانی ئێمە لەلایەن ڕژێمێکی یەک حزبیەوە دەستنیشانکراونو کودەتای ١٢ی ئەیلول پێی گەیاندوەو ٢٨ی شوبات بەشێوەیەکی بڕوا پێنەکراو ڕوپۆشێکی بۆ دروستکردووە.

دروستکردنی گۆڕانکاری لەبەشە سەربازیەکەی ئەمەدا یان وەکو پێکهێنانی یاساکانی ئێستا پێویستی بەوەرچەرخانێکی گەورە هەیە(بۆ نمونە یاسای سزای سەربازی هەر جۆرە لێدوانێکی سیاسی بۆ کەسی سەرباز قەدەغە دەکات) بەڵام تاوەکوو ئێستا کەس شایەتی پراکتیزە بوونی ئەم یاسایە نەبووە. هیچ کەسێک لەو کەسە سەربازیانەی کە ئیدیعا دەکرێت دەستیان لەدامەزراندنی تۆڕی دژە یاسایی وەکوو چەتەی "سوسورلووک" هەبووە تاوەکوو ئێستا نەهێنراونەتە بەردەم دادگا. چاودێری خەرجە سەربازییەکان ناکرێت، دەزگای پاراستنی نەتەوەیی کە وەکو دەزگایەکی سەرووی پەرلەمان کار دەکات خۆی ناکێشێتەوە. ئەمەش لەکاتێکدایە کە ئەگەر هیچ یەک لەمانە نەبن ناتوانرێت باس لەسەروەری یاساو دیموکراسی پەرلەمانی بکردرێت.

بتەوێ و نەتەوێ کاتێک کە پارتی دادو گەشە پێدان بیەوێت لەقورسایی سیاسی سەربازەکان کەم بکاتەوە، لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا هاوکاری دەکاتو خۆی لەخۆیدا بەوتنی "ئەوەی لەسەر بان کەوتبێتە خوارەوە لەحاڵی ئەو کەسە تێدەگات کەلەسەر بان دەکەوێتە خوارەوە"، باس لەئارەزووی یەکێتی ئەورووپای خۆی بۆ جەماوەر دەکات. دەسەڵاتی بیرۆکراسیەتی چەکدار یەکێکە لەگرنگترین کێشەکانی تورکیاو هێزە دینامیکە ناوخۆییەکانیش توانای نۆرماڵکردنەوەی ئەمەیان نیە. ئەو دەسەڵاتەی کە نەتوانێ ئەشکەنجەگەران سزا بداتو قسەی خۆی بەسەر سەربازەکاندا زاڵ بکات، ناتوانێت ببێتە دەسەڵاتێکی سیاسی. ئەمەش دەتوانرێت بەهۆی پشتیوانی یەکێتی ئەورووپاو پارتی دادو گەشە پێدان پێکبێت. لەوەش زیاتر پارتی دادو گەشە پێدان لەباری ئابووریەوە توانای دەرکەوتنی لەبازنەی کردارەکانی ڕێکخراویی بانکی جیهانی IMF نیە. باری ئابووری تووشی ئاڵۆزیەکی گرنگ بووە، ئەو هەلو مەرجەی کە بێ متمانەیی پێشدەخات دەبێ بەهۆی زیاد بوونی سوودوپەرەسەندنی ئیفلاسی ئابووریو بەرز بوونەوەی ئاستی قەرزدرای، کە ئەمەش نابێتە هۆی خۆکۆکردنەوەی تورکیا.

ئەو دەسەڵاتەی کە نەتوانێ ئەشکەنجەگەران سزا بداتو قسەی خۆی بەسەر سەربازەکاندا زاڵ بکات، ناتوانێت ببێتە دەسەڵاتێکی سیاسی

جەماوەریش لەبەر برسێتیو هەژاریو بێکاری پەرێشانو دڵگرانن، بەڵام لەسیاسەتەوە هیچ دەستێ بۆیارمەتیدانی ئەوان درێژنابێتەوە! وڵاتێک کەلەباری ئابووریەوە گەیشتبێتە خاڵی ئیفلاس، ناتوانی کەڵکێکی سیاسی هەبێت. لە دۆخێکی وەهاشدا تەنیا قۆناغی یەکێتی ئەورووپا بۆ پارتی دادو گەشەپێدان دەمێنێتەوە، لەوێدا جێگای تەنگ نیەو لەوەش زیاتر دەتوانێ پشتیوانی جەماوەر وەربگرێت.ئەمەش خۆی لەقازانجی تورکیاو جەماوەرە فراوانەکەیدا. بەدیموکرات بوونو دەوڵەمەند بوون بەڕێگای ڕەتکردنەوەی ملیتاریزمو کردارە ئابوورییە نابەجێکانەوە مومکین دەبێت. ئێستا دەتوانین بەڕێگای پارتی دادو گەشە پێدانەوە بەرەو ئەوێ هەنگاو هەڵبگرین، هەموو هیوایەکیشمان ڕۆیشتن بۆ ئەوێیە. ■

کورد لەڕوانگەی نوسەرانی تورکەوە

ڕاستی PKK ئاوایە: عەلی بابامان گرتووە بەڵام چل دزەکە هێشتا لەوێن

یەڵماز ئۆزدیل

SABAH

لەم ساڵەدا ١١٤ کوژراومان هەیە، بۆمباو مین دەتەقنەوە، ڕێگاکان دەگیرێن، مرۆڤەکانمان دەرفێنرێن، پۆلیسمان بەردە باران دەکرێ و ئاڵاکانی خۆیان هەڵدەکەنو ئاڵای وڵاتەکەمان دادەگرنو دەیدرن...

کەسەیری گۆشەی ڕۆژنامەکان دەکەم، پڕن لەبابەت، هەندێک لەسەرەک وەزیران دەپرسنەوەو هەندێکیش ڕوو لەسەربازەکان دەکەن....

قەڵەمەکان گەمە بەهەستی نەتەوەیی دەکەنو بزەی شیرین بۆجەرگە بریندارەکان لێدەدەن...

چەند ئیجرائاتیش بکرێ، حکومەت چیتر بەری تیرۆری پێناگیرێو دەستەوەستانەو پێشاندانی دەستەپاچەیی سوودی چیە؟ لەژوورە لوکسەکانماندا دادەنیشینو دەپرسین "ئەم دەوڵەتە لەکوێیە؟ یا خود..." لەسەر تابوتی شەهیدەکان فرمێسک دادەڕێژین!" ئایە نیشتمانپەروەری فرۆشتنی چەند ژمارەی زیاتری ڕۆژنامەیە؟

باسەیری ئەو ئەورووپایە بکەین کە زۆرمان خۆشدەوێ.

بۆنمونە ڕۆژنامەکانی ئینگلتەرە...

ئایە تاقە بەیاننامەکی "ئارتەشی ڕزگاری ئایرلەندا" بڵاو دەکەنەوە؟ یان ڕۆژنامەکانی ئەڵمانیا...لەگەڵ لیدەری ئەو ڕێکخراوانەی دوژمنی ئەڵمانیان ڕیپۆرتاژ دەکەن؟ مەحاڵە...

تەقینەوە دەبێ... جیاواز ڕەنگدەداتەوە.

ڕەشەکوژی هەیە، یەکسەر...ئەوەندە... پشتیوانی سیاسیو دەرونی ئەو تیرۆرە ناکرێ کە خودی خۆیانی کردۆتە نیشانە.

ئەی خۆمان چی؟

دوا نمونە لە "چەشمە"دا ڕوویدا. بۆمبا تەقیەوەو ٢٠کەسی بریندارکرد.

گوایە ئەمە زەبر لەگەشتیاری دەدات، چی لەدەستیان هات سەبارەت بەم ڕووداوە کردیان.

بەڵام هەمان ڕۆژنامەگەل.. سەبارەت بەقسە مەترسیدارەکانی ئاپۆ لەمەڕ وڵاتمان فزەیان لێوە نایە...

چەند ئیجرائاتیش بکرێ، حکومەت چیتر بەری تیرۆری پێناگیرێو دەستەوەستانەو پێشاندانی دەستەپاچەیی سوودی چیە؟

هۆی تەقینەوە لەخەڵک وەدەشێرن. هۆی ڕاشەکانەوەی ئاڵای دوژمنەکانمان لێدەشارنەوە...

بەهەڵە تێنەگەن باسی "سانسۆر" ناکەم.

باسی "بڕیارێکی نەتەوەیی" و "هەڵویستێکی هاوبەش" دەکەم.

بەکورتی... ئەگەر حکومەت بۆ ئەم وڵاتە باشی بکات با ڕۆژنامەنووسانی ئەم وڵاتە کۆبکاتەوە.

دەبێ لەبەرانبەر تیرۆرا! "زمانێکی هاوبەش"مان هەبێت.

چونکە پرسەکە زیانی بۆمبایەک نیە، پرسی زیاندەرانی وڵاتەکەمانە.

لەبەرکابەری هەواڵەکان، خەریکە دەبینە ئامرازی "بۆمبا بارانی سایکۆلۆژی". ئاگاتان لەخۆتان بێت.■

کورد پێویستی بەشەڕی سیاسیە لەتورکیا

عەلی کوردستانی

-لەچەند هەفتەی ڕابردوودا سەرلەنوێ پێکدادان لەنێوان کۆنگرەی گەلو سوپای تورکیادا (لەکوردستانی تورکیا) دەستی پێکردەوە. دەست پێکردنەوەی ئەم پێکدادانە لەکاتێکدایە کە ئێراقو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە کۆمەڵێک گۆڕانکاری گرنگ وگەورەدا تێپەڕ دەبن کە زۆربەی ڕووداوەکانی ناوچەکەش ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بەچارەنووسی کوردەوە هەیە، بۆیە دروستبوونی هەر جۆرە شەڕێکی تازەی کۆنگرەی گەل لەگەڵ تورکیادا مەسەلەکە لەگەڵ هاوکێشەوکێشەکانی ناوچەکەدا تێکهەڵکێش دەبێتەوە بەتایبەت لەگەڵ دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەییو سیاسی کورد لەعێراقدا. بۆیە ئەم مەسەلەیە دەبێت بەزووترین کات چارەسەر بکرێتو ڕێگە لەفراوان بوونی شەڕەکە بگیرێت، چونکە کاردانەوەی فراوانی بۆ سەرکورد لەناوچەکە دەبێت.

سەرۆک وەزیرانی تورکیا "ئەردۆغان" لەلێدوانێکی بۆ ئاژانسی ئەنادۆڵ وتی: "تورکیا مافی ئەوەی هەیە کە کێومالّی کوردە (چەکدارەکان) لەناو عێراقدا بکات، بەڵام ڕەخنەی لەلاوازی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گرت لەوەی تاکو ئێستا نەیتوانیوە سەربازگەکانی pkk دابخات کە لەساڵی ١٩٩٩ەوە پارتی کرێکارانی پێشوو لەباکوری ئێراق دایانمەزراندون.

هەروەها ئەردۆغان ئەوەشی ڕاگەیاند کە یاسای نێودەوڵەتی ڕێگە بەهەندێک کار دەدات، ئەگەر ئەو کارە پێویست بێت، ئەوا دەکرێت هەڵسین بەئەنجامدانی کردەوەکان لەپشتی سنوورەکانەوە. ئەم لێدوانەی ئەردۆغان ئاماژەی ترسناکی تێدایە بۆ شەرعیەت دان بە ئەدخولی تورکیا لەکارو باری کوردستانی باشور ئەگەر کۆنگرەی گەل بەردەوام بێت لەشەڕی سەربازی دژ بەتورکیا.

ئێستا کورد لەتورکیا پێویستی بەشەڕی سیاسی هەیە نەک سەربازی، چونکە کورد لەڕووی سەربازیەوە ناتوانێت شەڕی تورکیا بکات. لەلایەکی تریشەوە ئەم شەڕە دەبێتە هۆی لەدەستدانی دەعمی ئەمریکاو یەکێتی ئەورووپا بۆ کورد لەناوچەکەدا بەتایبەت لەتورکیاوە، چونکە لەقۆناغی ئێستادا ئەمریکاو ئەورووپا سیاسەتێکی هاوبەشیان بەرامبەر مەسەلە سەرەکیەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، بەتایبەت بەرامبەر کۆنگرەی گەل وڵاتە یەکگرتوەکانو یەکێتی ئەورووپا یەک هەڵویستنو هیچ فاکتەرێکی دەرەکی پشتیوانی شەڕی کورد دژ بەتورکیا ناکات. لەسەر ئاستی ناوەوەی کوردستانی تورکیاش بەحوکمی ئەوەی شەڕەکە بارودۆخی کوردەکان خراپتر دەکات ئەوانیش نابنە هێزێک بۆ دەعمی شەڕەکە.

بەدروستبوونی هەر جۆرە شەڕێکی تازەی کۆنگرەی گەل لەگەڵ تورکیادا مەسەلەکە لەگەڵ هاوکێشەو کێشەکانی ناوچەکەدا تێکهەڵکێش دەبێتەوە

کە واتە پێویستە کورد لەتورکیا لەوە تێبگات کە شەڕی سەربازی نەک چارەسەر نیە، بەڵکو شکست بەخەباتی سیاسی چەند جوڵانەوەیەکی تازەی کوردستانی باکور دێنێت،. بۆیە دەبێت کورد لەتورکیا ڕاهێنان لەسەر شەڕی سیاسی بکاتو ڕێڕەوی ڕاستی خەباتی کورد لەباکور هەڵبژاردنی ئەمجۆرە خەباتەیە بەتایبەت لەم شەڕەدا گرنگ ئەوەیە کە چۆن کورد دەتوانێت ببێتە هاوپەیمانێکی گرنگی ئەمریکاو یەکێتی ئەورووپا لەتورکیادا.

لەلایەکیتریشەوە کورد دەبێت بەدوای ئەوەدا بچێت کە چ هێزێک لەناو تورکیادا کاریگەرەو لۆبیە، چ دەوڵەتێک کاریگەری لەسەر سیاسەتی تورکیا هەیە، بەتایبەت بەرامبەر کورد. بەتایبەت بۆ کورد لەباکور ئەوە زۆر گرنگە کە لەکاریگەری شەراکەتی تورکیاو ئیسرائیلو لۆبی ئیسرائیلی لەسیاسەتی تورکیادا تێبگات، بۆ ئەوەی کورد لەڕێگەی شەراکەت لەگەڵ "ئەمریکاو یەکێتی ئەورووپاو ئیسرائیل"دا فشار لەسەر تورکیا بەرامبەر کورد دروست بکات. بەڵام کورد ئەگەر ئەم شەڕە بەمجۆرە نەکات هاوکێشەکە پێچەوانە دەبێتەوەو ئەو کاتە کورد لەتورکیا فشاری دەولی دەخرێتە سەر.■

لەپێنجەمین کۆنگرەیدا کۆمەڵەی خوێندکاران چی بکات باشە؟

هەڵمەت هوشیار

گرنگترین خاڵ لەکاری ڕێکخراوەییدا هەنگاونانە لەگەڵ تەوژمو شەپۆلەکانی گۆڕانو بەرەوپێشچونی کۆمەڵ، ناکرێ چیتر ڕێکخراوێکی گرنگی وەکو کۆمەڵەی خوێندکاران دەقاو دەق وێنە نماو ئاوێنەی حیزب یان دەسەڵات بێت، بەڵکو لەم بارودۆخە هەستیارو گرنگەدا زەرورە کە کۆمەڵەی خوێندکاران تەواو عەقڵانیانە، کاربکاتو چیدی لەو بەرنامە دەق بەستووەی کە لەپاش ڕاپەڕین پێویست بووکاری پێنەکاتو واز بهێنێ.

ئەمڕۆ بارودۆخ گۆڕاوە لەگەڵ گۆڕانی ئەویشدا خواستو داواکانی خوێندکاریش گۆڕاوەو زیادی کردووە، ئەمڕۆ خوێندکار ناڕوانێتە ئەوەی لەڕابردوودا چی بۆکراوە چونکە ساڵ بەساڵ عەقڵیەتی تازەترو کراوەتر دێتە پێشەوە ئەمڕۆ خوێندکار ئەڕوانێتە ئەوەی کەسەرجەم ڕێکخراوە خوێندکاریو قوتابیەکان چی لەهەگبەی کاریاندایەو بەرنامەی کامیان دەتوانێت ڕێنوێنی ئەو بکات بۆ هەنگاونان لەگەڵ تەوژمەکانی پێشکەوتن.

لێرەدا چەند سەرنجو زیادەیەک دەخەمە سەر پرۆژەکەی (فەهمی بورهان) سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان کە لە ژمارە (٣٤) دووشەممە ٢٠٠٥/٦/٢٧ لەڕۆژنامەی چاودێر لەژێر ناوی (لەپێنجەمین کۆنگرەیدا کۆمەڵەی خوێندکاران چی بکات باشە) بڵاوی کردبوویەوە.

١-لەڕووی گۆتارەوە:-

گرنگە گوتاری ئایندەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان گوتارێکی عەقڵانیانە بێتو وە دوور بێت لەهەموو ڕەنگدانەوەیەکی زەقی حیزبیانەو لەئاست بەرژەوەندیە گشتییەکانی خوێندکاردا هەڵوێست وەربگرێت گەر گەیشتە ڕادەی مانگرتن لەدەسەڵاتو حکومەتیش وە کاری ئایندەی کۆمەڵەی خوێندکاران لەسەر ئەوە بێت کەپەیوەندیەکی دۆستانە لەنێوان خوێندکارو مامۆستادا دروست بکات وە کاری جیدی بکات بۆ گۆڕینی سیستەمی وانە وتنەوە لەسیستەمی پۆلو بەشداری گشتییەوە بۆ سیستەمی گروپو لێکچەر (محازەرە) ئەمە جگە لەهەوڵدانی بەردەوام بۆ تێکەڵکردنی ناوەندەکانی خوێندنو بە بەردەوامی بەستنی کۆڕو سیمیناری زانستیانە بۆزیاتر بایەخدان بەناوەندەکانی خوێندنو بەرەودان بەکاری ڕێکخراوەیی.



٢-هەیکەلی ڕێکخراو:

بەهۆی فراوان بوونی سنوری کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستانو زیادبوونی ڕێژەی ناوەندەکانی خوێندن ژمارەی خوێندکاران پێویستە هەیکەلی ئەمجارەی کۆمەڵەی خوێندکاران بۆ باشتر ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان بەم شێوەیە بنیات بنرێتەوە.

أ-سکرتێر

سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکاران پێویستە خوێندکار نەبێتو دەرچووی زانکۆ یان پەیمانگە بێتو تەفەروغی تەواو بکات بۆکاری ڕێکخراوەیی و خاوەنی ڕۆشنبیریەکی بەرزو بەسەلیقە بێت و شارەزایی و ئەزموونی لەکاری ڕێکخراوەییدا هەبێت.

×دەسەڵاتەکان:-

پێویستە سکرتێر دیموکراتیانە کارەکانی ئەنجام بداتو خاوەنی دەسەڵاتی ڕەها نەبێت بۆ ئەوەی تاک ڕەوی لەکارەکانیدا ڕوونەدات، وە ئەم دەسەڵاتە کۆنگرە بۆی دیاری بکات.

ب/جێگری سکرتێر:-

سکرتێری کۆمەڵە گرنگە کەدوو جێگری هەبێت، جێگرێکیان بۆ کاروباری ڕێکخراوەیی و جێگری دووەمیان بۆ کاری ئیدارەو داراییو وە لەکاتی ئامادە نەبوونی سکرتێردا یەکێک لەو دوو جێگرە کەسکرتێر دیاری دەکات لەجێگەی سکرتێر کارەکانی ڕایی دەکات وەکۆنگرەش دەسەڵاتی ئەمان دیاری دەکات.

ج/مەکتەبی سکرتاریەت:-

زیادکردنی ئەندامانی سکرتاریەت بۆ (١٥-١٧) ئەندام وە بەشەکانی سکرتاریەت ئەزموونو پسپۆڕیەت لەدابەشکردنیاندا ڕەچاو بکرێت.

٣-لقەکان:

لەگەڵ زۆربوونی ڕێژەی خوێندکارو بەرفراوان بوونی سنوری چالاکی کۆمەڵەی خوێندکاران من لەگەڵ هەموو ئەو زیادکردنی لقانەدام کە (فەهمی بورهان)لەپرۆژەکەیدا خستویەتەڕوو، بەڵام سەبارەت بەکەرکوک من ئەم سەرەنجەم هەیە لەسەر پرۆژەکە:-

×لقی ئامادەیی و ناوەندیەکان

-لقی زانکۆو پەیمانگاکان

×لقی دووی کەرکوک بکرێتە ئەم دوولقە:-

-لقی چەمچەماڵ:

کۆمیتەکانی (چەمچەماڵ ١، چەمچەماڵ ٢، پەیمانگاکان، قەرەهەنجیر، تەکیە، شۆڕش، ئاغجەلەر، سەنگاو، شوان).

×لقی دووزخورماتو:

کۆمیتەکانی (دوز ١، دوز ٢، پەیمانگاکان، داقوق١، داقوق ٢).

٤-کۆنگرە:

بەهەمان شێوە من لەگەڵ پێشنیارەکەی (فەهمی بورهان)م بەبەستنی کۆنگرە (٣) ساڵ جارێ بەڵام ئەم سەرنجانەم هەیە

×شێوازی هەڵبژاردنی سکرتێرو ئەندامانی سکرتاریەت بەم میکانیزمەی خوارەوە بێت.

×بۆ هەڵبژاردنی سکرتێرو جێگرانی سکرتێر هەڵبژاردن بەجیا بکرێت واتا قائیمەی یان سندوقی هەڵبژاردنی سکرتێرو جێگرەکانی جیاواز بێتو سندوقی ئەندامانی سکرتاریەت جیاواز بێت.

×لەهەڵبژاردنی نوێنەرایەتیدا:

هەوڵبدرێت لیژنەیەکی خوێندکارانی پارێزگا هاوشێوەی ئەنجومەنی پارێزگا دروستبکرێتو هەموو قەزاو ناحیەکان نوێنەریان هەبێت و هەموو ڕێکخراوێک بەپێی قورسایی ڕێژەی دەنگەکانی نوێنەری هەبێتو لەخوێندنگاکانیشدا بەهەمان شێوە ڕێژەی دانانی نوێنەرەکان دیاری بکرێت.

وەلەکۆتایی پرۆژەکەدا، ئەوە گرنگە کە کاری ئایندەی کۆمەڵەی خوێنکارانی کوردستان لەڕووی چۆنایەتیەوە پەرەی پێبدات، نەک لەڕووی چەندایەتییەوە چونکە گرنگی دان بەچۆنایەتی زیادبوونی چەندایەتییە.■

ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان دوای تاوانەکەی گروپی شێخ زانا، داوای کۆنترۆڵکردنی مزگەوتو تەکیەو خانەقاکان دەکا

بەڕێزان:

- سەرۆکی هەرێمی کوردستان
- سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران - ئیدارەی سلێمانی
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران- ئیدارەی هەولێر
- حزبو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان
- ڕێکخراوە پیشەییو دیموکراتیەکان
- دەزگاکانی ڕاگەیاندن
- جەماوەری کوردستان:

وەک دەزانن ئەمڕۆ مەسەلەی تیرۆرو کردەوە تیرۆرستیەکان بونەتە مۆتەکە بۆ سەر دڵی ئازادیو ڕوناکیو یەکسانی لە هەموو جیهاندا، ئەوانە لەهەر شوێنێک بووبێتنو لەهەر قۆناغێکی مرۆڤایەتی دا بووبن زۆر دڕندانەو بە عەقڵی سیخناخ بەسەلەفیەتو گەڕانەوە بۆ سەردەمەکانی پەلاماردانو ئەنفالو زیندەبەچاڵ کردن دەیانەوێت ئەمڕۆ کۆمەڵ نوقمی جەهالەت بکەن. دیارە گۆڕەپانو مەیدانی کوردستانیش لەو مەسەلانە بەدەرنین، بۆیە ناو بە ناو لە ناوچەکانی کوردستان چەندین ڕوداوی چەشناو چەشنی تیرۆر دەبینین. وەک تەقینەوەی ئۆتۆمبیلی بۆمب ڕێژکراوو ڕفاندنو چەندین کاری قێزەونی دوور لەبەها کۆمەڵایەتیو مرۆییەکان. گومانی تێدانیە هەموو ئەم کردەوانە لە ژێر ناوی ئاینی ئیسلامو لەژێر چەتری ئیسلامو جیهادکردن لە پێناوی خواو ئیسلام دا بەڕێوە دەچێت، مزگەوتو دامەزراوە ئاینییەکانیش کە لە مێژووی سیاسیو کۆمەڵایەتی گەلی کورددا ، ناوەندێکی تری خەباتو تێکۆشان بوون بۆ ڕزگاری، ئەمڕۆ کراونەتە سەربازگەی مەشقو گوتاری مەرگ دۆستیو شەڕانگێزی ئیسلامییە توندڕەوەکان.

جەماوەری ئازادی خواز:

گروپی شێخ زاناش تەنها ئەڵقەیەکە لەو زنجیرە ئەڵقانەی کە لەکوردستاندا بە نیازن گەراکانی خۆیان هەراش بکەن. بە ڕاستو چەپ پەلاماری خەونەکانی تەواوی چینو توێژەکانی ناو کۆمەڵ بدەن بە لاوانو ژنانو مامۆستایانو ڕوناکبیرانو......هتد، لە بەرامبەریشدا دەبینین حکومەتو حیزبەکانی کوردستان لە ئاست ئەم جۆرە ڕووداوانە کەمتەرخەمن، کەمتەر خەم نەک بە مانای ئیجرائاتی ئاسایشمان وەک پێویست نییە، چونکە ماندونەناسانی ئاسایشو پۆلیس دڵسۆزانەو بوێرانە ڕووبەڕووی ئەوکردەوە تیرۆرستیانە بوونەتەوەو بونەتە قوربانیو چەندین شەهیدیشیان داوە. ئێمە دەڵێین: کەمتەرخەم بە مانای ئەوەی لە دوای ١٤ساڵ لە ڕاپەڕینو هاتنەکایەی دەسەڵاتی کوردی لەسەر خاکی کوردستان، تائێستاش کەمترین هەوڵی جدی دراوە بۆ لە ڕەگو ڕیشە هەڵکێشانی ئەم دیاردە قێزەونەو هەڵوەشاندنەوەی ژێر خانە ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتیو کەلتوریەکەی، لەو چوارچێوەیەدا خەمساردیەکی زۆر بەدی دەکرێت بەرامبەر پرۆژەی ئەقڵ داشۆرینی لاوانو بەکارهێنانیان لە کردەوەی قێزەونو تیرۆرستیدا، ئەمەش لە ڕێگای قۆرغ کردنی مزگەوتەکانو ناوەندەکانی خواپەرستی بۆ پەخش کردنی گوتاری مەرگ دۆستی. بۆیە لەم پێناوەدا ئێمە وەک ڕێکخراوی ئازادیی لاوانی کوردستان بانگێشەی تەواوی ڕێکخراوەکانی لاوان دەکەین بۆکاری هاوبەش بۆ بەگژاچونەوەی ئەم دیاردەیە، ئەوەی تێبینیش دەکرێت لاوان کراونەتە سوتەمەنی ئەم جەنگە. بۆیە دەبێت زۆر بە خێرایی لە سەر هۆکارو فاکتەرەکان بوەستینو بپرسین لاوان بۆ دەینەمۆی گەڕاندنەوەی کۆمەڵ بۆ دواوەو ئاشوبی ناو کۆمەڵن؟ پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەردوو ئیدارەکەوە یاسایەک بۆ بەڕێوەبردنی تەکیەو مزگەوتەکان دابنێنو زیاتر ئاگاداری ئەو حوجرانە بن کە تیایاندا دەرسی جەهالەت بڵاودەکرێتەوە، هەروا زیاتر گرنگی بدەن بە خواستو داواکاریەکانی لاوان، پیاوانی ئاینیش ڕۆڵی خۆیان ببینن لە هۆشیارکردنەوەی سەرلێشێواوەکان لەووتارەکانی نوێژی هەینی قسەکانیان ئاراستەی خەڵکی بکەن بۆ پاراستنی هەستی نیشتمانیو نەتەوەیی وڵاتەکەمان. قبوڵیش ناکرێت بە هیچ شێوەیەک ڕێگا بە هیچ لایەنێکو کەسێک بدرێت میحرابی مزگەوتەکان بەکار بهێنرێ بۆ دژایەتیکردنی دیارە مۆدێرنو شارستانیەکانی ناو کۆمەڵو ئازادی وکرانەوە لە ناوکوردەواریدا.■

ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان

٢٠٠٥/٧/١٦

■ سوپای پاسداران هاوڵاتییەکی کورد دەکوژن

کاتژمێر ٦ی سەرلەبەیانی ڕۆژی شەممە هێزێکی سوپای پاسدارانی ئێران لەسەر سنوری باشماخ - مەریوان تەقە لەهاوڵاتی خدر ئەحمەد بناوەسوتەیی دەکەنو لەئەنجامدا دەکوژرێت، شایەنی باسە ئەو هاوڵاتییە لەکاتی ڕووداوەکە لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان بووەو، هیچ ڕوونکردنەوەیەک لەسەر ئەو کارە لەلایەن پاسەوانانی سەرسنوری پێنجوێنەوە نەدراوە.■

■ لایەنگرانی عەلاویو صەدر بەنهێنی لەگەڵ تورکیا لەسەر مەسەلەی دەستوری عێراقی کۆدەبنەوە

ئاژانسی هەواڵی (شرق الاوسط)ی میسری بڵاوی کردەوە وەزارەتی دەرەوەی تورکیاو دەزگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو بەلقان تورکی لەهاوینەهەواری ئەباند نزیک ناوچەی بۆلۆی تورکیا هەستاوە بەڕێکخستنی چەند کۆبونەوەیەکی نهێنی لەنێوان بەرپرسانی حکومەتی تورکیاو هەندێک لایەنی عێراقی سەبارەت بەبڕگەو مادەو هەستیارەکانی دەستوری عێراق کەتێیدا بەرژەوەندییەکانو ئاسایشی نەتەوەی تورکیا تێدا ڕەنگ بداتەوە، شایەنی باسە لایەنی بەشداربووانی عێراقی بریتی بوون لە جێگری وەزارەتی دادی عێراقی، نوێنەری زەعیمی شیعی موقتەدا سەدرو هەردوو ئەندامی پەرلەمانی شیعەی تورکمانی عەباس بەیاتی و ڕیاض صاری کەهیە، نوێنەرانی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراقو هەندێک پیاوی یاساناسی کورد، جێگەی ئاماژەیە بەرپرسانی پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتی نیشتمانی کوردستان، کەبانگهێشتنامەیان بۆئەوکۆبوونەوەیە بۆ نەچوو بوو. هەمان سەرچاوە ڕایگەیاند چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لەنێوان بەرپرسانی حکومەتو پەرلەمانی تورکیا وەفدێک لەلایەنگرانی ئەیاد عەلاوی سەرەک وەزیرانی ڕابردووکۆبوونەوەیەک ڕێکخراوە کەتێدا باس لەدەستورو ئەو خاڵو بڕگانە کراوە کەتورکیای تێدا قەڵەق کردووە.■

■ لەسەر (پوش) سێ کوژراوو بریندارێک

لە کوردۆ-وە

ئێوارەی ٧/١٣ لەناوچەی شوانی کەرکوک، لەسەر (پوش) شەڕو پێکدادان لەنێوان گوندی (باوە فەتی بچوک وکونچک نەخشینە) ڕویدا، بووە هۆی کوژرانی سێ کەسو برینداربوونی کەسێکی دیکە، ئێوارەی هەمان ڕۆژ دەزگا بەرپرسەکانی ناوچەکە گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکەو بەریان لەگەورە بونی کێشەکە گرتوە هەتا ئێستاش لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێ. ■

■ PKK بەدوای تیرۆر کردنی کادیرە دابڕاوەکانی خۆیەتی

پ. هەولێر

پێش چەند ڕۆژێک هەڤاڵ برهان شاهین و هاوڕێیەکی بەناوی حاجی کە هەردووکیان خەڵکی عەفرینن، لە شاری حەلەب لە گەڕەکی سەبیل کاتێ دەیانەوێ سواری ئۆتۆمبیلەکەیان بن دەکەونە بەر دەسڕێی گوللەو لە ئەنجامدا هەڤاڵ بورهان بریندار دەبێت، شایەنی باسە وەک سەرچاوەیەک لە حزبی ویفاقی دیموکراتی کوردی سوریا، بە نووسینگەی هەولێری ڕۆژنامەی چاودێری ڕاگەیاند، ئەوان کۆنگرەی گەل یان تاوانبارکردووە، بەوەی کە ماوەیەکە دەستیان بە هەوڵی تیرۆرکردنی ئەو کادیرانەی کەلە PKK دابڕاونیان لەڕێکخراوو حزبی دیکەکاردەکەن کردووە، هەروەک ماوەیەک لەمەوبەر هەندێک لەو چەکدارانەی کۆنگرەی گەل لە دەوروبەری پێنجوێن لەلایەن ئاسایشی سلێمانییەوە دەسگیرکران هەر بۆ ئەم مەبەستە هاتبوونە ئەو ناوچەیەوە، ماوەیەکیش لەمەو بەر کەماڵ شاهین سکرتێری pyd بوو لە ناو pkk و دوای دوورکەوتنەوەی لەوان، لە نزیک کەمپێکی ئەو پارتە تیرۆرکرا، دوای دەسگیرکردنی هەندێ لەچەکدارانی کۆنگرەی گەل، دەرکەوت ئەوان دەستیان لە تیرۆرکردنی ناوبراودا هەیە.■

■ لە سیدەکان بازرگانی بە ئامێرەکانی حکومەتەوە دەکرێت

پ. هەولێر

ماوەیەک لەمەوبەر ڕێکخراوێکی بیانی (حەفارەیەک و شۆفلێکی تراکتۆر) بەمەبەستی خزمەتکردنی خەڵکی ئەم ناوچەیە پێشکەش بە شارەوانی سیدەکان دەکات، بەڵام ئەم ئامێرانە لەلایەن بەرپرسانەوە دەفرۆشرێتەو هاووڵاتی ئاسایی و لەبری کاروباری گشتی، بۆ مەبەست و بەرژەوەندی تایبەت بەکاردەهێنرێت.

دوابەدوای ئەمەش لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە (شۆفلێک و حەفارەیەک) پێشکەش بە شارەوانی ناوبراو دەکرێت، بەڵام ئەمانیش بەمەبەستی بازرگانی کردن ئاودیویی ئێرانی دەکەن.■

■ خزمەتگوزاری کۆریەکان لەهەولێر بۆ بەرژەوەندی حزبی بەکاردێت

پ. هەولێر

ماوەیەک لەمەو بەر هێزی کۆریەکان لە هەولێر پرۆژەیەکیان لەبەر دەست بووە و داوایان لە زانکۆ و ڕاگرایەتی کۆلێژەکان کردووە کە فۆرمی تایبەتی بۆ ئەو خوێندکارانە پڕبکەنەوە کە ئارەزووی بەشداری کردنی ئەو پرۆژەیان هەیە لەدوای ئەزموونەکانی کۆتایی ساڵ و پشووی هاوین، دیارە پرۆژەکەش خوولی زۆرگرنگ بووە، فۆرمەکەش ژمارەی تەلەفۆن و مۆبایل و ناونیشانی تەواوی تێدابوو. بۆیە دوای پڕکردنەوەیان لەلایەن خوێندکارانەوە کەوابنکەکانی ئاسایش و موختاری گەڕەکەکان لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ ئەو خوێندکارانە کردووە، کە ویستوویانە لە پرۆژەکەدا بەشداری بکەن.

شایانی باسە ئەمەش بۆتە شێوە شەڕێکی دەروونی بۆ ئەو خوێندکارانەی کە غەیرە پارتین.

بۆیە حەق نییە پرۆژەی خزمەتگوزاری تیپی زەیتوونی کۆریا لە هەولێر بۆ بەرژەوەندی حزبی بەکاربێت، چونکە ئەوان بۆ خزمەتکردنی گشتی هاتوون نەک بەپێچەوانەوە.■

■ تاقگەی بێخاڵ خاڵی ٢٥٠ دیناری لەسەرە

پ. هەولێر

ئێستا سەیرانگەکانی کوردستان بەهۆی ئەو شەپۆلە گەرمیەی هاوینەوە قەرەباڵغ و پڕ لە ئاپۆرەی خەڵکە، بۆیە ئەوانەی لەم سەیرانگایانە کاردەکەن ڕۆژ لەدوای ڕۆژ نرخەکان گران دەکەن و بە کەیفی خۆیان نرخ بۆکەل و پەل و شوێنی دانیشتن دادەنێن، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئێستا لە هاوینەهەواری بێخاڵ تەنیا بۆ سەیرکردنی تاڤگەکە دەبێ ٢٥٠ دینار بدەیت، وەک لە سەرچاوەیەکەوە پێمان ڕاگەیەنرا، ئەو پارەیە بەشی شارەوانی گەشت وگوزار وەریدەگرێت.■

■ بەنزینخانەیەکی سەرجادە دەسووتێت

پ. هەولێر

کاتژمێر ٨.٤٥ی ئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٥/٧/١٤ لەنزیک مەڵبەندی ٣ی ڕێکخستنی هەولێری (ی ن ک) و بەرامبەر کۆلیژی زانست، بەنزینخانەیەکی سەرشەقام کە نایاساییە گڕی گرت و هیچ دەزگایەکی ئاگر کوژێنەوەش نەگەیشتە شوێنی ڕووداوەکە، تا نزیکەی چارەگە سەعاتێک ئاگرەکە خۆی کوژایەوە و دامرکایەوە و لە ڕووداوەشدا هیچ زیانێکی گیانی بە دواوە نەبووە.

هەرچەندیشە بە پێی یاسا ئەم جۆرە بەنزینخانانە و بەنزین فرۆشانەی سەرشەقام و جادەکان قەدەغەیە، بەڵام ئەم دیاردەیە ڕۆژانە هەر دەبینرێ و بازاڕیشیان گەرمە.■

■ تەقەکردنی ئەمەریکیەکان لەکورد بۆ جاری چەندەم

پ. هەولێر

ڕۆژی ٢٠٠٥/٧/١٤ نزیک نەخۆشخانەی لەدایک بوون، هێزێکی ئەمریکی تەقە ئۆتۆمبیلی کارگێری لقی ١٦ی پارتی دەدەنە بەرگوللەو لەئاکامدا برایەکی بریندار دەبێت، شایەنی باسە بەر لەبیست ڕۆژ هەر لەشاری هەولێر هێزەکانی ئەمریکا تەقەیان لە ئۆتۆمبێلێکی تەکسی کرد، بەڵام هیچ زیانێکی گیانی بەدواوە نەبوو. جێ باسە ئەمە چەندەمین جارە هێزەکانی ئەمریکا لەسنووری هەولێر تەقە لەخەڵکی دەکەن... ئاخری خێر بێ.■

■ شەست ماڵو شەش موختار

پ. سۆران

گوندی گرتک سەر بەناحیەی سمیلانی دەڤەری باڵەکایەتییە، نزیکەی شەست ماڵێکی لێیەو شەش کەس بەفەرمی موختارنو مۆریان لەژێر دەستایە، کەهەر دە ماڵو موختارێکی بەردەکەوێ، بۆیە حەقوایە ئەنجومەنی ئەو گوندە ناو بنێن ئەنجومەنی موختاران ئەمەش ناوی موختارەکانە:

١-قادر پەری

٢-زرار عبدالرحمن

٣-ابا عبیده

٤-ملا مزهر ملا قادر

٥-محمد شلانی

٦-وەستا علی■

ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئێران و ئێکسپایەربوونی ریفۆرمخوازانی کورد

خالید محەممەدزادە

سەرئەنجام خولی دووهەمی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری ئێران بە سەرکەوتنی مەحمودی ئەحمەدی نەژاد کۆتایی پێ هات. ئەم سەربازە نادیارەی ئیمامی زەمان لە هەر دوو خولی هەڵبژاردن دا نە تەنیا لە کوردستان دا دەنگی نەهێنا، بەڵکوو بە هۆی بێزراوبوونی و رۆڵی چەندین ساڵەی لە سەرکوتی خەڵکی کوردستان و بەشداری لە تیرۆری پێشمەرگەو رێبەرانی کورد، لە بنەرەت دا نە تەنیا سەرنج راکێش نەبوو، زۆر لە چاودێرانی سیاسیش لەو بڕوایەدا نەبوون کە ئەحمەدی نەژاد ببێ بە شەشەمین سەرکۆماری ئێران پاش شۆرشی ١٩٧٩.

"شوورای هاوئاهەنگی ریفۆرمخوازانی کورد" پاش شکستی موعین(کاندیدای دڵخوازیان) لە خولی یەکەم داو دوای سێ رۆژ بێ دەنگ بوون و بە دوای ساغ بوونەوەی موعین و بەرەی مشارەکەت و سازمانی موجاهدینی شۆرشی ئیسلامی و بەشێک لە ریفۆرمخوازانی ناوەندنشینی حکوومی لە مەڕ دەنگدان بە هاشمی رەفسنجانی، لە پێنجەمین دانیشتنی خۆی لە شاری سنە وێرای هێنانە گۆرێی کۆمەڵێک گلەیی و گازندەی داخراوی جیناحی لە سەر رەفسنجانی و بە بێ ئاماژە بە رۆڵی رەفسنجانی لە تیرۆری رێبەرانی کوردو کوشتاری زیندانیانی سیاسی کوردو بە میلیتاریزکردنی کوردستان و بێ گوێ دانە بێزراوبوونی ئەم کاندیدایە لە کوردستان و وێرای بە هێند نەگرتنی بیرورای گشتی خەڵک نیسبەت بەم پیاوە، پشتیوانی ئاشکرای خۆیان لە هاشمی رەفسنجانی لە بەرانبەر ئەحمەدی نەژاد بۆ خولی دووهەمی هەڵبژاردنەکان دەربڕی و داوایان لە خەڵکی کورد کرد دەنگ بە هاشمی رەفسنجانی بدەن و سەرەنجام ئەم کاندیدا دڵخوازەی ریفۆرمخوازانی کوردیش نە تەنیا لە کوردستان دا دەنگی نەهێنایەوە بەڵکوو لە گەیشتن بە پۆستی سەرکۆماریش ناکام مایەوە.

عەبدوڵڵا رەمەزان زادە سەرۆکی ریفۆرمخوازانی کورد لە دانیشتنێکی ریفۆرمخوازانی کورد، وێرای پێ داگیری لە سەر ئەم خاڵە کە دەبێ بۆ مانەوەی "شوورای ریفۆرمخوازان" دژی پاسیف بوون و شۆرشگێرنەبوون کار بکەین، لە پێوەندی لە گەڵ دەنگدانیان بە هاشمی گوتی: "بۆ ئەوەی سنوورەکانمان نائارام نەبێ و سەرەرای رەخنەی زۆرمان لە رەفسنجانی ناچارین دەنگ بە ناوبراو بدەین، هەر چەند بە دەنگدانی ئێمە، رەنگە داخوازییە ١٥ مادەییەکەمان جێ بە جێ نەبێ، بەڵام چونکە لە بیری خۆمان و خەڵکی داین، مەجبوورین وەک ریفۆرمخوازێک دەنگ بە رەفسنجانی بدەین"

جەلالی جەلالی زادە ئەندامی ئەم شوورایەش هەر لەم دانیشتنەدا بە رەخنەگرتن لە خەڵکی گوتی: "خەڵکی بایەخی موعین یان نەزانی و ئێستاش مەجبوورین بۆ بەرژەوەندییەکانی خەڵک و دوور کەوتنەوە لە شەڕو ئاڵۆزی دەنگ بە هاشمی بدەین". بەڵام ئەوەی کە ریفۆرمخوازان قەد بیریان لێ نەکردبۆوە سەرکەوتنی بەرچاوی پاسدار ئەحمەدی نەژاد بوو کە بۆ ریفۆرمخوازانی کورد بە سێهەمین شکست لە یەک حەوتوودا دەژمێردرێ.

پشتیوانی ریفۆرمخوازانی بە رەگەز کورد لە رەفسنجانی پاش ئەو شکستە جەماوەرییە کە ئەمان لە هەڵبژاردنەکان دا بەریان کەوت، بووە هۆی ئەوەی لە خولی دووهەمی هەڵبژاردنەکان، جگە لە بەشداربوون رێگەیەکی دیکەیان بۆ نەمابۆوە. چونکە تەحریمی هەڵبژاردن بە نرخێکی زۆر گران بۆ ریفۆرمخوازان و بە تایبەتی ریفۆرمخوازانی کورد تەواو دەبوو. تەحریمی هەڵبژاردن دەبووە هۆی دەرکردنی یەکجاری ئەمانە لە ساختاری دەسەلات و سەندنەوەی هەموو ئەو ئیمتیازاتانەی کە ئەمان لە هەشت ساڵی رابردوودا بەدەستیان هێنابوو. لە لایەکی دیکەشەو دەبووە هۆی لێدانی مۆرکی "دژی شۆرش" بوون لە لایەن حاکمییەتەوە لەم باندە، کە بە هیچ شێوەیەک بۆیان دڵخواز نەبوو. هەر چەند سەرکەوتنی ئەحمەدی نەژادیش ترسێکی گەورەی خستوتە نێو ئۆردووگای ریفۆرمخوازانی کوردەوە. ئەوان بە دەرەنجامی ئەم هەڵبژاردنانە هەم بناغەی پایەگای جیناحی خۆیان لە نێو حاکمییەت دا لە دەست دەدەن و هەم لەکوردستانیش دا بە هۆی پشتیوانییان لە رەفسنجانی، دارێژەری تیرۆری دۆکتور قاسملوو دوایین پێگەی کۆمەلایەتی خۆیان بە یەکجارەکی لە دەست دەدەن.

ریفۆرمخوازانی کورد وەک پاشکۆی ریفۆرمخوازانی حکوومی کە دەبوا بەشداربن لە هەڵبژاردنەکانی خولی دووهەم، بە دابەشکردنی هەردوو کاندیداتۆر بە سەر دوو کاندیدای "خراپ" و "خراپتر" بە وتەی خۆیان لە نێوان "خراپ" و "خراپتر"دا دەتوانن یەکیان هەڵبژێرن. کە بەم دابەشکردنەش خۆیان لە ئۆردووگای هاشمی رەفسنجانی، واتە کاندیدای "خراپ" بینییەوە. کاندیدایەک کە بە هیچ شێوەیەک جێگای پەسندی خەڵکی کوردستان نەبوو. ئەم دابەشکردنەش لە هەمان کات دا دڵخوازی خەڵکی کوردستان نەبوو، چونکە هەر دوو کاندیداتۆر لە روانگەی خەڵکی کوردستانەوە بە سەر دوو کاندیداتۆری وەک فەرماندەر(رەفسنجانی)و بکوژی (ئەحمەدی نەژاد) رێبەرانی کورد لە ئاڵمان و ویەن دەناسرێن. جیا لەوەی کە خودی ئەحمەدی نەژاد لە تیرۆری پێشمەرگەکانی کوردستانی رۆژهەلات لە کوردستانی عێراق دا رۆڵی هەبووە. بە تایبەت ئەو ساڵانەی کە بە وتەی خۆی بەرپرسی ئاوەدانکردنەوەی شاری سەردەشت بووە.

ریفۆرمخوازان بۆ پاساوی دیفاع کردنیان لە موعین و بەرپەرچدانەوەی خەوارێک لە رەخنەی خەڵکی کوردستان لە هەڵسووکەوتەکانیان، "پشتیوانی موعین یان لەداخوازەکانیان" دەهێنایەوە. هەر بەم بۆنەیەوە لایەنگرانی "تەحریم"یان بە شەرئاشۆو هەندەران نشین دەدایە قەڵەم و بە توندی هێرشیان دەکردە سەر بزووتنەوی میللی دێموکراتیکی کوردستان کە ئەم هەڵبژاردنانەیان تەحریم کردبوو. ئەمجارەش بۆ پاساوی پشتیوانییان لە رەفسنجانی، وێرای لێدانی مۆرکی "بن ئاژۆخواز"و "توندرەو" لە ئەحمەدی نەژاد، بە هەڵبژاردنی سەنگەری دژایەتی کردن لە گەڵ ئەحمەدی نەژاد، کەوتنە پاساوی پشتیوانی کردن لە رەفسنجانی کە گوایە کەسێکی میانەرەوترە. بە بێ گەڕانەوە بۆ بیرورای گشتی خەڵکی کورد بە نیسبەت رەفسنجانی یەوە. بەو حاڵەش لە بەرنامەکانی رەفسنجانی دا هیچ ئاماژەیەکیش بە کوردستان و داواکانی نەکرابوو.



هەولی یەک دوو مانگی رابردووی ریفۆرمخوازانی کوردو قسەکانی رەمەزان زادە لە مەڕ پاراستنی "شوورای ریفۆرمخوانی کورد"، و دەنگدانیان بە هاشمی رەفسنجانی، وێرای دەرخستنی گرێدراوی سیاسی و فیکری یان بە ناوەند، دوورکەو تنەوەیان لەکۆمەڵگای کوردستان دەرخست و، زیاتر لە هەموو شتێک ئەم راستییەی سەلماند، کە ئەم شوورایە، پێش ئەوەی دەرکەوتەی نێو کۆمەڵگای کوردستان بێ، درێژکراوەو کۆپییەکی نێو ریفۆرمی حاکمییەتن، کە بە هەڵبژاردنی ئەحمەدی نەژاد دەروا دوا بزمارەکانی لە تابووتی ریفۆرمخوازی حکوومەتی بدرێت. هەر چەند مەرگی یەکجارەکی بە ناو ریفۆرمخوازان پێوندییەکی ئۆرگانیک و نەپچراوەی بە بوونی کۆماری ئیسلامی یەوە هەیە. ریفۆرمخوازانیش وەک دەرکەوتەیەکی نێو ئەم ساختارە مان و بوونیان گرێدراوە بە ساختاری حاکمییەتەوە. ئەو هەمووپێ داگیرییەی خاتەمیش لە مەڕیاسایی بوون و پاراستنی یاسای گشتی حاکمییەت، نموونەیەکی ئاشکرایە بۆ ئەم قسەیە. هەر چەند خودی ئەم یاسایەش گەورەترین کۆسپ بوو لە بەردەم ریفۆرمخوازان، بەو حاڵەش ریفۆرم لە یاسادا مەرگی ریفۆرمخوازانی بە دواوە دەهات.

هەڵبژاردنەکانی ئێران ئەگەر لە لایەک سەلماندی کە حاکمییەت ریفۆرم هەڵگر نیە، لەلایەکی دیکەشەوە بێ باوەری خەڵکی بە نیسبەت ریفۆرمخوازانەوە پێشان دا. هەروەها ئەم وانەیەی بۆ ریفۆرمخوازانی کورد بە دواوە بووکە مەرج نیە کاندیدای دڵخوازی ئەوان و سەپاوی حکومەت کاندیدای کوردان بن.

شکستی ریفۆرمخوازانی کورد لە هەمان کات دا شکستی هەوڵی هەشت ساڵەیان لە مەڕ بە ئەستوگرتنی رێبەرایەتی ویستەکانی کورد دەگەیەنێ! ریفۆرمخوازانی کورد لە یاساغ بوونی تێکۆشانی ئەحزابی رۆژهەلاتی کوردستان و قەدەغەبوونی تێکۆشانی پێشمەرگەدا هەولێکی زۆریان دا، چ لە ناوەنددا و چ لەکوردستان دا وەک نوێنەرانی کورد وەربگیردرێن، کە ئەم خەونەشیان بەدی نەهات و لە گەڵ دژایەتی خەڵکی کوردستان و بێ باوەری حاکمییەت بەرەورووبوون، بێگومان هەوڵدان بۆ وەدی هاتنی تەنانەت سەرەتایی ترین ویستەکانی کورد هەولێکی پیرۆزە، بەڵام ئەم باندە بە هێرش بردنە سەر بزووتنەوەی سیاسی کوردستان و پشت گوێ خستنی بیرورای گشتی خەڵک و بۆ بە دەست هێنانی کۆمەڵێک ئیمتیازی تاکەکەسی و مەحفەلی لە هەوڵی توانەوەی ئەم داخوازییانە بوون لە فەلسەفەی چەق بەستووی کۆماری ئیسلامی دا.

ئەگەر ریفۆرمخوازانی کورد دەیانەوێ درێژە بە ژیانی سیاسی خۆیان بدەن دەبێ پێش هەموو شتێک سنووری خۆیان لە گەل حاکمییەت دا دیاری بکەن و بگەرێنەوە نێو هەناوی کۆمەڵ و گوێ لەو بەمیلیۆن دەنگە نارازییەی بگیردرێ کە رووبەروویان کراوەتەوە. مێژووی سیاسی کوردستان نیشانی داوە کە تەنیا نوێنەرانی واقیعی کوردستان دەتوانن لە کۆمەڵدا پێگەی کۆمەلایەتی و سیاسیان هەبێ، بەداخەوە ریفۆرمخوازانی بەناو کورد پێش ئەوەی بەرهەمی ویستی ریفۆرم لەکوردستان دا بن، بەرهەمی ویستی ریفۆرم لە قۆناغێکی دیاریکراوی حاکمییەت دان، کە بە داخستنی دەرگای ریفۆرم لەحاکمییەتیش دا، کۆتایی بە ژیانی ئەمانیش دێ. هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نەژادیش سەرەتایەکی سامناکە بۆ راونانی ریفۆرمخوازان کورد لە لێواری ریفۆرمی حکوومەتی.

ریفۆرمخوازانی کورد لە هەشت ساڵی رابردوودا ئەوەندەی لە هەوڵی میکیاج کردنی باڵی خاتەمی و جوانکردنی سیمای ئەم باندەبوون لە کوردستان دا یەک لەسەدی ئەوەندەش هەنگاوی ریفۆرمیان لە ساختاری کۆمەڵایەتی وسیاسی کوردستان دا هەڵ نەهێناوەتەوە. هەشت ساڵ دەسەڵاتدارەتی ریفۆرمخوازان هاوکات دەبێ لە گەڵ جینایەتی ٣ی رەشەممەی سنە، گرتن و راوەدوونانی تێکۆشەرانی کوردو ئیعدامی زیندانیانی سیاسی کوردو لەهەمان کات شاهیدی بێدەنگی و بێ هەڵویستی ریفۆرمخوزان لەم پێوەندییەدا دەبین. ئەوە لە کاتێک دا بوو کە ریفۆرمخوازان لە رێگەی بلاوکراوەکانیانەوە لە هات و هاواردا بوون بە نیسبەت ئەو زەبرانەی کە لە تاران بەر ریفۆرمخوازانی ناوەندگەرا دەکەوتن. بەو حاڵەش دەنگی کورد بۆ ئەم بەرێزانە لە باشترین حالەت دا، کارتێک بووە بۆ شەرعییەت دان بە حاکمییەت و ئەمان تەنیا لەکاتی هەڵبژاردنەکان دا کوردیان بیر دەکەوتەوە.

بە بڕوای نووسەری ئەم دێرانە ریفۆرمخوازانی واقیعی کورد ئەو هەزاران پێشمەرگەن کە زیاتر لە نیو سەدەیە لە خەبات دان بۆ گۆرینی واقیعەتی مەوجوود لە کوردستان داو هێنانە سەرکاری سیستەمێکی دێموکراتیک کە هەموو کەسێک مافی دەنگدان و خۆ پالاوتنی هەبێ. ریفۆرمخوازانی کورد ئەو سەدان رۆژنامەنووس و رۆشنبیرەن کە کوردستان لە ژێر چەتری کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوان بووە بە زیندانێکی گەورە.■



حەسەن شەرەفی: پێمان خۆش نییە ئێران بکەوێتە بەر پەلاماری دەرەکی

"حەسەن شەرەفی" جێگری سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) سێ شەممەی هەفتەی رابردوو لەکۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا وێرای ئاماژە بۆ بارودۆخی ناوچەو هەڵبژاردنی مەحموود ئەحمەدی نەژاد لەئێراندا رای گەیاند: پێمان خۆش نییە ئێران بکەوێتە بەر پەلامارو دەستێوەردانی دەرەکی.

ناوبراو وتی: لەروانگەی کۆماری ئیسلامیەوە هاتنە سەرکاری مەحموود ئەحمەدی نەژاد تەمەنی ئەو دەسەلاتە درێژ دەکاتەوە، هەر بۆیە هەموو توانای خۆیان بۆ سەر خستنی خستە گەڕ. بەڵام ئێمە پێمان وایە هێنانە سەرکاری ئەحمەدی نەژاد وەک کەسێکی رادیکاڵ کە خەریکی کاری نیزامی و ئیتلاعاتی بووە نەک کاری سیاسی، نیشان دەدات کە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لەداهاتوودا تووشی کێشە دەبێت و بەرەو رێگەیەکی داخراو دەڕوات.

بەپێی راپۆرتی پەیامنێر، حەسەنی شەرەفی رایگەیاند کە ئەوان بەڵگەی تەواویان لەسەر تێوەگلانی مەحموود ئەحمەدی نەژاد لەتیرۆرکردنی عەبدولرەحمانی قاسملوو سکرتێری پێشووی ئەو حیزبەدا هەیەو هۆکاری بێدەنگبوونی حکوومەتی نەمساشی لەو رووداوە بۆ بەرژەوەندییە ئابووریەکانی نەمسا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران گەڕاندەوە. ناو براو سەبارەت بەزەروورەتی هێنانە ئارای بەرەیەکی کوردستانی لەنێوان حیزب و لایەنە سیاسیە کوردییەکانی رۆژهەڵاتدا وێرای ئاماژە بەوەی کە ئەوان ئەرک بەو پێویستییە دەکەن وتی: ئەوەی لەهەرێمی کوردستان بەرهەم هاتووە، ئەگەر چی بەرهەمی رەنج و تێکۆشانی خەڵکەکەیەتی، بەڵام لەهەمان کاتدا بەرهەمی پێکهێنانی بەرەی کوردستانی و کاری پێکەوەیی بوو، ئێمەش دەبێت لەئەزموونی ئێرە قازانج وەربگرین.

جێگری سکرتێری حیزبی دیموکرات لەدرێژەی وتەکانیدا لەم بارەوە زیادی کرد: تا ئێستا هێزو لایەنە کوردییەکان چەندین جار لەسەر پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو کۆبوونەتەوەو کێشەیەکی مەبدەیی بۆ هێنانە ئارای ئەو بەرە یەکگرتووە لەئارادا نییە.■

درێژەی روداوی شەهیدکردنی لاوێکی بێ گوناح

ناوبراو کە وەکوو کەسێکی زۆر چالاک ناوی هەبوو، لەتەواوی چالاکی و خۆپیشاندانەکانی مەهاباد دا دەور گێڕ بووەو دژ بەکۆماری ئیسلامی بەردەوام خەباتی کردووە.

بەپێی هەواڵێک کە لەماڵپەری رۆژهەڵاتدا بڵاو کرایەوە وا دیار بوو کە شەهید شوانە سەر بەهیچ گروپ و لایەنێک نەبووە. بنەماڵەی شوانەی سەید قادر لەم بارەیەوە بەدەرکردنی ئاگادارییەک باسیان لەبێ لایەنی ئەو کردبوو وە رایانگەیاندبوو کە شوانە سەر بەهیچ گروپ و حیزبێک نەبووە ، بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە یەکێتی شۆرشگێرانی کوردستان بەدەرکردنی ئاگادارییەک رایگەیاند کە ئەندامی ئەو حیزبە بووە.

لەئاگادارییەکەی یەکێتی شۆرشگێراندا هاتووە کە، شەهید شوانە لەرێکەوتی ٢٠٠٤/١٠/٢٣دا، بۆ خەبات لەپێناو ئازادیی و رامالینی دوژمنی داگیرکەر، پێوەندی بەیەکێتی شۆرشگێرانەوە کردو پاش تێپەڕ کردنی خولێکی پەروەردەیی ئەرکی کارو چالاکی لەشاری مەهاباد گرتە ئەستۆو بەناوی رێکخراوەیی "کۆردۆ" وە بەرەو شارەکەی قازی گەڕایەوە.

هەر بەم بۆنەیەوە لەدیکەی شارەکانی رۆژهەڵاتدا خەڵک بۆ پرۆتیستۆ کردنی ئەم کردەوەیە خۆ پیشاندانیان ساز کردو هێزەکانی رژێم بۆ بەرگریی لەسەرهەڵدانی هەر چەشنە کردەویەکی دژ بەنیزام و سەرکوتکردنی هەستی خەڵک حکومەتی نیزامیان بەرێوە برد.

پێویستە بوترێ بەم بۆنەوە لەماوی هەفتەی رابردوودا شاری مەهاباد بارودۆخێکی ئاڵۆزی لەخۆی گرتبوو و چەندین خۆپێشاندان و کۆبوونەوە لەلایەن خەڵکی ئەم شارەوە دژ بە رژێم بەرێوە چووکە لەئاکامدا چەند کەس دەسگیر کران، دوو رۆژیش دوکان و بازاڕی ئەم شارە داخرا.■

لایەنگری رۆژنامەنووسان و رووناکبیرانی کورد لەئەکبەر گەنجی

کۆمەڵێ لەرۆژنامەنووسان و رووناکبیرانی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان بەدەرکردنی بەیاننامەیەک لایەنگری خۆیانیان لەئەکبەر گەنجی دەربڕیوەو زیندانی بوونی ئەویان بەنارەوا زانیوەو کردەوەی دەسەڵاتدارانی ئێرانیان مەحکووم کردووە.

ئەکبەر گەنجی ماوەی چەند هەفتەیە بۆ گەیاندنی دەنگی خۆی بەگوێی جیهان، مانی لەخواردن گرتووەو کێشی لە (٧٠) کیلۆوە، هاتۆتە سەر (٤٧) کیلۆو تەندرووستی و سەلامەتی لەمەترسیەکی زۆردایە.

ئەوەش دەقی وەرگێردراوی بەیاننامەکە:

هاودەنگی و پشتگیری رۆژنامەنووسان و رووناکبیرانی کورد بۆ ئەکبەری گەنجی

بێگومان چاپکراوەکان وەکوو دەسەڵاتی چوارەمی دیمۆکراسی رۆڵێکی بەرچاویان هەیە لەپەرە پێدان و گەشەکردنی بایەخەکانی مرۆڤایەتی لەکۆمەڵدا. بەڵام دیرۆکی پڕ دەردو رەنجی رۆژنامەنووسان و چاپەمەنیەکان لەئێراندا، ئەم راستیە تاڵە دەردەخەن کەهەمیشە، هەرەشە، گوشارو بێ بەش بوون لەسەرەتاییترین مافە سروشتیەکان، دیاریی دەستی دەسەڵاتداران بووە بۆ ئەوان.

داخستنی چاپەمەنیەکان، خولی نوێی داخستنی بڵاوکراوە ناوچەییەکان و بانگ کردنی رۆژنامەنووسان، چێ کردنی دۆسیە بۆ چالاکانی بواری رۆژنامەنووسی و سیاسی، توندو تیژ کردنەوەی کەش و هەوای ئەمنی لەسەر کارو باری رۆژنامەنووسان، سوور بوون و پێداگری دەسەڵاتدارانە بۆکپ کردنەوەی داویین هەناسەکان.

بەردەوامی زیندانی بوونی رۆژنامەنووس و رووناکبیر "ئەکبەر گەنجی" و هەروەها خراپ بوونی باری تەندروستی ئەو بەهۆی مانگرتن لەخواردن، بۆتە هۆی نیگەرانی جیدی هەموو ئازادیخوازەکان لەجیهاندا.

ئێمە وەک کۆمەڵێک رۆژنامەنووس و رووناکبیری کورد سەرەرای مەحکوم کردنی بارودۆخی ئێستای ئەکبەری گەنجی، خوازیاری ئازاد بوونی ئەوین بەبێ هیچ مەرجێک و هەروەها لابردنی گوشارو هەرەشە لەسەر رۆژنامەنووسان و رووناکبیران. بێگومان ئەم چەشنە کردەوانە راشکاوانە دژایەتی بنەماکانی مافی جیهانی مرۆڤ، یاسای بنەرەتی، یاسای چاپەمەنیەکان و مافی میللەتە.

١.ئومید ئەحمەدزادە	رۆژنامەنووس
٢.مادێح ئەحمەدی	رۆژنامەنووس
٣.ئیجلال قەوامی	رۆژنامەنووس
٤.محەمەد سدیق کەبودوەند	رۆژنامەنووس
٥.عەدنان حەسەنپوور	رۆژنامەنووس
٦.عەدنان حوسینی	رۆژنامەنووس
٧.محەمەد سادقی	رۆژنامەنووس
٨. مەنسوور رەحمانی	رۆژنامەنووس
٩.بەختیار کەریمی	رۆژنامەنووس
١٠.فەیزەوڵڵا پیری	رۆژنامەنووس
١١.ئاکۆکورد نەسەب	رۆژنامەنووس
١٢.محەمەد موەفەقی	رۆژنامەنووس
١٣.شەهابەدین شێخی	رۆژنامەنوو
١٤.دوکتور سەلاحەدین خدیو	رۆژنامەنووس
١٥.سەعید ساعدی	رەخنەگر
١٦.حسەین محەمەدزادە	نووسەر
١٧.مەسعود رۆستەمی	نووسەر
١٨.محەمەد حوسینی	نووسەر
١٩.بەهاالدین ئەدەب	چالاکی سیاسی
٢٠.خوسرەوکورد پوور	چالاکی سیاسی
٢١.مەسعود کورد پوور	چالاکی سیاسی
٢٢.ئیسماعیل موفتیزادە	چالاکی سیاسی
٢٣.فەرید زەنگەنە	چالاکی سیاسی
٢٤.حامێد چارداولی	چالاکی خوێندکاریی
٢٥.کەیوان فەرەهمەندی	چالاکی خوێندکاریی
٢٦. شێرکۆ خالید	چالاکی خوێندکاریی
٢٧.داریوش داوەری	چالاکی خوێندکاریی
٢٨.فەهیمە ئەردەڵان	چالاکی خوێندکاریی
٢٩.ئارش ساڵح	چالاکی خوێندکاریی
٣٠.مەحموود پاک سرشت	چالاکی فەرهەنگی
٣١.سەید فەیسەڵی موجتەوی	چالاکی فەهرەنگی
٣٢.عەبدوڵڵا نیک پەی	چالاکی فەرهەنگی
٣٣.خۆسرەو دێهقانی	چالاکی فەرهەنکی
٣٤.یەدوڵا ئەخگەر	چالاکی فەرهەنکی
٣٥.حسەین حەمیدی	چالاکی فەرهەنکی
٣٦.عەلی عیبادی	چالاکی فەرهەنکی
٣٧.فایەق دەباغی	چالاکی فەرهەنکی
٣٨.هیوا یوسفی	چالاکی مەدەنی
٣٩.وەلی مورادی	چالاکی مەدەنی
٤٠.ئازاد لوتف پوور	چالاکی مەدەنی
٤١.سامان رەسوول پوور	چالاکی مەدەنی
٤٢.ناهید حسەینی	شاعیر
٤٣.بەهمەن عەموویی	چالاکی مەدەنی
٤٤.شێرکۆ جیهانی	چالاکی مەدەنی
٤٥.مستەفا ئەلیاسی	چالاکی مەدەنی
٤٦.نووشین ئەحمەدی	چالاکی ژنان
٤٧.قاسم روحبەخش	چالاکی فەرهەنکی
٤٨. محەمەد ئیزەدی	رۆژنامەنووس
٤٩. جەواد حەیدەری	رۆژنامەنووس■

روونکردنەوە

بۆ ئاگاداری خوێنەرانی بەرێزو داوای لێبوردن لەکاک مادێح ئەحمەدی، روونی دەکەینەوە کە بابەتی کۆمێدیایەک بەنێوی هەڵبژاردن کە لە دوو بەشداو لەژمارەکانی (٣٥و٣٦)ی چاودێردا بەناوی هاوار ـ سنە بڵاو کرایەوە، لەناوی نووسەرەکەیدا تووشی هەڵە بووین و بەم شێوەیە داوای لێبوردن دەکەین.■

کورتە فیلمی (دەف) بەرهەمی نوێی بەهمەنی قوبادی

بێساران فیروز

فیلمی دەف لە نوسین و دەرهێنانی سینەماکاری جیهانی (بەهمەن قوبادی) پاش فیلمی (کیسەڵەکانیش دەفڕن) لە چەند فێستیڤاڵێکدا نمایش کرا، ئەم کورتە فیلمە بەڵگەنامەییە سیمای خێزانێکی هەژاری دانیشتووی کوردستانی رۆژهەڵات پیشان دەدات کە هەموو ئەندامەکانی نابینان. ئەم کەسایەتیانە خاوەنی توانستێکی ئێجگار سەیرو بێوێنەن کە چۆن داهێنەرانە هەوڵی دروستکردنی ئامێری دەف دەدەن، تەنها لە رێگەی هەستی بیستنەوە لەگەڵ دیاردە کانی دەوروبەریان دا هەڵسوکەوت دەکەن و گوێچکە گەورەترین ئامرازی پەیوەندی کردنە بە دنیای دەرەوە! ئەم فیلمە گوزارشت لە رۆحی بەرزو هەستی خۆشەویستیی لێوانلێو لە ئومێدەواری لەلای ئەم کەسانە دەکات کە سەرەرای کوێر بوونیان بەوپەڕی بەهرەمەندیەوە ئامێری دەف دروست دەکەن و دواجار لە شارە گەورەکاندا بە نرخێکی ئێجگارکەم دەیفرۆشن و هەندێ جاریش دەیژەنن. قوبادی قۆناغەکانی دروستکردنی ئامێری دەف (ئامێری خوازراو لە لای کوردان) بە جوانترین شێوە نمایش دەکات لەم رووەوە مۆزیکی فیلمەکەی لە نێو دڵی فیلمەکەیداوەرگرتووەو سەدای دەف هاوشانی جوڵەی وێنەکان دەڕوات. فایق محەمەدی باوکی خێزانەکەیەو رۆڵی سەرەکی فیلمەکە دەبینێت، فایق لە فیلمی (گۆرانیەکانی نیشتمانی دایکم)دا سەرکەوتوانە توانی رۆڵی دەف ژەن و گۆرانی بێژێکی گەڕۆک ببینێت، لە راستیدا قوبادی دەیەوێت بە بیانووی مۆزیک و نەوای دەفەوە جیهانی پرئێش و ئازارو سەیرو سەمەرەی ئەم خێزانە پیشانی بینەر بدات کە سەرەرای کەمئەندام بوون و کێشەی ئابووری و کۆمەلایەتییەوە چیتر ئومێدەوارانە لەگەڵ ئەو گرفتانە دەجەنگن و بەرهەمی نوێ پێشکەش دەکەن! قوبادی لەم فیلمەدا گرنگی بە هەستە زیندووەکانی ئەکتەرەکانی داوە، لە راستیدا لە ناو مەرگ دا ژیان و لەنێو تاریکی دا رووناکی دۆزیوەتەوە! فیلمی دەف وتەی دڵی قوبادییە بۆ بینەر. هەوڵی فیلمساز بۆ دەربڕینی ئێش و ئازارەکانی دڵی خۆی و کەسایەتییەکانی ناو فیلمەکەی جێگەی بایەخە! لە کۆتایی فیلمەکەداوێنەی دەروێشەکانی کوردستان پیشان دەدات کە لەوپەڕی نەداری و نەبوونی هیچ جۆرە پێداویستیەک سەرقاڵی دەف ژەندن و زیکرن، ئەم فیلمە جگە لە یانەی هونەرمەندانی ئێران تا ئێستا لە چەند فێستیڤاڵێکی تردا نمایش کراوە، لەوانە: فێستیڤاڵی فیلمی جین جۆ لە کۆریا، سێیەمین فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە ئەڵمانیا، سێیەمین فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە بریتانیا، نۆزدەهەمین



فێستیڤاڵی فیلمی فریبۆرگ لە سویسراو بیستەمین فێستیڤاڵی فیلمی بەڵگەنامەیی میونیخ لە ئەڵمانیا.■

bisaran@yahoo.com

موزیک ژەنە ناودارەکانی جیهان

ئا: باران

١٨٦٨: براهمز، لەکلێسەی بریمەن "ریکویمی ئەلمانی" پێشکەش دەکات، ئەم بەرهەمە یەکێکە لەبەرهەمە فەلسەفیە گەورەکانی دینی، لەمێژووی موزیکدا.

-برۆکنەر: لەڤیەنا، سیمفۆنیای یەکەمی کەناسراوە بە "لینز" پێشکەش دەکات، بەڵام، پێشوازیەکی ساردی لێدەکرێت.

١٨٦٩: فرانز فولنەر: لەسمیونخ، درامایەکی ڤاگنەر بەناوی "زێرەکانی راین" پێشکەش دەکات.

١٨٧٠: شەڕی روسیاو - فەرەنسا، دۆڕاندنی فەرەنسا لەسیدان، دوژمنایەتی کردنی کلتوری ئەڵمانیا لەئەوروپا.

-فاگنەر، قارەمانێکی نیشتمانی ئەڵمانیایە.

-فرانز فولنر: لەمیونخ "بەشی دووەمی درامای "فالکیری" نیشانی دەدات.

١٨٧١: فێردی: لەقاهرە، ئۆپرای "عایدە "پێشکەش دەکات، ئەمەش یەکەمین بەرهەمی ئۆپیوکارسی گەورەیەکە لەدەرەوەی کیشوەر پێشکەش بکرێت.

-"فرانگ، سان سان، لالو، ماسنە، بیزیە، دوبارک، فۆریە، لەپاریس، کۆمەڵەی نیشتمانی موزیک دروست دەکەن.

١٨٧٢: بیزیە، لەپاریس، "ئێرنیزیین" لەباریس پێشکەش دەکات.

١٨٧٣: برۆکنەر: لەڤیینا، سەمفۆنیای دووەمی پێشکەش دەکات

تشایکۆمنی: لەمۆسکۆ سیمفۆنیەی دوەمی پێشکەش دەکات.

١٨٧٤: مودست بترۆفیتش، لەسان بترسبۆرگن ئۆپێری گبوریس گوردنۆف" پێشکەش دەکات.

-فێردی: بەرهەمێکی ئایینی گەورە: ریکویمی میسادا" پێشکەش دەکات ئەم بەرهەمەش وەک لاوانەیەک بووە، لەژێر کاریگەری مردنی نوسەری گەورەی ئیتالی "ئەلساندرو مانزونی".

١٨٧٥: بیزیە: لەپاریس و ئۆپێرای کۆمیدی "کارمن" پێشکەش دەکات. ئەم بەرهەمە، بوو بەمایەی ناوبانگێکی گەورەو ئینجا مردنی.

-تشایکۆفسکی: لەمۆسکۆ، سەمفۆنیای سێی پێشکەش دەکات، ئەم بەرهەمەش پێشوازییەکی ئێجگار گەورەی لێکراوە، دیارە لەمێژووی سمیفۆنیای روسیدا، بەرهەمی ئاوا گەورە پێشکەش نەکراوە.

١٨٧٦: فاگنەر: لەبایرویت: "ئەنگوستیلەی نیبلوینج" پێشکەش دەکات.

-براهم: لەمانهاین، سەمفۆنیاییەکی پێشکەش دەکات.

١٨٧٧: برۆکنەر: لەڤیەنا، سەمفۆنیای سێی پێشکەش دەکات.■

گەلەری زاموا لە پیشانگەی ساڵانەیدا

ئا/هیوا

ساڵانێک بوو شێوەکاران بۆ ماڵێک دەگەڕان کەتیایداکۆببینەوەو کارەکانی خۆیانی تێدا نمایش بکەن، لەدوای راپەڕین ئەو خەونە بووە واقیع و ماڵێک کەتیایدا پانتاییەکی فراوانی بزووتنەوەی شۆڕشی کورد لەو ماڵەوە سەرچاوەی گرتووە کەماڵی نوسەرو شۆڕشگێڕو هاندەری بزووتنەوەی نوێگەری مامۆستا (برایم ئەحمەد) بوو بووەئەو ماڵەو لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٥وە تا ئەمرۆ بۆتەوە ئەو ماڵە بەردەوامەی کەشێوەکاران خۆیان تێدا بینیوەتەوە، هەرلەو روانگەیەوە بووکەرۆژی ٢٠٠٥/٦/٣٠ ساعات (٦)ی ئێوارە بەئامادەبوونی هونەرمەندان و دەزگاکانی راگەیاندن پیشانگەی ساڵانە کرایەوەو تیایدا کاری (١٣٠)شێوەکاری لەخۆگرتووە هەرلەکاری (سیرامیک،تابلۆ،پەیکەر)ی لەخۆگرتووەو تیایداکاری زۆر جوان و سەرکەوتووی تێدایە کەدەکرێت بووترێت شێوازی هەڵبژاردنی کارەکانی ئەمساڵ سەرکەوتووتر بووە چونکە کاری زۆر داهێنەرانەی تێدا دەبینرێت کەئەوەش جێگەی خۆشحاڵی بوو، لەهەمانکاتدا دەلیلێکی جوان بۆکردنەوەی پیشانگەکە لەچاپ درابوو کەکاری سەرجەم بەشداربووانی لەخۆگرتبوو.■



دەمامکەکان دەدوێن

دیمانەیەکی کورت لەگەڵ هونەرمەند: بەیان بەهمەنی

ئا: فەرزین

رۆژی چوارشەممە ٢٠٠٥/٦/٢٢ لەگەلەری بابان پێشەنگایەک کرایەوە لەلایەن هونەرمەندی سنەیی بەیان بەهمەنی، بەناوی (دەمامەکەکان دەدوێن)، هەربەو مەبەستەش چووینە لای ئەوکچە هونەرمەندە رۆژهەڵاتیەو بەم شێوەیە لەگەڵی دواین:

چاودێر: بەیان خانم دەکرێت زیاتر خۆتان بناسێنن؟

بەیان: بەیان بەهمنی، خەڵکی سنەم، لەدایکبووی ١٩٧٨، دە ساڵ کاری شانۆم کردووە، هاوکات لەگەڵ کاری شانۆ، کاری هونەریشم کردووە. کەئێستا وەک کاری دڵخوازی خۆم، دەمامکم سێ ساڵە دەست پێکردووە، لەسەر قوڕ، گۆزە، کابلە سووفاڵ ئیشم کردووە، هەروەها دروومانیشم کردووە. ماوەی ساڵێکە هاتووم و ئێستاش لەپەیمانگەم و بەشی گەشت و گوزار دەخوێنم.

چاودێر: بۆ دەمامک؟

بەیان: پێمخۆشە، حەزم لێیەتی. من لەگەڵ دانە بەدانەی ئەم تابلۆیانەدا ژیاوم، وەک منداڵی خۆم وان. دڵم بۆیان تەنگ دەبێت، شەوانە خەونیان پێوە دەبینم و لەگەڵیان دەدوێم، دەردەدڵیان بۆ دەکەم، بۆ دەمامک، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساڵانەی کەکاری شانۆم دەکرد. ئێمە لەکاری شانۆدا پێویستمان بەدەمامک هەبوو، دەبوایە بۆ بڕی کاری تایبەت و رۆڵی تایبەت لەدەمامک کەڵکمان وەرگرتبا، ئەوە یەکەم شت بوو کەئاوڕی بەرەو لای دەمامک پێدامەوە، ئێستاش هۆگری بووم و دەمەوێت بەردەوام کاریان لەگەڵ بکەم و زیاتر بیاندوێنم.



چاودێر: بەیان خانم لەوەی کەبۆیەکەم جار لەشاری سلێمانی و لەگەلەری بابان پێشانگات کردۆتەوە، پێخۆشحاڵی؟

بەیان: بەڵێ، زۆر پێخۆشحاڵم، لەوەی کەتوانیومە لەوڵاتێک بێجگەلە وڵاتەکەی خۆم، پێشانگا بکەمەوە، زۆر پێی خۆشحاڵم. زیاتر لەوە خۆشحاڵم کەشانبەشانی دەرسەکانم لە پەیمانگا توانیومە کاربکەم. تاوەکو بتوانم ئەم پێشانگایە دانێم، لەگەلەری بابان و مامۆستا عەلی کەمالیش سوپاسی دەکەم بۆ یارمەتیان.

چاودێر: تا ئێستا چەند پێشەنگات کردۆتەوەو لەکوێ؟

بەیان: ئەمە سێیەم پێشەنگامە، لەسنە، سەقز، سلێمانی.

چاودێر: تۆبۆچی لەزانکۆ بەشی هونەر وەرنەگیرای یان بڵێم بۆچی نەچوویت بۆ کۆلێژی هونەر؟

بەیان: من زۆر هەوڵمدا بتوانم بچمە رشتەی هونەرەوە، بەڵام زانکۆ لە شەهادەکەم حاڵی نەبوو، من (گراحی دوخت)م خوێندبوو، کەگوتیان لێرە نییە، منیش بەناچاری رووم کردە پەیمانگە.■

ئەژدەر وەهبی دەنگێکی نوێی گۆرانی کوردییە

هەڵبەست

یەکێک لەو هونەرمەندە گۆرانبێژە گەنجانەی کە لەدەرەوەو وڵات ئەژی گەشەی داوە بە بەهرەکەی هونەرمەندی گۆرانیی بێژ ئەژدەر وەهبییە، ئەژدەر لەسەرەتای دەسپێکی لەپەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی بەهرەکەی تیا دەبینرا هەربۆیە مامۆستا سەرکار عیزەت زوو درکی بە بەهرەی ئەژدەرکردووە لەفێستیڤاڵەکان داو لەبۆنەکان دا هێور هێور توانای ئەژدەر بینراو دەنگی هەرزوو دەرکەوت و دەنگیشی دایەوە، دواتر ئەژدەر چووە ئەوروپاو ئەو بەهرەیەی گەشەپێداو ئێستا یەکێکە لەو هونەرمەندە دەنگخۆش تایبەتانەی کە گوێگرێکی زۆری هەیە بەتایبەتی لەناوگەنجان داوگۆرانیەکانیشی بەگشتی مۆرکی رەسەنایەتی کوردی پێوە دیارەو نەچۆتە ژێر ئەو تەوژمەوە کە گۆرانی کوردیان تێکەڵ بەگۆرانی تورکی کردووە، ئەمە یەکێکە لەو خەسڵەتە دیارانەی گۆرانیەکانی ئەم هونەرمەندە، لەئاستی هونەریش دا هەست دەکەیت گۆرانیەکانی ئەژدەر لەئاستێکی هونەری باش دایەو هەر زوو تێکەڵاوی ئاوازو مۆسیقاو گۆرانیەکانی دەبیت، هەربۆیە ئەم هونەرمەندە گەنجە کە رەسەنایەتی گۆرانی کوردی دەپارێزێت ئەم نوسینە تەنها گوڵێکە بۆ یەخەی گۆرانیەکانی و داهێنانەکانی.■

بواز

شاری خۆمان ماڵی خۆمانە

هاوڵاتی بوون خۆی لەخۆیدا واتایەکی فراوانی هەیە لەروانگەی زانستە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیەکانەوە، پاشانیش نەخشی یاخود رۆڵی تاک لەکایە مەعریفی و سیاسی و سەرجەم ئەو بوارانەی کەبەشێوەیەکی ئەکتیڤ کاریگەرییان لەسەر رەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵ هەیەو ئەو دەزگاو دامەزراوە حکومی و ئەهلیانەی کەبۆ خزمەتکردنی هاوڵاتیان خراونەتە کارەوە لەلایەن هاوڵاتییەوە چۆن مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و رۆڵی حکومەتیش چییە لەوەڵامدانەوەی پرس و داخوازی رۆژانەی هاوڵاتیاندا؟

دەمەوێت لەرووی پێشکەش کردنی کارە خزمەتگوزارییەکان لەلایەن حکومەتەوە تیشکێک بخەمە سەر چۆنیەتی مامەڵەی هاوڵاتیان لەتەک ئامرازەکانی سەردەم کەبۆ خزمەتکردنی کۆمەڵ دروست بوون.

سیستمی نوێی جیهان بۆ پراکتیزە کردنی دیموکراسی و ئازادیەکانی مرۆڤ هەر لەئازادی فیکرییەوە تا دەگاتە ئازادی بیرکردنەوەو جوڵەو هەڵسوکەوت و ... تاد. هەموو ئەمانە لەپێناو ژیانێکی باشترو گونجاوترن کەشیاوی مرۆڤی سەردەم بێت.

کاتێک تۆ سود لەو ئامرازانە وەردەگریت کەفەراهەم کراون بۆ ئاسانکاری ژیانی رۆژانەت و لەبەرامبەردا زانینی بەهاو نرخی ئەو ئامرازانە لەلایەن تۆی هاوڵاتیەوە زۆر گرنگە، هەر لەپاراستنیانەوە بیگرە تا دەگاتە چۆنیەتی بەکارهێنانیان، دەتوانین ئەمە بکەین بەپێوەرێک بۆ ئاستی رۆشنبیری تۆ وەک تاکێک لەناو کۆمەڵدا، هەرچەندە لەناو کۆمەڵی ئێمەدا ئامرازەکانی ئاسانکاری ژیانی رۆژانە بەبەراوورد لەگەڵ کۆمەڵە پێشکەوتوەکاندا زۆر نین و ئەوەندە بەربڵاو نین، بەڵام بەقەدەر ئەوە ئامرازو شوێنگەلێکمان هەن کەبتوانین ئاماژەیان پێبدەین.

بۆ نمونە: ئەگەر لەبواری رێگەوبانەکان بگرین، دەبینین کەس لەئێمە پارێزگارییان لێناکات وکەسیش ئەو رێگەدروستە جیهانییە پەیرەو ناکات کەدنیای خۆرئاوای ئەمرۆ لەتروپکدایە لەرێنمایی کردنیاندا.

هەر شەقام و کۆڵانێکی ئەم شارە بگریت ئاشکرا بێ ئارەزوویی و هەست بەلێپرسراوێتی نەکردنیان پێوە دیارە لەلایەن هاوڵاتیانەوە. کاتێک گوزەر بەم شەقامانەدا دەکەین (بەداخەوە دەڵێم) ئاستی رۆشنبیری خۆمان زۆر لاواز دەبینین، رێڕەوەکان لەجیاتی باخ و گوڵ و چیمەن و شتی جوانکاری، تەنیا بەئاغزە جگەرەو پاشماوەی خواردن و چەندان شتی تر داپۆشراون. پیادە رێیەک نییە لەم شارەدا ئەگەر بکرێت کۆبکرێنەوە رۆژانە یەک عارەبانە ئاغزە جگەرەو توێکڵی گوڵەبەرۆژەی لێ نەکەوتبێت!

ساڵ نییە شارەوانی هەزاران نەمام لەقەراغ جادەکان نەنێژێت و پاش ماوەیەک سەیردەکەیت هەڵکەنراوەتەوە یان شکێنراون، کێ ئەم کارە دەکات؟ خۆ خەڵکانی تر لەشوێنانی دیکەوە نایەن، هەر خۆمانین، هەر منداڵەکانی ئێمەن، هاوڵاتیانی ئێمەن.. یان لەم کات و وەرزەدا کەشارەکەمان بەدەست بێ ئاوییەوە دەناڵێنێت، ئەویش بەهۆی کارتێکردنی هەندێک لەتۆرەکان و تێکچوونی هەندێکی تریان بەهۆی شیوکاری رێگەوبانەکانەوە نۆژەن دەکرێنەوە، یان هەر هۆیەکی تر، سەرباری هەموو ئەمانە کەبەیانیان بەهەندێک کۆڵانی شاردا تێدەپەڕیت تێناگەی ئاخۆ لافاو هەستاوە یان باران باریوە بەم هاوینە! ئاو بەخور لەکۆڵانەکانەوە دێتە خوارو بەسەرشەقام و شوێنە گشتیەکاندا بڵاو دەبێتەوەو بەهەدەر دەروات.

یان وزەی کارەبا، ئەوە هەر مەپرسە! زێدەرۆییەکی وا لەم وزەیەدا دەکرێت، ئەوانەی کەشارەزاییان هەیە لەم بوارەدا سەریان سورماوە لەئاستی رۆشنبیری ئەو خەڵکە بەرامبەر بەکەرەستەو دامەزراوە حکومی و خزمەتگوزارییەکان!

راستە هاوڵاتی مافی خۆیەتی کارەباو سەرجەم ئامرازەکانی تری بۆ دابین بکرێت، بەڵام دەبێت لەبەرامبەر ئەمانەشدا هاوڵاتی بەدیدێکی واقیعیانەوە مامەڵە لەتەک ئەوکەرەستەو ئامرازانەدا بکات.

ئەوەی هەمانەو نیمانە ئەو دوو بەنداوەی دوکان و دەربەندیخانە کەسودیان لێوەردەگرین بۆ بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا، بە لەپێش چاوگرتنی ماندووبوون و تێکۆشانی کارمەندانی کارەبا بەگشتی، بەرهەم لاوازەو دەکرێت و دەبێت لەئاییندەیەکی نزیکدا لایەک لەبەرهەمهێنانی کارەبا بکرێتەوە.

بەهەرحاڵ، دەمەوێت ئەوە بڵێم کەهاوڵاتی دەبێت ئەو شەقامەی بەسەریدا گوزەر دەکات وەک حەوشەی ماڵەکەی خۆی سەیری بکات، کێ لەئێمە ئاغزە جگەرەو عەلاگەی بەتاڵ و پاشماوەی خۆراک لەحەوشەو ماڵەکەی خۆیدا فڕێدەدات؟ بێگومان کەس. یان کێ لەئێمە درەخت و گوڵ و باخچەی ناو ماڵەکەی خۆی لەبێخەوە هەڵدەکێشێت و دەیانشکێنێتەوە؟ بۆ ئەمەشیان بێگومان کەس.

دەبا بەو چاوەش سەیری شەقام و شوێنە گشتیەکان بکەین، ئەگەر جگەرەکێشیت و بەرێگاوە جگەرە دەکێشیت، هیچی تێدا نییەو ئەوەندەش زەحمەت نییە ئاغزە جگەرەکەت بخەیتە ئەو شوێنەوە کەشارەوانی بۆ ئەو مەبەستە لەسەر رێڕەوو شۆستەکان دایناون. بگرە ئاستی بەرزی رۆشنبیری تۆ زیاتر دەردەخات و کاتێک پاشماوەی بەستەنی یان پارچەکاغەزێکت لەسەر شەقام بینی و هەڵیبگریتەوەو بیخەیتە ناو زبڵدانەکەوە.

هەقە شارەوانی لەسەر هەموو شەقام و شوێنە گشتیەکان بنوسێت: (شاری خۆمان ماڵی خۆمانە)■

محەمەد ئەحمەد

پەژارەی هاووڵاتی

- ■ کێشەی عەریزەنوسەکانی دادگای سلێمانی (دلسۆز)
- ■ جیاوازی خزمەتگوزاریی شەقامەکانیشی گرتەوە (ئارەزوو)
- ■ بەرێوەبەر.. لێرەو لەوێ! (هێدی)
- ■ کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوزو بەرێوەبەرایەتی هاتوچۆ پەیوەندیان چۆنە؟ (بەهار)
- ■ کتێبخانەی تەوێڵە سەعات (٨ - ٩)ی بەیانی کراوەیە! (خەسڵەت)

■ دڵسۆز شێخ کەریم

کێشەیەکی نوێ لەناو دادگای سلێمانیدا سەری هەڵداوە ئەویش کێشەی عەریزە نوسەکانە، ئەمان سەرەتا لەناو حەوشەی دادگادا بوون، بەڵام ئێستا دەرکراون بەبیانوی ئەوەی کە بەشی (شەرعیە) لەجێگەکەی ئەواندا دروست دەکەن، ئەمە گرفتێک، گرفتێکی تریش ئەوەیە کەکاتێک ئەمان دەردەکرێن هیچ جێگەیەکی تریان بۆ دانەناون، هەرچەندە ئەوان بەکرێ لەوێدا بوون، کرێی مانگانەی هەر کۆشکێک (٧٥.٠٠٠) دینارە، ئەمەش قەرەباڵغیەکی زۆر دروست دەکات لەبەردەم دادگادا.

رەئوف محەمەد فەرەج، کەعەریزە نوسێکەو لەدایکبووی ١٩٣٣ئەمەو لەدادگای سلێمانی کار دەکات، بەم شێوەیە باس لەخۆی دەکات و دەڵێت: من مۆڵەتی عەریزەنوسیم هەیە مۆڵەتی ژمارە (١)ی ساڵی (١٩٨٠) وەرم گرتووە، لەساڵی ١٩٩١ تاکو ئێستا لەدەرەوەی دادگا کاری عەریزەنوسی دەکەم، بەڵام ئێستا زۆرمان لێدەکەن کەبچینە ژوورەوە ئەو کارە بکەین، یان نابێت عەریزەنوسی بکەین.

منیش فەقیر حاڵم و کرێچیم و مانگی (١٥٠٠) دیناری سویسری کرێ خانوو دەدەم، بۆیە توانای ئەوەم نییە کەکۆشکێک بگرم.

بێگومان کەچووینە ژوورەوە دەبێت پارەی کۆشک بدەین، پێشنیاریشم بۆ بەرێز سەرۆکی دادگا نوسیوە، بەڵام هێشتا وەڵامم نەدراوەتەوە، بۆیە داواکارم کەئەم کێشەیەم بۆ چارەسەر بکەن، ئێستا لەسێبەری دارەکانی تاپۆ دادەنیشم، دەرم دەکەن، چونکە ناتوانم کرێی کۆشک بدەم، دیارە لەشاری سلێمانیدا من جێگەم نابێتەوە.

هەرچەندە کاک رەئوف باس لەکێشەی پێش بریارەکەی دادگا دەکات، بەڵام ئێستا هەموو عەریزە نوسەکان هەمان کێشەیان بۆ دروست بووە، بەو هیوایەی کەدادگای سلێمانی چارەسەرێک بۆ ئەم کێشەیە بدۆزێتەوە.■

■ ئارەزوو محەمەد

ئاشکرایە شاری سلێمانی شارێکی فراوانەو بەپێی ئەو فراوانییەشی شەقامێکی زۆریشی تێدایە، هەرچەندە بۆ ئەمرۆ بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆری ئۆتومبیلەوە کەمن، بەڵام کێشەی ئەمجارە لەتەسکی جادەکان و زۆری ژمارەی ئۆتومیلدا نییە، بەڵکو گرفتەکە لەوەدایە کەبۆچی جیاوازی دەکرێت لەنێوان شەقامەکانی ناوشاردا لەرووی قیرتاوو لابردنی تاسەو ناشتنی نەمام؟ ئەوەی لێرەدا جێگەی ئاماژە پێدانە کاتێک کەبەشەقامێکی وەکو شەقامی لای (شاری یاری)دا گوزەر دەکەیت واهەست دەکەیت کەئەمە شارێکی زۆر مۆدێرنەو شەقامەکانی بەوشێوە جوانە رازێنراونەتەوە، بەو ژمارە زۆرەی نەمام کەلەناوەراستی هەردوو سایدەکەدا نێژراون، لێرەدا من ناڵێم ئەوە کارێکی خراپە یاخود خوانەخواستە ئەو نەمامانە لابەرن، نەخێر بەڵکو دەڵێم: خۆزگە شەقامەکانی تری ناوشاریش وەکو ئەو ناوچەیەی لێدەهات و ئاوا بەبایەخەوە سەیر بکرایە، یاخود دەتوانم پرسیاری ئەوە لەلایەنە پەیوەندیدارەکان بکەم گەر نهێنیەک لەو شەقامەدا هەیە ئەوە با ئێمەی هاوڵاتیش پێی ئاشنابین و ئیتر ئەوەندە باسی نەکەین؟ ئەگەریش ئەو تایبەتمەندییەی کەبەو شەقامە دراوە بەهۆی (شاری یاری)یەوە بێت، ئەوا لێرەوە هیوای ئەوە دەخوازم کەسەدان شاری یاری تریش لەشاری سلێمانیدا بکرێتەوە، چش لەو زیانەی کەدەشی کەین بەهۆی گرانی نرخەکانیانەوە، بەڵام با شەقامەکان بەو جۆرە برازێنرێتەوە.

لەکۆتاییدا، دەڵێم: شارەوانی و لایەنە پەیوەندیدارە بەرێزەکانی تایبەت بەو کارانە، هەر شەقامی لای (شاری یاری) گرنگ نییە، بەڵکو زۆر شەقامی گرنگتر لەوەش هەن، بەڵام هێشتا پێی نەزانراوەو ئاورێکی بەخێری لێنەدراوەتەوە.■

■ هێدی گەڵاڵی

بەرێوەبەر، بەمانا گوزارشتیەکەی بەکەسانی کاربەدەست و بەرپرس لەدامودەزگا یان شوێنکارێک دەوترێت. بەو پێیەش لەهەر ئاست و یەکەیەکی ئیداریدا بێت لەفۆرم و واتادا یەک مانا بەرجەستە دەکات، بەڵام لەمومارەسەکرنیدا وەکو پۆست و پلەو پایە لەرەنگدانەوەی کارەکەیدا جیاوازی زۆری لێدەکەوێتەوە. ئەوەی مەبەستە لەو نوسینەدا بەرجەستەی بکەم، ئەو جیاوازییە زۆرەیە کەلەنێوان بەرێوەبەرەکانی لای خۆمان و رۆژئاوادا درکی پێدەکرێت. دەبینین لێرە بەرێوەبەر مومارەسەی مەیدانی لەئیشوکارەکان ناکات و لەسەر کورسی بریارە و فەرمان دەردەکات.. بەپێچەوانەی بەرێوەبەرەکانی ئەوێ. ئەوان لەئیشوکارەکاندا رۆڵی فەرمانبەرو کرێکارەکان دەبینن..! برادەرێک بۆی گێرامەوە وتی: لەو رۆژانە براکەم کەلەئەمریکایە تەلەفۆنی بۆ کردم پێی وتم: لەشوێنکارەکەی ئیشم تیادەکرد، بەرزیان کردومەتەوە بۆ پلەی (مەنیجەر) واتە بەرێوەبەر، بەڵام رەتمکردۆتەوە!! -بۆچی رەتتکردۆتەوە؟ خۆ لەلای خۆمان هەزار واسیتەو ئەملاولای دەوێت تا دەتکەن بەمودیری شوێنێک و تازە بەرێوەبەرەکانی ئێرەش رەنگە نوقڵانەو شیرینیش ببەخشن، ئەوە جگەلەو پیرۆزبایییانەی کەئاراستەی دەکرێت، کەواتە برام ئەم کارە بکەو لێرەشەوە پیرۆزبایی گەرمت لێدەکەم.

-نابرام پیرۆزباییم لێمەکە!

-بۆچی؟

- چونکە لەو وڵاتە پێشکەوتوانەدا کەبوویت بە مەنیجەر ئەرکەکانت قورستر دەبێت و دەبێت پێش فەرمانبەرو کرێکارەکان بۆ دەوام بێیت و دەوری کرێکارەکان لەراپەراندنی کارەکاندا ببینیت. بۆیە مەنیجەر لای ئێمە وەکو مەنیجەری لای ئێوە نییە.■

■ بەهار مستەفا

پێموایە زیادەرۆیی نییە کەبڵێین ژمارەی ئۆتومبێل نزیک بۆتەوە لەژمارەی دانیشتوانی شارەکەمان، هەرچەندە ئەمە مافێکی سەرەتایی هاوڵاتیانە، بەڵام پێموایە لەبەرامبەر هەموو مافێکدا ئەرکێک هەیە ئەو ئەرکەش لێرەدا پابەندبوونی هەموو هاوڵاتیەکی خاوەن ئۆتومبیلە بەرێنماییەکانی (هاتووچۆ + ژینگە) ئەوەی راستی بێت دەنگوباسی سەیارەی علوج، مەنەفیست، فەحس موەقەت، بێ کارت، ئۆتومبیلی فەرمانگەکان و وەزارەتەکان... تاد.

ژمارەیەکی زۆر لەم ئۆتومبیلانە رۆژانە بەدەیان هەزار مەتر چوارجا دووکەڵی پیس دەکەنە ئاووهەوای شارەکەمان کەبەئاشکرا هەموومان رۆژانە لەسەر جادەکان دەیانبینین، هەریەکەیان وەک دوکەڵی مێشەکەی جاران وایە، دوکەڵ بڵاو دەکەنەوە، بەڵام ئەوەی جاران بۆ لەناوبردنی مێش و مەگەز بوو، ئەم دوکەڵەی ئێستاش بێگومانم بۆ لەناوبردنی ئێمەی مرۆڤ دەبێت، ئایا ئەمە لەرووی یاساییەوە دەست درێژیکردن نییە کەخاوەن ئۆتومبیلێکی دوکەڵاوی دەیکات بۆسەر تەندروستی هاوڵاتیان.

باشە بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆ بەشێکی هەیە بەناوی پشکنین، کاتێک هاوڵاتیەک دەچێت کارتی ساڵانەی ئۆتومبیلەکەی تازە دەکاتەوە زۆری لێدەکەن بچێت ئۆتومبیلەکەی بۆیاخ بکات، لەکاتێکدا شێوەی ئۆتومبیل جوان بێت یان ناشرین هیچ زیانێکی بۆ هیچ کەسێک نابێت. ئێ باشە ئەم بەشە بۆ ناچنە سەر جادەو بەهاوکاری لەگەڵ مەفرەزەکانیان لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو ئۆتومبیلە دوکەڵاویانە بکەن کەزیانی بۆ خودی خۆیان و ماڵ و منداڵی ئەوانیش هەیە.

وەک خۆیان دەڵێن کەهاتنە لامان بۆ مامەڵە لەوبارەیەوە ئیجرائاتیان لەگەڵدا دەکەین، منیش دەڵێم: ئەی باشە ئۆتومبیلە علوج و بێ دایک و باوک و نایاساییەکان کەهەندێکیان هەرگیز نایەنە لای ئێوە کەی و چۆن ئەم دوکەڵانەیان پێچاک دەکەن؟ یان کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز کەلەسەر هەڵکەندنی نەمامێک هەڵوێستیان دەبێت، ئەی لەبەرامبەر ئەم دیاردەیەی کەباسمانکرد ئەوان دەڵێن چی؟

بمبەخشن گەر بڵێم گومانم هەیە کەئێوە بۆ ئەم مەسەلەیە لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆدا دانیشتنێکتان کردبێت و بەجدی پێتان لەسەر ئەم مەسەلە گەورەیەی ژینگە داگرتبێت.

ئیدی ئۆتومبیلەکان و ژینگەی کوردستان لەمە زیاتر لەگەڵ یەک هەڵناکەن، بۆیە تکاتان لێدەکەین کەهەردوولاتان دانوستانێک بکەن و چارەسەرێکی بەپەلە بۆ ئەم دیاردە ناشارستانی و ناتەندروستە بدۆزنەوە، چونکە هاوڵاتیان تەنها چاوەڕوانی ئێوەی بەرێزن.■

■ خەسڵەت حەمە ساڵح

تەوێڵە شارۆچکەیەکە لەسەر سنوری ئێران، سیما سەوزو دڵگیرو دیمەن جوانە، پتر لەهەزار ماڵێکی تیادایەو خەڵکیش بەتایبەتی دەچنە ئەوێ بۆ سەردان لەبەر جوانی و سازگاری ئاوو هەواکەی. ئەم شارۆچکەیە لەدوای پاککردنەوەی لەتیرۆریستان لەلایەن حکومەتی هەرێم و خودی بەرێز مام جەلالەوە یارمەتیدراوە، بەڵام ئەوەی دەمەوێت ئاماژەی پێبدەم لێنەپرسینەوەیەتی لەدوای یارمەتیەکان، تەوێڵە کتێبخانەیەکی بچوکی هەیە، سەعات (٨)ی بەیانی دەکرێتەوە، سەعات (٩)ی بەیانی دادەخرێت، ئایا رۆژی یەک سەعات کردنەوەی کتێبخانە بەسە بۆ شارۆچکەیەک؟

هیچ رەوا نییە کتێبخانەیەک یەک سەعات بکرێتەوە، لەکاتێکدا خوێنەری باشیش لەتەوێڵەدا هەن، باشە ئەم سەعاتە لەبری هەموو دەوامی کتێبخانە، گریمان قبوڵ کرا، ئەی بۆچی لەهەشتی بەیانی بۆ نۆی بەیانی بێت؟ ئایا ئەم کاتە بۆ وەرگرتنی کتێب یاخود خوێندنەوەی راستە؟ بێگومان نەخێر. کەواتە بۆ هیچ لێپرسینەوەیەک ناکەن؟ بۆ ئەمە داواکارین لەحکومەت و لایەنی بەرپرس، ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن، کەخزمەتێکی گەورە پێشکەش دەکات و رۆڵی دەبێت لەهۆشیاری ناوچەکەدا.■

شارەوانی.. شەقامەکان لەکاتی گواستنەوەی حاویە پڕەکاندا پیس دەبنەوە!

کێ لەئێمە ئاغزە جگەرەو عەلاگەی بەتاڵ و پاشماوەی خۆراک لەحەوشەو ماڵەکەی خۆیدا فڕێدەدات؟ یان کێ لەئێمە درەخت و گوڵ و باخچەی ناو ماڵەکەی خۆی لەبێخەوە هەڵدەکێشێت و دەیانشکێنێتەوە؟

محەمەد

هیوای ئەوە دەخوازم کەسەدان شاری یاری تریش لەشاری سلێمانیدا بکرێتەوە، چش لەو زیانەی کەدەشی کەین بەهۆی گرانی نرخەکانیانەوە

ئارەزوو

دوکەڵی مێشەکەی جاران بۆ لەناوبردنی مێش و مەگەز بوو، ئەم دوکەڵانەی ئێستاش بۆ لەناوبردنی ئێمەی مرۆڤن

بەهار

دیالێکتیکی مرۆڤ و کۆمەڵ

دووبارە راڤەکردنی سۆسیۆلۆژیانەی فرۆید

عقیل نوری محمد

و. جەمال پیرە

مارکیوزە بەپێی بیرۆکەی ململانێی نێوان پێداویستیە غەریزیەیکانی مرۆڤ و خواستەکانی شارستانییەت بەمشێوەیە راڤە دەکات کە پێداویستییە ئەندامییەکان بۆ تاک ملکەچ دەبێ و لەسەر بنەماو پرەنسیپی چێژی (ئەو (id) دەوەستێ بەرەو ئامرازەکانی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی کەنوێنەرایەتی پرەنسیپی حەقیقەتی واقیع دەکات، کە تیایدا (من Ego و منی با (Super Ego) پێشدەکەون و بەشێوەیەکی کاتی سەبارەت بە (من) لەسەر پێداویستییە غەریزییەکاندا کاردەکەن و بەرەو منی باڵا بەردەوام دەبێ و هەرایەکی گەورە لەم ململانێیە ناتەواوە دەردەچێ، کە حاڵەتێکی گرژی دەداتە تاکی نوێ لەنێوان خۆی و کۆمەڵداو تاکیش باجە گرانەکەی دەدات، وەک بەرپەرچدانەوەیەکی کردارەکییانە بۆ ئەم راڤەکردنە رەشبینانەیەی هزری فرۆیدیزم و هێڵێکی نوێ بەردەکەوت کە تەرکیز دەخاتە سەر دووبارە پێکهێنانی ئەم هزرە بەشێوەیەکی گەشبینانە تر، لێرەدا ئەوەی کە فرۆیدیستە نوێکان دەیخەنەروو کۆمەڵێک نارەزاییە بۆ ئەم هزرە، زیتلن بەم شێوەیە بۆمان کورتدەکاتەوە (من) رووبەڕووی شارستانیەتێکی رووتی نەگۆڕ نابێتەوە بەڵکو رووبەڕووی جیهانێکی گۆڕاوی مێژوویانە دەبێتەوە، بەپێی ئەم حەقیقەتەش بێ پرەنسیپی حەقیقەتی واقیع پارێزگارو تەبریری دەبێت چونکە نائاسایی بەرەو زەرورەت دەگۆڕێت و ئەوەی تایبەت بێ بەفۆرمەکانی مێژوویی و کۆمەڵایەتی دیاریکراو لەحەقیقەتی دەسێنێتەوە(١). بەم پێیە فرۆیدیستە نوێکان بەئاماژەدان بەگەشەی بارودۆخی رۆشنبیریی و شارستانیی کەمرۆڤ لەگەڵیدا دەژێ لەهەوڵی کەمکردنەوەی پاڵەپەستۆی پێداویستییە مرۆییەکان دەبن، یا بەمانایەکی تر هەوڵێکە بۆ کەمکردنەوەی تیژڕەوی ناکۆکییەکانی نێوان تاک و کۆمەڵ کەفرۆید لای خۆیەوە بایەخێکی گەورەی پێدەداو دیقەقتی رەخنەگرتنانەیشی لەگەڵدا بێ، کەچی بەزەرورەت راستی تەعمیمی فرۆید لای خۆیەوە بایەخێکی گەورەی پێدەداو دیقەقتی رەخنەگرتنانەیشی لەگەڵدا بێ، کەچی بەزەرورەت راستی تەعمیمی فریدیزم هەڵناوەشێنێتەوە تا کۆمەڵ دەسەڵاتەکانی خۆی لەسەپاندنی رێککەوتنی کۆمەڵایەتی تاک بەکاردێنێ، کۆمەڵ بەپێی بۆچونی فریدیزم بەزەرورەتی چەپاندنی سروشتی غەریزەی مرۆڤ رەزامەندە، رەزامەندە تا رەگەزی مرۆیی لەحاڵەتی رێککەوتن دا بێ و بەدوایشیدا شارستانییەتی (چەپاندنی بنەڕەتی) (پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی) بەردەوام بێ، مارکیوزەش جۆرێکی تری چەپاندن دەخاتە روو ناوی دەنێت (چەپاندنی بنەڕەتی) (پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی) بەردەوام بێ، مارکیوزەش جۆرێکی تری چەپاندن دەخاتەروو ناوی دەنێت (چەپاندنی زێدە) کە گوزارشت لەو کۆت و بەندانە دەکات کە کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دەیسەپێنێ، بەمانایەکی دی (دیسپلینی کۆمەڵایەتی) ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێ کە ئەوەی لەچوارچێوەی چەپاندنی بنەڕەتییەوە لەدەست دەچێ، دەکرێ بەهۆی چەپاندنی زێدە (دیسپلین) کۆنترۆڵ بکرێ، ئەمەش بۆ باوەڕبوونی فرۆید بەسروشتی ئاژاوەگێڕیی و غەریزەیی مرۆڤ دەگەڕێتەوە. کە لەگەڵیەوە گران دەبێ تابتوانرێ کۆنترۆڵ بکرێ بەهۆی بەکارهێنانی شێوازێکی پێگەیشتنی کۆمەڵایەتی خۆی بەتەنها. لێرەدا چوونە ناو سۆسیۆلۆژیا لەلایەن فرۆیدەوە وەک مەسەلەیەکی ئاشکرا دادەنرێت تاوەکو ئاسایکردنەوەو دیسپلین دوو میحوەری بنەڕەتین لەتیۆری فرۆیدیزمدا. ئەو ئاراستە سۆسیۆلۆژیانە بۆ فرۆید سەرنجی کۆمەڵناسانی بۆ لای خۆی راکێشا، لەنێویاندا سەرنجی بارستەر کەبەیەکێ لەگەورەترین زانایانی بونیادی فەنکسیۆنی و هزری فرۆیدی لەدیراسەو توێژینەوە کۆمەڵەیەتیەیکاندا دادەنرێت، بارستەر توانی راوبۆچونەکانی فرۆید لەنەخشەکێشانی پرۆسەی کارلێکگەریی نێوان خودو ئەویدیا (بەتاک، یان کۆ، یان کۆمەڵ) بەهۆی ئاماژەدان بەبیرۆکەی پۆلێنکردن کەفرۆید بۆ کەسایەتی داناوە. بارستەر لەمەدا توانی سەرکەوتووانە تەوزیفی بکات ئەو لەبنەڕەتدا (من) لەپرۆسەی کارلێکەرە لەنێو نەسەقی کۆمەڵایەتیدا دەژمێرێ، بەحوکمی پسپۆڕی خۆی بەدوو شێوە پەنجەی خستە سەر کارلێکەکە، چونکە بایەخەکەی خۆی لەسەر پاڵپشتی نەسکی کۆمەڵایەتییەوە دامەزرا بوو، لەکاتێکدا تەرکیزەکەی فرۆید لەسەر پاڵپشتی (من) دامەزرا بوو، (بارستەر) منی باڵا بەخودی باڵا بەپێی بۆچونی خۆی وەک خاڵی بەیەکگەیشتن دادەنێت لەپێکهێنانی نەسەقی کەسایەتی ویستراو لەرووی کۆمەڵایەتییەوە، لەدۆزینەوەی پەیوەندی نێوان نەسکی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریدا، یان بەمانایەکی دی دۆزینەوەی ئاستی گونجان و تەریببونی واقیعی (نەسەقی کۆمەڵایەتی) (رەوشتی کۆمەڵایەتی) و میسالی (نەسکی رۆشنبیریی) بەهاو پێوەرەکان) هەروەها بارستەر ئاماژە بەوە دەدات کەدەکرێ پێگەی منی باڵا لەشێوەکانی پەیوەندی نێوان کەسایەتی و رۆشنبیری بگات، چونکە تا ئەو ئاستەی پێکدێت لەسیمبوڵ و بەهاو پێوەری بڕیار لەسەر دراوی کۆمەڵایەتیی کارلێکی مومکین بۆ ئاستە مرۆییەکان



فرۆید

دێنێ، ئەگەر میتۆدی گەیشتن بەتاکەکانیش لەرێگەی کەناڵەکانی گەشەو پێگەیشتنی کۆمەڵایەتیاندا جیاواز بێت، بارستەر لەگەڵ فراوانبوونی مانای منی باڵا دایە بۆئەوەی سەرجەم پێکهاتەی رۆشنبیریی هاوبەشی نێو کەسایەتی بگرێتەوە بەو پێیەی کەتیایدا بەشێکی بنەڕەتییە، ئەمەش بەتەنها لەرەگەزی پێوەرە ئاکارییەکان نا کەفرۆید جەختی کردۆتە سەرو بارستەریش وەک رەگەزێکی بنەڕەتی داناوە، بەڵکو ئەگەر منی باڵا بەتەنها لەمەداکورتبکرێتەوە، حاڵەتێکی تەنگەتاوی دێنێتە ئاراوە، هەروەک ئەوەی کە فرۆید جەخت دەخاتە سەر بایەخی دایک و باوک لەدارشتنی کەسایەتیدا، بەهەمان شێوە بارستەریش بایەخی بەپێگەی رەمزی بەخێوکەری دایک و باوکانە داناوە لەپرۆسەی گەشەی کۆمەڵایەتی منداڵدا، لەکتێبەکەیدا (بونیادی کۆمەڵایەتی کەسایەتی) بارستەر بایەخێکی روونی داوە بەرەمزی دایک و باوکانە و قۆناغەکانی سەرەتایی ژیانی منداڵ، ئەو قۆناغانەی کەفرۆید لێیەوە پۆرتێتیک دەردەهێنێ کە دەکرێ لەداهاتوودا کەسایەتی لەسەر بونیاد بنرێت، بەڵام بارستەر هاوهانگاو لەگەڵ فرۆیدیستە نوێکان بونیادی کەسایەتی بەتەنها لەساڵەکانی سەرەتادا نابینێتەوە، لەسەر ئەمەش رەخنە لەفرۆید دەگرێ و پێیوایە کە کەسایەتی لەکۆی قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤدا پێکدێت و قۆناغەکانی منالیی و سەرەتاییش تیایدا رۆڵی سەرەکیی دەبینن، ئاساییە پێمانوابێ کەمنی باڵا دەکرێ وەک چاودێرێکی کۆمەڵایەتی بێت کە دێتە ناو خودی تاک بەمەبەستی بەردەوامێتی کارلێک و بەرقەراری کۆمەڵایەتیدا، لەکاتی غیابی ئەو چاودێرەدا (من) دەستەمۆیەک ئاسان پێکدێنێ بۆ پاڵنەرو غەریزە مرۆییەکان کەبەردەوامانە پاڵەپەستۆ دەخاتە سەری.

بۆ تێرکردن و کەمکردنەوەی تیژڕەوی گرژیی، بۆیە هەر دەبێ پاڵپشتێک هەبێ بۆ (من) تا لەرووبەڕووبوونەوەی غەریزەو پاڵنەرەکانا کە (ئەو) پێکدێنێ هاوکاربێ (منی باڵا) کارایانە کار لەسەر پاڵپشتی (من) دەکات، ئەگەر بۆی کرا بەهاوکاری دەرەوە یدا (واقیعی کۆمەڵایەتیی) مرۆڤ بەتەنیا خۆی هەڵسوکەوتی ناموو دوور لەهەموو رەهەندێکی کەسایەتییەکەی خۆی بەرانبەر خەڵک ئەنجام دەدات، ئەمەش لەبەرئەوەیە کەهەڵسوکەوتی تاک زۆربەی جار لەبەرژەوەندی کە ئەوی دی دەیخوازێت دایە لەپرۆسەی کارلێک و زێدەتر بوونی دەسەڵاتی (من) دا لەو کاتانەی کەهەڵوێستی کارلێکەکە بەسیمبوڵێکی گرنگی وەک دایک و باوک یا زانایەکی ئاینییەوە پشت ئەستوور دەبێ. ئاساییبونەوەی کۆمەڵایەتیی بەگشتی کار لەسەر چەسپاندنی منی باڵا دەکات لەسەر شێوەی چارەسەری میسالییەت تا رێگە لەحاڵەتی پێکدادان لەگەڵ کۆمەڵ بگرێ یا لەگەڵ پێشێلکردنی بنەما کۆمەڵایەتییەکان، بگرە منی باڵا ناچار دەکات کەوەک دابراوێکی کارلێک و بەزەرورەت رووەو میسالیەتیش بێ، دواتر من و منی باڵاو ئامادەیی کۆمەڵایەتی ئەوی دی لەپێناو رێگەگرتن لەنغرۆبوونی مرۆڤ لەنێو ناکۆمەڵایەتیبووندا کۆدەبنەوە. بەبێ بنەماو بەهاکان بشکێنن، دوای ئەویش حاڵەتێکی هاوسەنگی ناتەواو لەنێوان مرۆڤ و کۆمەڵ لەدایک دەبێ، ئەوەی دەمێنێتەوە دەستێکی درێژە بۆکۆمەڵ لەدیاریکردنی ئاراستەی پەیوەندی و ناوکۆییەکەیدا.

پەراوێز:

١-توێژەرێکی عێراقی دانیشتووی مالیزیایە.

٢-ارفنج زایتلن، النظریة المعاصرة فی علم الاجتماع، ترجمە محمد عودة واخرون، الکویت، ١٩٨١، ص ٤١٠.

بوختانهەڵبەستن و سووکایەتیکردن ناچنە خانەی رەخنەی رۆشنبیرییەوە!

کۆسار فەتاحی

حەوتوونامەی "چاودێر" لە ژمارەی ٣٦ی رۆژی دووشەممە ٢٠٠٥/٧/١١و لە لاپەڕەی (جیهانبینیی رووناکبیری)دا وتارێکی گوماناوی بەناوی "خانەی وەرگەڕان و شارەزای ناشارەزا" بە قەڵەمی بەرێز هادی محەممەدی لە مەڕ کێشەی بێ دەرەوەستی خانەی وەرگێڕان و بۆشایی شارەزای کارامە چاپ کردووە. ئەم بابەتە دوو بەشە: بەشی یەکەمیان تێکڕا باس لە توانایی و شارەزایی خویی دەکاو هەر بۆیەش شایی بە خویی دێ و بە راوێژێکی نەجیبانە باسی بەسەرهاتی ئەو کتێبەی دەکا کە بۆ پێداچوونەوە هێناویەتی بۆ خانەی وەرگێڕان، بەڵام بەشی دووهەم تەواو جیاوازە. نەجابەت و هێمنی نووسەر بە جارێ جێی خۆیان بە هەڵچوون و بێ شەرمییەکی لە رادەبەدەر دەدەن و کۆمەڵێک درۆو بوختان و سووکایەتی جیگا بە عەقڵ و مەنتیق لێژ دەکەن، بە رادەیەک کە بۆنی رق ئەستوورییان لێ دێ.

من نامەوێ بچمە سەر وەڵامدانەوەی دێڕ بەدێڕی ئەو نووسراوەیە، بەڕاستی ئەمە نە ئیشی منەو نە کەیفم بە شەڕە دەنووکی لەو چەشنە دێت. خانەی وەرگێڕان و وەزارەتی رۆشنبیریش میکانیزمی خوییان بوی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو جۆرە کێشانەدا هەیە، مەبەستی من روونکردنەوەی زەینی خوێنەری کوردە لە ئاست ئەو تەسەوراتەی کە بەرێز هادی محەممەدی بە ناوی رەخنەی رۆشنبیرییەوە ئاراستەی کردووە.

هەر لە یەکەم رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بەرێز محەممەدیدا هەستم کرد لەگەڵ کەسێکی حەساس و لە خویباییدا دانیشتووم و پێویستە بە شێنەیی و لە چوارچێوەی رێزو هەستکردن بە بەرپرسایەتییەوە لە ئاست وەرگێڕانەکەیدا هەڵس وکەوت بکەم. ئێمە دووجار یەکمان بینیوە، جاری یەکەم لە رێگای بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕانەوە بەیەک ئاشنا بووین و باسی چۆنێتی کاری پێداچوونەوەی کتێب و رێ و شوێنی خانەی وەرگێڕانمان کرد. ئەو بەرێزە هەر لەیەکەم وشەدا وتی: "من شەش ساڵە ئەم ئیشە دەکەم و وەرگێڕانەکەی من نە لەباری زمان و نە لەباری رێنووسەوە هیچ کەموکوورییەکی نیە..." من لە وڵامدا پێم وت، ئەگەر تا ئەو رادەیە لە ئیشەکەی خۆت دڵنیای، بۆچی هێناوتە بۆ خانەی وەرگێڕان تا شارەزایەک پێدا بچێتەوە، بیبە بۆ هەر چاپخانەیەک بۆت چاپ دەکەن. هەر جۆرێ بێ ئەم کتێبە درا بە من و منیش بە وردی بە بەشێکی باشی کتێبەکەدا چوومەوە. بە داخەوە ئێستا دەقی ئەو وەرگێڕانە لەبەر دەستدا نیە، دەنا بە روونی دیاریم کردووە کە لە چەندین شوێندا تێگەیشتنی هەڵە هەیەو وەرگێڕ نەیتوانیوە لە مەبەستی نووسەر تێبگا، یان کوردییەکەی تەواو نیە، دیارە بە گشتیش من بە وەرگێڕانێکی باشم لە قەڵەم داوە و تەیییدم کردووە.

من ئەو وەرگێڕانەم وێڕای راپۆرتێک لە بیرو بۆچوونەکانی خویم داوەتەوە بە بەڕێوەبەری خانەی وەرگێڕان و داوام کردووە کە شارەزایەکیتریش ئیشەکەی من درێژە پێ بدات. تەنیا تێبینییەک کە من وەک نەزەرێکی شەخسی لەگەڵ کتێبەکەم خستوە ئەمەیە: "تێبینییەکی گشتی لە سەر خودی کتێبەکە: بەرای من ئەم کتێبە لەبەر ئەوەی کۆمەڵە وتارێکی رەخنەییە، وەکو خۆی -بەبێ دەقە سەرەکیەکە- ناتوانێ یارمەتی بە زانایی خوێنەری کورد بکاو زمانێکی قورس و ئاڵۆزی تێدا بەکار براوەو ئەمەش لە وەرگێڕانەکەدا رەنگی داوەتەوە، بۆیە من بە گشتی رام لەسەر چاپکردنی ئەم کتێبە نیە."

پاش چەند حەوتوویەک جەنابی هادی محەممەدی سەردانی کردینەوە. بەڕێوەبەر لەبەر ئەوەی ئەو رۆژە سەری قاڵ بوو، منی راسپارد لە بابەت ئاکامی پێداچوونەوەکە لەگەڵ ناوبراو قسە بکەم. لەو دانیشتنە ١٠خولەکیەدا من بۆچووکانی خۆم لەمەڕ چوینیەتی وەرگێڕانەکە بە وەرگێڕ راگەیاندو ئەو تێبینییەی سەرەوەشم بۆ روون کردەوە،و پێم وت تۆ دەتوانی رەئیەکەی من قبوول نەکەی و لەگەڵ بەڕێوەبەری خانە بە ئاکام بگەن.

وادیارە ئەم بویچوونە لای ئەو بەرێزە کاریگەر نەبووە، هەربۆیە لای بەڕێوەبەرو ئێستاش لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەیەک من بە ناشارەزا لەقەڵەم دەدا.

ناوبراو راپۆرتەکەشی نەدایەوە بە خانەی وەرگێڕان و بۆ گۆبەندگێڕان بە پێچەوانەی رێسای خانەوە کردوویە بە شمشێری داموکلس.

بۆ ئاگاداری خوێنەری بەرێز من و وەرگێڕ بە هیچ شێوەیەک باسێکمان لەسەر هیچ رەهەندێکی فیکری باختین نەکردووە، چ جای ئەوەی من وەک ئەو بەرێزە نووسیویەتی وتبێتم "باختین پۆست مودێرنەو چاپ بوونی بەرهەمەکانی خوێنەری کورد تووشی سەرلێشێوان دەکا." ئەمە بوختانێکی بێ شەرمانەیەو هیچ یارمەتی بە بەرزکردنەوەی کەسێتی ئەو بەرێزە ناکا. مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە کە من بەوە تاوانبار کراوم کە (محمدجعفر پوینده) وەرگێڕی فارسی بەرهەمەکانی باختین ناناسم و لەوەش خراپتر پێم وایە "کەسێکی ناشارەزاو ئاماتوێرە". ئەمەشیان فڕی بەسەر راستییەوە نیە، چوونکە هیچ باسێکیشمان لەو پەیوەندییەدا نەکردووەو هەموو ئەم ئیزافاتە لە زەینی نەخۆشی ئەو وەرگێڕەوە سەرچاوەیان گرتووە. بەڵام با ئەو پرسیارەش بکەین، باشە ئەگەر من (محمدجعفر پوینده) ناناسم چۆن دەزانم کە ناوبراو شارەزایە یان ناشارەزایە !!؟ چۆن ئەبێ کەسێک کەسێکی دیکە نەناسێ، بەڵام بڕیار لەسەر توانایی و بێ توانایی ئەوکەسە بکا؟

پەشێوی و دارمانێکی زوێر بەو دێڕانەوە دیارن کە هادی محەممەدی بەشێکی رۆژنامەی چاودێری پێ پڕکردووەتەوە. زۆر کەس کتێبی لە خانەی وەرگێڕاندا رەت کراوەتەوە، بەڵام ئامادە نەبووە بە دێڕێک حورمەت و شەئنی ئەو دەزگا رۆشنبیرییە بشکێنێ کە ئەمرۆ لە مەیدانی رۆشنبیری کوردیدا سەنگ و قورسایی خویی هەیە. بەڵام ئاخۆ هادی محەمەدی زەینێکی نەخویش و دەروونێکی شێواوی هەبێ کە بەم شێوەیە بێ شەرمانە خانەی وەرگێڕان بە "خانەی وەرگەڕان" و کارمەندانی ئەو خانەیە بە کاڵفام و ناتێگەیشتوو بەڕێوەبەرەکەی بە پیاوێکی کەمتەرخەم لە قەڵەم دەدا.

ئەو جنێو وتارە چ پێگەو جێگەیەکی بۆ دروست دەکا کە ئاوا روو هەڵماوانە دەڵێ: "زۆر جێگای داخە کە دەزگای بەرپرسی خانەی وەرگەڕان! چاپ کردنی بەرهەمێکیان لە سەر هەڵپەرکێ پێ باشترە لە ناساندنی فکرو فەلسەفەی کانت، هێگڵ و مارکس". ئایا بەڕاستی وایە، ئایا کارنامەی خانەی وەرگێڕان ئەوەندە بێ شانازییەو ئەم دەزگایە بەخویی نەزانیوە ! ناکرێ وا بەئاسانی بۆ خۆ بەتاڵ کردنەوە بەم شێوەیە لە ئاست دەزگایەکی جیددی رۆشنبیری هەڵوێست وەربگیردرێ..... ئایا هەر چەند کەس لە شارەزایانی ئەم خانەیە نەبوون کە ئەمساڵ خەڵاتی باشترین وەرگێڕیان پێ برا؟، ئایا هەر شارەزایانی ئەم خانەیە نین کە سەبارەت بە هەوڵ و ماندووبوونی رابردوویان ئەمرۆ رێزلێنانیان بۆ کراوە؟... ئێستا هادی محەممەدی لەکوێ سەری دەرهێناوە کە بەراست و چەپدا قەڵەمی سووربەسەر شانازییەکانی ئەم خانەیەدا دەکێشێ؟!

ئەم بوختان و سووکایەتیانە تەنیا شەخسی من یان خانەی وەرگێڕان ناگرنەوە، بەڵکوو دەزگای سەرووتروبەرێز وەزیری رۆشنبیریش دەگرێتەوەو پێویستە سنوورێکی بۆ دابنرێ. لە کۆتاییدا ئەوەندە بڵێم کە خانەی وەرگێڕان، ئۆرگانێکی سەر بە وەزارەتی رۆشنبیرییەو ئەوەندەی من بزانم سەلاحیەتی ئەوەی پێدراوە کە هەر کتێبێک - هی هەر کەسێک بێت - رەت یان تەیید بکات. ئەمەش بە مانای سووکایەتی بە رەئی و نەزەری هیچ کەسێک، نەخوازەڵا بەرێزان مامۆستا سەلاحی موهتەدی و مامۆستا فەتاح زاخۆیی نیە. بەڵکوو راست لە راستای رەئی و بۆچوونی ئەو بەرێزانەدایە. ئەم سەلاحیەتە بنەمایەکی یاسایی هەیەو ئەو بەرێزانەش نوێنگەی یاساو عورفێکی مەدەنیانەن. وەک دوایین وتە دووپاتی دەکەمەوە کە بەرهەمەکەی ئەو بەرێزە تەیید کراوەو کەس پێی لەسەر لە چاپنەدانی ئەو کتێبە دانەگرتووە. ■

نۆشتن لە خامۆشی

عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی



گۆرانی کوردی سەرچاوەیەکە لەو سەرچاوانەی کە چەندین وێنەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی بۆ تۆمارکردووین و نەوە دوای نەوە لەسەر زار پارێزراوە. ئێمە مێژوویەکی نووسراوی وەها یاخود سەرچاوەی رۆشنبیری جۆراوجۆری خۆمان وەختی خۆی نەنوسراوەتەوە و نەپارێزراوە تا وەک میللەتانی تر پێمان بگات.

بەڵام حیکایەت و گۆرانی لەسەر زار ماونەتەوە و بەشێوەیەک لەشێوەکان توانیویانە هەندێک مۆرکی میللی و خەسڵەتی نەتەوەیی و مێژوویی و بیرکردنەوەی باپیرانمان بپارێزن و بیگەیەننە دەستی ئێمە.

کۆمەڵێک وێنەو نەریتی کۆمەڵایەتیمان، یا هەندێک کێشەی دەروونی و شێوەی کارو سروشتی کشتوکاڵیمان لەو گۆرانییانەدا رەنگیان داوەتەوە. تەنانەت هەندێک سنوری حەرام لەگۆرانی کۆنی کوردیدا بەزێنراوە وەدەربراوە، کەچی لەو دەستنوسانەدا کە لەبوارە جیاجیاکانماندا پارێزراون بەهیچ شێوەیەک نەتوانراوە ئاماژەی پێبدرێت و باس بکرێت. واتە لێکۆڵەری بواری کۆمەڵایەتی زیرەک دەتوانێت گۆرانی کۆن بکات بەباشترین سەرچاوە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی و مێژوویی میللەتی کورد. من مەبەستم لەو قسانەی سەرەوە ئەوەیە کەبڵێم گۆرانی کوردی لەکۆندا شتێکی گرنگ بووە. راستەکە بە "من" و ناڵەو ئاهی تاکە کەسێک چنراوە بەڵام دەردو خەم و خەونی کۆمەڵی لەناخی خۆیدا هەڵگرتووە. بۆیە بەبەشێک لەرۆشنبیری میللی کۆمەڵ دادەنرێت و بۆ ئێستایش نرخی خۆی هەیەو بۆتە سەرچاوەی لەدایکبوونی چەندەها بەرهەمی نوێ.

ئێمە وەک لەئەدەبدا ناتوانین بەیەکجاری لەرابردوو داببڕێین بەهەمان شێوەیش ناتوانین بانگەشە بۆ دابڕانی لەسەدا سەدی خۆمان لەرابردووی هونەرکەین.. ئەمە بۆخۆی جۆرێکە لەوەهم.. بەڵام دەبێ بیر لەوە بکەینەوە چۆن و چۆنی لەدیدێکی نوێوە مامەڵە لەگەڵ رابردووی هونەریی خۆماندا بکەین؟ دیارە ئەگەر لەئێستادا وەک دیدی چوار یا پێنج سەدە کار یا مامەڵە لەگەڵ گۆرانی کوردیدا بکەین ئەوە هیچ نوێکارییەک ناکەین ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە لەنوێگەری هونەریماندا کتومت دیدی هونەرمەندێکی رۆژئاواییمان هەبێت. لەنێوان رابردوو و رۆژئاوادا پێویستە بزانین چۆن دەجولێینەوەو بەچ شێوەیەک کاردەکەین. ناکرێ لەئێستادا گۆرانیبێژی کورد ببێت - بۆ نمونە - بەگۆرانیبێژی سەدەی چوارەی زاینی و ناشکرێت ببێت بەهونەرمەندێکی رۆژئاوایی یا شێوازی بەرۆژئاوایی بوون هەڵبژێرێت.

بەداخەوە گۆرانیبێژانی کورد رۆشنبیرییەکی وەهایان نییە - مەبەستم هەموویان نییە - تا بەبەیەهاو سەدەها وتار، بابەتی نوێخوازی لەم بوارەدا بوروژێنن، یاخود خۆیان لەم دووئاراستەیەدا بەوشیارییەوە بدۆزنەوەو مەوقیعی گۆرانی کوردی دیاری بکەن و ئەو پرسیارە بوروژێنن هونەری گۆرانی کوردی بەچ ئاراستەیەکی دروست پێشدەکەوێ و چۆنچۆنی گورو تینی پێدەدرێ؟ زۆربەی زۆریان نازانن پێناسەیەکی ساکار بۆ هونەرو هونەری نوێ بکەن.

ئێستایش زۆریان ناتوانن دوو دەقی جوان بۆ گۆرانی هەڵبژێرن. هەندێک جار پەنا دەبەنە بەر دەقی وا کە جیاوازی وای لەدەقی پێشوی خۆی نییە، هەمان وشەو هەمان وێنەو هەمان خەم دووبارە دەبنەوە. من سەدەها جار سەدەها دەربڕینی دووبارە لەدەیەها گۆرانیدا دەبینم. هەستدەکەم ئەم دەق لەو دەق دەچێت. یاخود جاری وا دێت بەیەکەوە بەدیناکرێت لەنێوان دێرەکاندا.

ئێستا سیناریۆ بۆ گۆرانی دادەنرێت.. خۆ ئەمە کارێکی چاکە. لەچارەکە سەدەیەک پێش ئێستادا ئەم کارە هونەرییە نەدەکرا، بەڵام خۆشبەختانە ئێستا هەموو شتێک لەبارەو کەرەستەی هونەری و تەکنیکی زۆر بووە، هەموو پاڵنەرن بۆ دەوڵەمەندکردنی گۆرانی کوردی. بەڵام هێشتا هەر بەدروستی ئەنجام نادرێ.. زۆرجار هەستدەکەیت پەیوەندییەکی وا لەنێوان ناوەرۆکی گۆرانییەکەو ئەو سیناریۆیەدا نییە کە بۆی ئامادە دەکرێت و دەبێت لەبنەرەتدا بۆ دەوڵەمەندکردنی گۆرانییەکە بێت لەرێگای وێنەوە بەڵام سەیر دەکەیت گۆرانی لەشوێنێک و سیناریۆ لەشوێنێکی تر، هەر ئەڵێی بۆ زینەتی بۆش بۆی ئامادەکراوە. بۆ نمونە جاری وا هەیە گۆرانیبێژ دەڵێ: ئای چەند دوورم چەند دوورم. وگۆرانییەکەی هەمووی باسی دەردی دووری و سوتانی هیجران و لێکدابرانە کەچی لەسیناریۆکەدا هەر وێنەی خۆشی و خەندەبارانە، کورێک دەبینی کچێکی لەنزیکدایە یا دەستی لەناو دەستیدایە، یا لەسەر پاپۆرێک بەیەک دەست قولاپ بۆ ماسی هەڵئەدەن و گۆرانیبێژیش هەر دەڵێ: ئای چەند دورین چەند دورین چەند دورین ئای چەند دورین. ئەمە نەلکانی سیناریۆ بەگۆرانییەکەوە دەگەیەنێت. لەحاڵەتی وەهادا دەبێت وێنەی دووری و دوورکەوتنەوە پێبکهێنرێت تا خزمەتی ناوەرۆکی گۆرانییەکە بکات. یا گۆرانیبێژێکی کچ دەقێکی گۆرانی کردووە بەگۆرانی، شەبقەیەکی لەسەرداپە جلێکی رۆژئاوایی نوێی لەبەردایە، و لەسەر شێوازێکی رۆژئاوایی سەما دەکات و دەڵێ (سیاچەمانە سیاچەمانە) ئینجا بەسەماکردنەوە باسی هەورامان دەکات. مرۆ لەحاڵەتی دەقێکی وەهادا چاوەڕوانی دیمەنێکی کوردی دەکات. چاوەڕوانی سیناریۆیەک دەکات پڕبێت لەدیمەنی کوردەواری. ئەوە نوێبوونەوەیەکی راستەقینە نییە بێین شەبقەو سەمای رۆژئاوا بکەین بەکەرەستەی نوێبوونەوە بۆ سیناریۆی گۆرانی. من دەپرسم: بۆ دەبێ سیناریۆی ئەم گۆرانییانە هەر بەدەستگرتنی کچ و کورێک دەستپێبکات و کۆتایی پێبێت. بۆ دنیای گۆرانی ئەوەندە بچوک بکرێتەوە. خۆ ئێمە دەزانین کۆمەڵی کوردی چۆن سەیری ئافرەت دەکات بەڵام با ئەوەندە ئێمەیش بۆ کاری سەرپێی بەکاری نەهێنین بەوەی لەسیناریۆی گۆرانیدا کارو چالاکی لەزەردەخەنەیەکدا کورت نەکەینەوە. ئەمانە هەموو دەگەڕێنەوە بۆ شێواوی هۆش لای زۆرینەی گۆرانیبێژان و نەبوونی رەخنەگری هونەری. کۆمەڵێکیش لەو هونەرمەندانە جیادەکەمەوە کەزیاتر هەست بەکێشەکان دەکەن و خۆیان لەدیاردەی بەشێو بەدووردەگرن لەوانە: بۆ نمونە دیاری قەرەداغی، عەدنان کەریم، بەهجەت یەحیاو چەندینی تر.■

نەخۆشخانەی ئاشتی ئەهلی لەسلێمانی یان قەسابخانەی ئاشتی

پ. چاودێر

ئەگەر ڕێگات نەکەوتۆتە نەخۆشخانەی ئاشتی لەسلێمانی ئەوا بۆ ماوەی یەک سەعات سەردانی ئەم نەخۆشخانەیە بکە ئەوسا خۆت حوکم بدە لەسەر ئەم بابەتەی خوارەوە:

بالەپرسگەوە دەست پێ بکەین:

پرسگە هەر لەکەس ناپرسێت کاکە بۆ کوێ دەچیت وچیت پێیە؟ زۆرجار هەرکەسی لێ نیە.

با خاوەن نەخۆشەکان بدوێنینو خۆیان باسی ئەم نەخۆشخانەیەمان بۆ بکەن وەڵامی ئەم پرسیارانەمان بدەنەوە.

×کێت نەخۆشە؟

×نەشتەرگەری بۆ کراوە؟. کەی؟

×چەند ڕۆژە لێرەن؟ چەند جار دکتۆری مقیمو پەرستیارانو موزەمیدەکان هاتوون بۆ لای نەخۆشەکەت لەشەوو ڕۆژێکدا؟

×نەخۆشی چ دکتۆرێکە؟ تا چەند ڕازیت لەخزمەت گوزاریەکانی ئەم نەخۆشخانەیە؟

ج.م/ من کچێکی بچوکم نەخۆشەو تەمەنی ١١ ساڵانە ئەم ئێوارەیە سەعات حەوت توشی ڕیخۆڵە کوێرە بووە و نەشتەرگەریان بۆ کردووە بەڵام ناوی دکتۆرەکە نازانم، ئێستا سەعات ١١ی شەوە ئاوەکەی کەبۆیان هەڵواسی بو تەواو بووەو کەسی لێ نیە سۆندەکە لەکانیۆلاکە دەربهێنێتو خوێنەکەی هاتوەتە ناو سۆندەکەوە بۆیە ترسام خۆم سۆندەکەم لەدەستی کچەکەم دەرهێناوە، هەرچەندە باجییەکیشم نارد بۆلایان کەچی دەڵێن جارێ نان دەخۆین بابوەستێت، هیچ ڕازیی نیم لەخزمەتگوزاریەکانی ئەم نەخۆشخانەیە چونکە بێ ئاوو گڵۆپی کەمەو کارەباياتی ئیش ناکات بەم هاوینە گەرمە هیچ فێنک کەرەوەیەک کارناکات.

کاک.ع/ من لەگەڵ هاوڕێیەکم ئەوشەو نەشتەرگەی فتقی بۆ کراوە لەلایەن دکتۆر تەها حەمە خانەوە وەک خۆتان دەبینن لەژووری نەشتەرگەری هێناویانەتە دەرەوە بەڕووتیو واتا بەبێ ئەوەی دزداشەیەکی لەبەرکەنو جلەکانی خۆیان داکەندووە لەبەر نەشتەرگەریەکەی کەبۆیان کردووە خۆزگە کامیرایەک دەبووبۆئەوەی وێنەیمان بگرتایەو پیشانی وەزیری تەندروستیمان بدایە بۆئەوەی بزانین ئەگەر برایەکی یان کوڕێکی خۆی ئاوا لەنەشتەرگەری بهێنرێتە دەرەوە چی دەکرد؟ ئەم نەخۆشخانەیە هیچ مەرجێکی تەندروستی تێدا نییە.

دادە بەناز: خۆم نەخۆشم ئەو دوو ڕۆژە نەشتەرگەری منداڵ دانم بۆکراوە ئەگەر کەسوکاری خۆم لەبواری تەندروستی کاریان نەکردایە واتا خوشکەکانمو ئامۆزاکانم خۆیان دکتۆرو یارمەتی دەری دکتۆر نەبوونایە ئەوا بێگومان دەمردم لێرە، ئەمە جگە لەو دەنگە دەنگە زۆرەی بەردەم قاوشەکان بەتایبەتی بەردەم ساڵۆنی نەشتەرگەری یەکە، خۆم لەقاتی سێ نەشتەرگەریان بۆ کردوومو بەدوو باجیو چوار برام هێناویانەتە خوارەوە بۆ ژوورەکەی ئێستام، واتا مەسعەدەی تێدا نییە و تائێستا کەس نەهاتووە بەڵام تەنها ئەم بەیانیە کچێک هاتووەو دەرزییەکی بۆ کردوومو هیچی تر، بەڵکو ئەم ئێوارەیە دکتۆرەکەم ڕێگام بداتو بڕۆمە ماڵەوە زۆر باشترە لێرە.

شیرین خان: براژنم نەخۆشە بەنەشتەرگەری گەورە منداڵی بووە ئەوە چوار سەعاتە لەژووری نەشتەرگەری هێناویانەتە دەرەوەو کەس نییە دەرزیەکمان بۆبکاتو چەند جارێکیش باجیمان بانگ کردووە هەر دەڵێن باشە هێشتا زووە، نەخۆشی دکتۆرە فیرازە، لەم نەنۆشخانەیە نازانیت کێ دکتۆرە؟ کێ موزەمیدە؟ کێ پەرستیارە؟، چونکە کەسیان بەدڵەیان لەبەردا نییەو باجیشیان هەڵنەواسیوە تا بزانیت کێنو چین؟ هەر باسی تەبەڵەو جەدۆلی بەکارهێنانی دەرمان مەکە چونکە هەزار جۆر دەرمان بۆ نەخۆش بنوسرێت کەس نازانێت چۆن بەکاردەهێنرێت، ئەمە نەخۆش خانە نییە بەڵکو قەسابخانەیە هەر خەڵک هەڵدەدڕنو فڕێ دەدرێتە دەرەوەی ژووری نەشتەرگەری بەبێ لێپرسینەوە.

ڕێزان خان: نەخۆشەکە خوشکی هاوسەرەکەمە بەم ڕۆوە دوو ڕۆژە نەشتەرگەری کیسی ئاو لەسەر منداڵدانی بووە دەرهێنراوە بۆی لەلایەن دکتۆرە شلێرەوە، دکتۆرە خۆی سێ جار سەردانی کردووە زۆر لەڕێنماییەکانی پێ وتوم چی بۆبکەم چی لێ بکەم؟ چونکە خۆم کارمەندی نەخۆشخانەم، لەبەرئەوەی لەنەخۆشخانەکانی حکومەت نەشتەرگەری بەسەرەو موعیدی ساڵو دو ساڵ دوور دەکەوێتەوە ئەمەش هۆیەکە وا لەخەڵکی داماو دەکات بێتە ئەم کاولانەو بۆ چارەسەرکردن کەپێیان دەڵێن نەخۆشخانەی ئەهلی بەپارەی زۆریش نەشتەرگەری ئەنجام دەدەن، نەخۆشی لە ٢٠٠٠ هەزار دیناری سویسری کەمتر نەشتەرگەری بۆ ناکرێ، دکتۆرو مقیمەکان دەڵێن جیهازی زەغتەکە باش ئیش ناکاتو گەرمی پێومان نییەو پێش ئەوەی ئێوە بێن کوڕێک خۆی کردووە بەژوورەکەدا وتی نەخۆشەکەتان عیلاجی بۆ کراوە پێش ئەوەی ئێمە وەڵامی بدەینەوە بەئا یان نا وتی باشەو ڕۆیشت بۆچی پرسی کەس نازانێت.

سەردانی ڕەدهە بچووکەکانمان کرد لەناوەڕاستی ڕەدهەکەیا دوو برادەرمان بینی بەجلی عەسکەریو چەکی R.B.G یەوە هاتبوونە ژوورێ بێ ئەوەی کەس لێیان بپرسێت کاکە ئەو چەکەت بۆچییە خۆ بەرەی جەنگ نییە تا بۆ پارێزگاری خۆت هێنابێتت، ئەمە جگە لەنەبوونی حانووت یان کافتریایەک، ئەو کەسەی کەدەبرێت بۆ نەشتەرگەری خۆی وا پێویستە هەموو دەرمانو کەرەستەیەکی نەشتەرگەری بۆ ئامادە بکرێت پێش نەشتەرگەریەکە کەچی نەخۆشەکە لەژووری نەشتەرگەری بوو باجییەکان دەهاتن بەخێزانەکانیان دەوت فڵان نەخۆش پێویستی بەدەرزی هایدرۆکۆتیزۆن هەیە لەژوورەوە بڕۆن بۆی بکڕن، فڵان نەخۆش فڵان جۆر ئاوی هەڵواسینی دەوێت،.. هتد.

ئێمەش نەمان ویست ڕووبکەینە بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکانی سلێمانیو سەندیکای تەندروستی کوا ئەو سوێندەی کارمەندەکانتان خوێندیان لەکاتی وەرگرتنی بڕوانامەکانی پەیمانگاو زانکۆکانیان یان چۆن وەزارەتی تەندروستی ڕێگا دەدات بێ سەرپەرشتی هەستکردن بەبەرپرسیارێتی ئەم جۆرە نەخۆشخانانە بکرێتەوە یان بۆ وەزارەتی تەندروستی خۆی هەوڵ نادات نەخۆشخانەیەکی گەورەو تایبەت بەنەشتەرگەری دانانێ هەتا خەڵکی دووربخەنەوە لەم جۆرە نەخۆشخانانەو یارمەتی ئەو خەڵکە داماوەو هەژارانە نادات کەپارەش ئەدەن نەک چارەسەر بکرێن بەڵکو نەخۆشی تریشیان تووش دەبێت بەهۆی پیسیو لێنەپرسینەوەوە، خەڵکی دەڵێن وەزارەتو سەندیکای تەندروستی کێن؟ کاکە هەر دکتۆر وکارمەندانی تەندروستی خاوەن نەخۆشخانە ئەهلییەکان خۆیانن ئیتر لەلای کێ سکاڵا بکەین.■

کاریگەریەکانی کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار

ئا: ئارەزو حەمە ئەمین

ماوەی چەند ساڵێکە خەڵکی سەرچنار بەتەواوی بێزاربوون لەبۆنو تۆزی دوکەڵی کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار لەکاتێک دا سەرچنار شوێنێکی سیاحییە بۆ گەشتیاران چەندان کەس لەدورەوە دێنە ئەم شوێنە بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا کاربۆناتی ئەو کارگەیە دەچێت بەسەریاندا کەزیان بەتەندروستی گەشتیاران دەگەیەنێت ئەمە وای کردوە ئەو ماڵانەی نزیک بێزار بوون چونکە تۆزێکی زۆری هەیە بەڵام دەبێت کارمەندان چۆن بن کەلەبەیانیەوە تانیوەڕۆ لەناو کارگەکەدان.

ئەگەر گەشتێک بەناو کارگەکەدا بکەیت دەزانیت وەزعی ئەم کارگەیەو کارمەندانو ئیشوکارەکانیان چەند سەختو ناخۆشە، لەگەڵ ئەوەش دا ئامێرو کەلوپەلو کەرەستەی کۆن کە لەو کارگەیەدا هەیە کە ئەگەر سەرنجی کارگەی ١٩٥٧ وکارگەی ئێستا بدەین دەزانیت ئەرزو ئاسمانیان جیاوازە هەر لەچۆنیەتی کارکردنو کەلوپەلو ئامێرەوە.

وەلەبەرچاو نەگرتنی تەندروستی بۆ کارمەندان کەڕۆژانە تەپوتۆز بێزاریان دەکات لەکاتێک دا ڕێژەیەکی زۆر کارمەندیان هەیە.

وەک دەزانین بازاڕەکانمان پڕ بووە لەچیمەنتۆی بیانی بەڕێژەیەکی زۆر کەم چیمەنتۆی خۆماڵی دەبینرێت کە ئەمەش وادەکات گرنگی نەدرێتە کارگەی چیمەنتۆ چونکە ئەگەر گرنگی پێبدرایە ئەوا تائێستا کاریان بۆ ئەم کارگەیە دەکرد.

کاوە ڕەزا ئەحمەد - بەڕێوەبەری کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار وتی:

ئەو دووکەڵە خۆی لەڕاستیدا هەڵمە بەناو دووکەڵە چونکە ڕێژەیەکی کەم کەرەستەی تیادایە هیچ کاریگەریەکی ئەوتۆی نییە بۆ سەر خەڵک، نەخۆشی پێوە نییە بۆ هاوڵاتیان ئەگەر لەبارەی ژینگەوە قسەی لەسەر بکەین ئەوا ڕەشەبای سلێمانی زیاتر کاریگەرە بەڵکو ئەم کارگەریە نابێتە بەشێک لەپیس بوونی ژینگە گواستنەوەی لەدەسەڵاتی ئێمەدا نییە وە هیچ داواکاریشمان پێشکەش نەکردووە چونکە ڕەزامەندی ئێمەی تیادا بۆ لابردنی چونکە ڕێژەی کارمەندان زۆرە دەگاتە ٩٠٠ کارمەند، لەکاتێکدا ئەم کارگەیە بەشداری کردووە لەئاوەدان کردنەوەی ئەو شوێنانەی کەڕژێمی بەعس دەستی هەبوو لەوێران کردنیدا.

وە ئەم کارگەیە چەندین جار توشی داخستن بووە لەبەر هۆکاری سیاسی وە کارناکاتە سەرگەشتیارانی سەیرانگاکان وەک سەرچنار وە ژینگەش بەم کارگەیە پیس نابێت لەهەمان کاتدا.

کارمەند عومەر تۆفیق

ئەم کارگەیە لەساڵی ١٩٥٧ دامەزراوە بەوپێیە چەند جارێک توشی داخستن بۆتەوە، لەساڵی ١٩٨٦ داخراوە بەڕەسمی لەبەغداوە وە لە ١٩٨٨ کرایەوە.

جارێکی تر لە ١٩٩٠ داخراوەو لەساڵی ١٩٩٢ کراوەتەوەو هۆی داخستنی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کەوتۆتە ناوەڕاستی شارەوە کەنزیکی سەیرانگای سەرچنارەو کاریگەری دروست دەکات لەکاتێکیش دا بەرهەمێکی کەم بەرهەم دەهێنێت.

کارگەی تاسلوجە ڕێژەیەکی زۆر بەرهەم دێنێ کەڕێژەکەی ٣٠٠٠٠ تەنە لەخەتێک داکەخۆی دووخەتە بەڵام یەکێکیان کاردەکات.

لەبازاڕدا چیمەنتۆی بیانی تیادایە کە لەئێرانو تورکیاو سعودیەوە دێتە بازاڕەکان ئەگەر ئەم کارگەیەش داخرێت کاریگەری ئەوتۆی نابێت گەر بێتو بەرەو پێشی بەرن وەک کارگەی بازیان کەسود بگەیەنێت زیاترو دوور لەشار بێت بەڵام ئێستا لەپشت ئەم کارگەیەوە سەدێک دروست کراوە کەبۆتە سەیرانگا هەرچی کاربۆنات هەیە دەچێت بەسەریاندا، ئەگەر حوکمەت بیر لەوە بکاتەوە دایبخات وە لەو بیرشی لێکردۆتەوە چونکە بیری لێنەکردبێتەوە کارگەیەکی وەک بازیان کە ئێستا بەردی بناغەی دادەنرێت لەماوەی دوو ساڵدا تەواو دەبێ ئەم کارگەیە کادری زۆری تیادایە کەشارەزان لەئامێرەکاندا چونکە کادری کۆنن ئەگەر دابخرێت پێویستە مافی ئەو کادرانە نەفەوتێ، هەندێ جار تەپوتۆزی ئەم کارگەیە دەگاتە بەختیاریش کەڕێژەی تەپوتۆزی دەگاتە ٨٠٪ ڕێژەی هەڵمی ٢٠٪ دەبێت.

وەک دەبینرێت پاشەڕۆی کارگەکە دەکرێتە ئاوی چەق چەقەوە ئەمەش زیانی هەیە بۆ بڵاوبونەوەی نەخۆشیو بێ ئاوی خەڵکی سەرچنار.

کارمەند کەمال عەبدوڵلا وتی:

بەحوکمی ئەوەی ماڵەکەمان نزیکە لەم کارگەیەو خۆشم کارمەندم لێرە دەزانم چەند ئەو دووکەڵە زیان بەهاوڵاتیان دەگەیەنێت چونکە جاری وایە کەجل هەڵدەخرێت لەسەریان دەبێتە یەک پارچە ڕەشی وەدرەختەکان بونەتە تۆز، ئەم کارگەیە دواکەوتووە بەحوکمی ئەوەی جیاوازی زۆر هەیە لەتەکنەلۆجیای ١٩٥٧ و ٢٠٠٥ دا هەرچەندە کۆمەڵێک کارمەند نێراونەتە میسرو بۆ بینینی کارگەی چیمەنتۆ لەمیسردا کەزۆریان جیاوازە وە ئەم کارگەیە ئێستا لەزەرەردایە بەحوکمی ئەوەی مەسرەفی ئابوری زیاترە لەقازانجی.

وەپیسی ئەم کارگەیە دەچێتەوە سەر ئاوی چەق چەق کە شارەوانی چەند جارێک ئاگاداری کردوینەتەوەو شکاتیان لێمان کردووە کەئەمەش لەلایەکی تر زیان گەیاندنە بەئەو ئاوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کارگەیە بەنەوتی ڕەش کاردەکات زەرەری زۆری هەیە، ئێمە داواکاریمان ئەوەیە کارگەکە بگوێزرێتەوە بۆ شوێنێکی دوور لەشار چونکە ئێستا کەوتۆتە ناوەڕاستی شارەوە.

داواکاری دووەممان کارمەندەکانمان سەرگەردان نەبن، بێ بەش نەبن لەژیان و کار چونکە کارمەندی شارەزان.

وە زیادکردن و باشترین جۆری شیرو تایتمان بەنێ ڕۆژانە بەڕێژەیەکی زۆرتر لەڕێژەی ئێستا کە ٥ غرام شیری وشک ٥ غرامی تایت بۆ ڕۆژانە.

لەگەڵ ئەوەی جاران تەقینەوەیەکی زۆر دەکرا لەسەر کانە بەردەکان کاتی خۆی لە حەفتا تا هەشتاکان مەمنوع کرا چونکە کار دەکاتە سەر ئاوی سەرچنار لەکاتێکدا ئەم ئاوە سەرچاوەیەکە بۆ خواردنەوەو بەکارهێنانی خەڵکی سەرچنار.

لەکۆتاییدا:

ئەگەر گرنگی بدرێت بەو زنجیرە شاخەی نزیک کارگەکە لەوجۆرە بەردانەیە کەبۆ چیمەنتۆ بەکاردێت ئەگەر کارگەی تازە بکرێتەوەو کاربکات پێویست ناکات چیمەنتۆ لەوڵاتانەوە بێتە عێراقەوە.

کەواتە داخستنی یان گوێزانەوەی وەسەرلەنوێ دروستکردنەوەی کارگەیەکی نوێ بەتەکنەلۆژیای تازە زۆر قازانجە وەک لەبەرهەمهێنانی چونکە لەهەموو لایەنێکەوە زەرەری تەندروستی و ئابوری زیاترە وەک لەقازانج.■

سستی بەرنامەی نەوت بەخۆراک بۆ؟

ئارام عوسمان

بەرنامەی نەوت بەخۆراک یەکێک بوو لەو بەرنامانەی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچوو بۆئەوەی گەلی عێراق لەم ڕێگەیەوە ئاهێک بە بەریدا بێتەوە، دوای ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان گەمارۆی ئابووری لەسەر عێراق درێژ کردەوە، بڕیاری نەوت بەخۆراکیان وەک بەدیلێک دانا تاوەکو لەم ڕێگەیەوە خواردنو داوو دەرمان بگاتە گەلی عێراق بەڵکو تا ڕادەیەک ئاستی بژێوی هاوڵاتیان باشتر بێت، بەڵام بەداخەوە هاوڵاتیان نیگەرانن بەرامبەر سستی بەڕێوەچوونی بەرنامەی نەوت بەخۆراک، سیستەمی دابەش کردنی خۆراک وەکو پێویست بەڕێوەناچێ، دواکەوتنی بڕە خۆراکی مانگانەو کەموکورتی لەمادەکاندا بەشێوەیەکی بەرچاو بەدی دەکرێت، ئەمانەش کۆمەڵێ هۆن هاوڵاتیانیان نیگەران کردووە هەر هاوڵاتیەک بەشێوەیەک قسە لەسەر کەموکورتییەکانی ئەم بەرنامەیە دەکات هەندێکیشیان دەڵێن: تاوەکو لەدەست نەتەوە یەکگرتووەکاندا بوو ئێمە باشتر خواردنەکانمان بەدەست ئەگەیشت هیچ مادەیەکمان نە ئەفەوتا لەو مادانەی کەوا لەفۆرمەکەدا هاتبوو.

لەئەنجامی ئەو نیگەرانیەی لەلای هاوڵاتیان دروست بووە لەبڕە خۆراکی مانگانەدا لەنزیک بنکەیەکی دابەشکردنی خۆراک هەڵوێستەیەکمان کردوو ژنێکی بەساڵاچووم دواند وتی: "نازانین چۆن خواردنەکان وەرئەگرینو مانگانەکانمان لێ تێک چووە، نازانین چی وەرئەگرینو چی وەرناگرین، دوا بەدوای ژنەکەیش چاومکەوت بەهاوڵاتی وریا ساڵح تەمەن سیو پێنج ساڵ وتی: "جۆری خواردنەکان باشن بەڵام شێوازی بەڕێوەچوونەکەی باش نییە، ئەمەش ڕەنگە کۆمەڵێ هۆکاری تری لەپشتەوە بێت، لەڕووی ئەو باروو گوزەرانە نا ئارامەی لەخوارووی عێراق دا هەیە کە کاریگەری خراپی دروست کردووە لەبەڕێوەچوونی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بەخۆراکدا.

سەرەڕای ئەو کەموکورتیەی هەیە لەبەرنامەکەدا هاوڵاتیان گلەیی لەبریکارەکان دەکەنو دەڵێن: ئەمانیش لەکاتی خۆیدا دوکانەکانیان ناکەنەوە، یەکێک لەو بریکارانەمان دواند وتی: "خەڵک هەقی خۆیەتی گلەیی بکات هەموو ئەم کێشانە دەگەڕێنمەوە بۆ حکومەت، لەهەمان کاتدا ئەو بڕە پارەیەی کەحکومەت دەیدا بەبریکارەکان زۆر کەمەو لەو ئاستەدا نییە بژێوی ڕۆژانەمان بۆ دابین بکات ئێمەش ناچار دەبین ئیشێکی تر بکەین.

ئایا خەمساردی وەزارەتی بازرگانی عێراق وای کردووە. ئەم بەرنامەیە بەم شێوەیە بەڕێوە بچێ؟ یاخود وەزارەتی ناوبراویش قسەی خۆی هەیە لەسەر بەرنامەی نەوت بەخۆراک؟.

لەهەمان کاتدا هاوڵاتیان نیگەرانن لەوەی مانگانە کۆمەڵێ مادەی تێدا نییە، بۆ نموونە "شەکرو نیسکو نۆک و شیر" لەو مادانەن کە ناو بەناو دیار نامێننو پاش ماوەیەکی تر سەرهەڵ ئەدەنەوە، بەمانایەکی تر خواردنەکان ئەوانەی لەسەرەوە ئاماژەم پێکردوە وەکو پێویست ناگات بەدەستی هاوڵاتیان ئەمەش وای کردووە بۆشاییەکی گەورە لەم بەرنامەیەدا دروست بێت.

بەرنامەی نەوت بەخۆراک بەم شێوازەی ئێستا ناتوانێت پێداویستیەکانی خەڵک پڕ بکاتەوە، پێویستە وەزارەتی بازرگانی لەهەوڵی ئەوەدا بێت هەم چاکسازی لەبڕە خۆراکی مانگانەی هاوڵاتیاندا بکاتو هەم ئەو کەموکورتیانەی هەیە لەبەردەم بەڕێوەچوونی بەرنامەکەدا چارەسەری گونجاو و پێویستیان بۆ بدۆزێتەوە.■

٢١

لەبیرۆن

ئاوات ئەحمەد

پلۆتینۆس

پلۆتینۆس بە دامەزرێنەری ئەفلاتونیزمی نوێ لەقەڵەم دەدرێت، گەرچی خۆشیو زۆرێک لەوانەی شوێنی ئەویان گرتۆتەوە، خۆیان بە ئەفلاتونی دادەنێنو هیچی تر. لە ساڵی ٢٠٤ ی زاینیدا لە میسر لەدایک بووە، شوێنی تەواوەتی لەدایکبوونی زانراو نیە، وەلێ هەندێک دەڵێن لە ئەسیوت لەدایک بووە. لە بیستەکانی تەمەنیدا ڕوویکردۆتە ئەسکەندەرییە، لەوێ ئامادەی وانەکانی چەندان فەیلەسوف بووە، وەلێ زۆر کاریان تێنەکردووە، دواتر مامۆستایەکی پرشنگداری دۆزیوەتەوە کە ناوی ئامۆنیۆس ساکاس بووە، هەتا ساڵی ٢٤٢ لای ئەو ماوەتەوەو پاشان پەیوەندی کردووە بە هەڵمەتەکەی گۆردیانی ئیمپراتۆرەوە بۆ سەر فارس.. بەڵام لە میسۆپۆتامیا ئیمپراتۆر دەکوژرێتو پلۆتینۆسیش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆماو قوتابخانەیەکی فەلسەفی دادەمەزرێنێت، نزیکەی بیست ساڵ لە ڕۆما دەربارەی دانایی ئەفلاتونیو فیساگۆرۆسیو وانە دەڵێتەوە. بە تایبەتی لەسەر پێڕەوی تەرککردنی دونیاو دێوانەیی دەدوێت، مەبەستیشی لەو کەسانەیە کە ماڵو سامانی خۆیان دەبەخشنو کۆیلەکانیان ئازاد دەکەنو خۆیان تەرخان دەکەن بۆ خوداپەرستییەکی سۆفییانە. یەکێک لە هەرە درەوشاوەترین قوتابییەکانی پرۆفیرییە کە دواتر هەر ئەویش دەبێت بە سەربردەنوسی پلۆتینۆس. لەسەر داواو سووربوونی فۆرفۆریۆس، پلۆتینۆس تێزەکانی خۆی کۆدەکاتەوەو بەشێوەیەکی سیستماتیکی دایاندەڕێژێت. لەتەمەنی شەست ساڵیداو لەسەر داوای گالینۆسی ئیمپراتۆر، تێزێک ئاماد دەکات لەسەر کۆمەڵگایەکی گەردونی لەسەر شێوەی کۆمارەکەی ئەفلاتون، ناویشی نا ئەفلاتونپۆڵس. لەوێدا هزرمەندانو ڕۆشنبیران کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی تێڕامانی قووڵ بکەنو لە گەردون ورد ببنەوە. فۆرفۆریۆس دەربارەی مامۆستاکەی دەڵێت، زۆر خۆی لە چێژە جەستەییەکان دەپاراست، بەوریایی و سڵییەوە دەدواو بە هیچ شێوەیەک باسی لە ژیانی تایبەتی خۆی نەدەکرد. هەرگیز گۆشتی نەدەخوارد، پیاوێکی یەکجار شەرمنو هێمن بوو. نیگارکێشو پەیکەرتاشانی خۆشنەدەویستو پێیوابوو ئەوانە بە ڕەنگ تارمایی دروست دەکەن. دواجار لە ساڵی ٢٧٠ی زاینیدا بە گۆشەگیری و تەنهاییو دوای ململانێیەکی دورو درێژ لەگەڵ نەخۆشیدا دەمرێت. لە سەرەمەرگدا ئۆتیخۆسی دکتۆری نێوداری ئەسکەندەرییە دەچێتە ژوور سەری، ئەویش پێیدەڵێت "ئەوەتا هاتیت، من چاوەڕێت بووم، من هەوڵ دەدەم ئەو یەزدانییەی لەناوماندایە بیگێڕمەوە بۆ ئەو یەزدانییەی لە گەردوندا هەیە". پلۆتینۆس زۆر بایەخی دەدا بە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی قوتابییەکانی، بەڵام هەمیشە ئامۆژگاریی دەکردن کە بە هیچ جۆرێک توخنی سیاسەت نەکەون.

ئێنیادەکان سەرجەمی تێزەکانی پلۆتینۆسیان گرتۆتە خۆیان، فۆرفۆریۆسی قوتابیشی سەرپەرشتی چاپکردنو پۆلاندنیانی کردووە، بە شێوازێکی وشکو برنگ بە یۆنانییەکی قورس نوسراون. فۆرفۆریۆس لە شەش بەرگدا ڕێکی خستوونو هەر یەکەی نۆ تێزیان گرتۆتە خۆیان، هەندێ تێزی درێژی کردووە بە چەند بەشێکەوە بۆ ئەوەی پلانە نۆیینەکەی بچێتە سەر.

سیستەمە فەلسەفییەکەی پۆلۆتینۆس لەسەر بناغەی تیوریی ئایدیاکانی ئەفلاتون دامەزراوە، ئەفلاتون پێشنیاری چەند ئایدیایەکی ئەسڵی کردووە کە جیهانی مادی دەبەستنەوە بە جیهانی باڵاوە، پلۆتینۆس بیرۆکەی درەوشانەوەو دەرکەوتن و پێکگەیشتنی مادیو یەزدانیی بۆ زیادکردووە. لە یەکێک لە تێزەکانیدا دەڵێت "پێویستە خودا خۆی بێت بۆ لای من، نەک من بەرەوژوور ببمەوە بۆ لای ئەو" هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خودا لە هەموو شتێکدا هەیە. پلۆتینۆس پێیوابووە کە دەسەڵاتو هێزەکان لە بونی ڕەهاوە بەرەو مادە دەخزێن، ئەمە لە تێزەکانی سەرەتایدا هاتووەو پێی واتراوە ناوس یان هزری پەتیو ڕۆحی جیهان لەوێوە هەڵدەقوڵێت، لەویشەوە ڕۆحی مرۆڤو گیانەوەرەکانی دی دێتو سەرەنجامیش دەگاتە مادە. بەمجۆرە مرۆڤ سەر بە دوو جیهانە، جیهانی هەستەکانو هزری پەتی. مادەش بەو سیفەتەی مادەیە خۆی سەرچاوەی هەموو خراپەکارییەکانە. بە بۆچوونی ئەو پێویستە ئامانجی ژین بریتی بێت لە لە دەسبەرداربوونی هەموو چێژو بەرژەوەندی و بایەخدانە زەمینییەکان لە پێناوی هزری پەتیدا. مرۆ بە خۆ پوختەکردنو مەشقکردن لەسەر بیرکردنەوە، دەتوانێت هێواش هێواش دەستی بگاتە ناوس، سەرەنجامیش لەگەڵ یەکی ڕەهادا یەک بگرێت، واتە زاتی یەزدانی.

لەگەڵ ئەوەشدا پلۆتینۆس بە مانا دروستەکەی هزرمەندێکی میتافیزیکی نیە، گەرچی زۆرجاریش وەهای پێوتراوە. جاک دێریدا لە نوسینێکیدا ئاماژەی کردووە بۆ ئەوەی سیستەمەکەی پۆلتینۆس نوێنەری "سەرتۆپی میتافیزیک" ولەهەمانکاتیشدا "سەرپێچیکردنە" لە خودی بیرکردنەوەی میتافیزیایی.

لە بیرکردنەوەی پلۆتینۆسدا، قسەکردن لەسەر یەکی ڕەها بریتی نیە لە قسەکردن لەسەر گشت. وەلێ لە سەرانسەری فەلسەفەکەیدا پێناسەیەکی ڕاستەوخۆو ڕاشکاوی بۆ پێشکەش نەکردووە، لە چەند شوێنێکدا دەڵێت هیچ وشەیەک ناتوانێت بە تەواویی گوزارشت لە تواناکانی ئەو یەکە بکات، تەنانەت ئەو ناوەش کە پێی دەناسرێتەوە. گەرچی لەکەلتوری یۆنانیدا یەکی ڕەها یان چاکە بەبێ ڕاناوی نێریان مێ ئاماژەی بۆکراوە، بەڵام ئەو هەمیشە بەڕاناوی نێر باسی دەکات، پێی وایە ئەسڵی بوون لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، نە دەتوانرێت دیاری بکرێت و نە دەشتوانرێت وەسف بکرێت.

هزری پلۆتینۆس کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر پیاوانی تیۆلۆژیای سەردەمی خۆیو دواتریش بە تایبەتی لەسەدەی چوارەم بەدواوە، دواتریش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر فەلسەفەی ئیسلامی هەبووە. لەسەدەکانی ناوەڕاستیشدا کاریگەریی لەسەر هزری مەسیحی بەردەوام بووە. یەکەمین چاپی تەواوی کتێبەکانی لەسەردەمی نوێدا لە ساڵی ١٤٩٢ دا بووە و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر سەردەمی ڕێنیسانس هەبووە.■

من دژی ئەدەبو هونەری کوردیم!

حەمەی ئەحمەد ڕەسوڵ

بەشی یەکەم

ئەدەبو هونەر دوولایەنو دووباڵی گرنگی نێو کایەی ڕۆشنبیرین، جێگەیان بەرزە، سەرخانی سەرەوەی مەعریفەی کۆمەڵن، لەڕۆژئاوا وتراوە کەپێوەری پەرەسەندنو تۆکمەیی ڕۆشنبیریی هەر کۆمەڵێک لەدنیادا وابەستەی ئەو کەناڵە گرنگەی مەعریفەن بەهەموو ژانرەکانیانەوە! بەڵام ئێمە وتمان ڕۆژئاوا بۆیە ئەو دەقەرەی ئەم هەسارەیەمان ئاماژە پێدا، چونکە زۆربەی هەرە زۆری کەناڵە گرنگەکانی مەعریفە! وەک: فەلسەفەو زانستو تەکنۆلۆژیای پیشەسازیو تەکنۆلۆژیای ئەلکترۆنیاتو کۆسمۆلۆژیاو بایۆلۆژیاو زانستی نووژداریو بیناسازیو تەلارسازیو جیۆلۆجیای زەویو ئۆقیانووسەکانو پاشان ئەدەبو هونەرو سینەماو سیاسەتو چیو چی لەکایە زانستیو مەعریفیەکانو گرنگی بەژیانو ڕەفاهییەتی مرۆڤ ئەدەن لەڕۆژئاواوە بناغەیان دانراو ڕێساو یاسایەکانی تەشەنەیان کردو پریشکو پزیزکی بەرئێمەو باشوورو ڕۆژهەڵاتی گۆی زەوی کەوت، لەسای مەعریفەو زانستی ڕۆژئاواوەیە ئێمە کەوچک بۆ خواردنو پێڵاو بۆ ڕۆیشتنو قەڵەمو کاغەز بۆ نووسینو گڵۆپو وزە بۆ ڕوناکیو سەجرەم چالاکییەکانمان بەکار ئەبەین!.

زانستو مەعریفە، پێداویستییەکی مێژوویی و حەتمی بوونو لەپێناوی ئینسانو ژیاندا ئافەریدە بوونو بۆ خزمەتکردن هاتوونەتە گۆڕێ، پێبەپێی گۆڕانی کۆمەڵیش، ئامرازو کەرەستەکانی تەکنۆلۆژیای بەرهەمهێنانیش بەرەو پێشەوە چوون ولەگەڵ ئاسانترکردنو ئاسوودەترکردنی ژیانو ڕەورەوەی گوزەرانیی خەڵکاندا مەکینەی زیاترو ماشێنی کاروئیشکردنی دیکە داهێنراونو مامەڵەکردنی ڕۆژانەی مرۆڤی کاربەدەستو بەرهەم هێنیش (بەپێی میکانیزمییەتی بەکارهێنان) گۆشە نگیاو دیدەو ڕوئیای نوێو نۆژەنی بەرپا کردووە، هەموو شتەکان لەگۆڕاندا بوون، ڕێگای خۆڵ بۆتە چەوو بۆتە خشتو بەردڕێژو پاشان بۆتە قیرو ئەسفەلت،.. کەپرو کوخو خانووی قوڕو گەچو بەردو تەختە بۆتە کۆشکو ڤێلاو تەلارو باڵەخانەو ئەوجا بۆ تەلارە لەهەورنشینەکان - ناطحات السحاب -، ئامێری سلکیو لاسلکیو ڕادیۆ بۆتە تەلەفزیۆنو سەتەلایتو کۆمپیوتەرو ئینتەرنێتو چاد.. تاد. لەنێوان لەناوبڕی ئەو قۆناغانەدا چەندین ساڵو سەدە تێپەڕیوون.. مۆدێلەکانی بیرکردنەوەو تێڕامانو ئەندێشەو خەیاڵاتی مرۆڤ وەکو مۆدێلەکانی جلوبەگو پۆشاکی پیاوانو ژنان، شاریو گوندیی، زستانەو هاوینە.. گۆڕان و کوودەتاو شۆڕشی ئەوتۆیان بەسەردا هاتووە، کەئێمە بەئاسانی لەنێو دونیای ئەدەبو هونەری جیهانیدا بەگشتیو ڕۆژئاوایدا بەتایبەتی ئەیانناسینەوە، بەو پێودانگو ڕێسا لۆژیکییەی کەپێی ئەڵێن: "ڕەنگدانەوەی واقیع".. ئەبنیین لەداستانە ڕۆمانەوە بۆ کلاسیکیو ڕۆمانسیو سیمبۆلیزمی (ڕەمزی) و سوریالیزمیو بێهودەیی (عەبەسی) و ناماقوڵو مونتەمیو نامونتەمیو دادایزمو مۆدێرنیزمو ریالیزمو ریالیزمی ئەفسووناویی و(جادووگەریی -سیحریی) وپۆست مۆدێرنیزمیو هەروەها.. تاد.

هەموو قۆناغو ڕێبازەکانی ئەدەبو هونەریش گۆڕاونو هەر قۆناغەش وابەستەی شێوازی ژیانو جۆری پێشکەوتنو بەکارهێنانی مەکینەو ئامرازێکی ئابووریی دیاریکراوو جیاوازە لەقۆناغەکەی پێش خۆیو دوای خۆی.. لەسەردەمی دۆن کیخۆتەکەی، سێرڤانتسی ئیسپانیایدا، کۆمەڵە کشتوکاڵیو ڕەوەندیو ڕاووشکاریی بووە، سەرەتای سەنعەتکارییەکی - پیشەسازی سادەی تێدا بووەو شەوچەرە پێویستی بەداستانو حەکایەتو سەرگوزەشتەو پاڵەوانبازیی بووە، بۆیە حەتمییە ئەبێت سێرڤانتسێک ئەو ڕۆمانە داستانییە ئافەریدە بکات، سەردەمی شەکسپیر ئەوەی سەپاندووە پاڵەوانبازیو کێشەی کۆمەڵایەتیو دەسەڵاتو ئابوری لەکۆشکو تەلارە بەرزو ڕاقییەکانداو بەزمانی پاراو و پتەوی ئەو شەکسپیرە بنووسرێتەوە..! هەروەها لەئەمریکای لاتینیدا، تەرزو مۆدێلی بیرکردنەوەو کاریگەری (ئایین + خورافە) و ماکو پاشماوەکانی کۆڵۆنیالیزمی ئیسپانیایی - ئەمریکی ئەو جۆرە ڕێبازە (جادووگەریی - سیحراوییەی) لەوێدا هێنایە گۆڕێو واقیعو گوزەرانی ئابووریو ئەندێشەی ڕۆشنبیریو کەلتووریی بارگاویی بەئەفسانەو سیحرو تۆپۆگرافیای سەختو دژواری جوگرافیای لاتینی ئەو ئەدەبەی داهێناو بەوێو بەبیروباوەڕو گۆشەنیگاکانی ئەوی وژیاری (مایا) نامۆ نین..!

ئێمە لەبەرئەوەی ژیارو شارستانییەتمان نییە، فەلسەفەو شاکاری سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئەنترۆپۆلۆژیو مێژووییمان هەر نییە

ئەوان وەک ئێمە نین، ئەمریکای لاتینی ژیارو شارستانیەیتی پڕ سرووتو ئایینو کیشوەرێکی کراوەیان هەیە.. لەگەڵ گەشتەکەی کۆڵۆمبۆسەوە (١٥٤٢) دەرگاو پەنجەرەیان بەسەر دونیادا بەگشتی بەسەر ڕۆژئاوادا بەتایبەتی، وا لەسەر گازی پشت، ڕۆمانیان نییە باس لەپاپۆڕو کەشتیو گەشتو ئۆقیانووسو دەریا نەکات..!

ئەوان هەر هیچ نەبێت کەلتورو سرووتو ژیاریان جێگەی سەرنجی دانیشتوانەکەی گۆی زەوییە (بێجگە لەکورد!).. باسی کام ئەدەبو هونەرەی تر بکەین!!! هونەری ڕۆژئاوا دەستی هێندە درێژە، هەر لەیۆنانەوە هەتا بەرۆژئاوای کەنەداو ئەمەریکا ئەگات والایە بۆیو، هەر گۆڕەپانو کڵێساو باخچەو سەرچیاو ڕۆخ کەنارو سەر دیوارو کۆڵکەو پایەی خانوویەک ئەگرێت. ئەوە جێ پەنجەو شوێنو جێی هونەری کۆنو نوێیەو ڕازاندوویەتیەوە..! هونەرمەندەکانی دونیای ئەو دەقەرانە، تەنها فڵچەو قەڵەمو پەرە مریشک سەرف ناکەن، ئەوان سەنعاتکارن!.

وا بزانم هەموو هۆڵەندا، چوار شاعیرو چەند چیرۆکنووسو چەند ڕۆماننوسێکی کەم نەبێت تیایدا بەدیناکەیت

ئەوان دارتاشو داربڕو ئاسنگەرو پینەچیو کوورەچیو بەردتاشو چیو چی ترن..! پەیکەری بەردینو تەختەو برۆنزو ئاسنینو پلاستیکیو ئەلەمنیۆمیو شووشەیی ئەوان گۆڕەپانەکانی واشنتۆن تۆنتۆو لەندەنو پاریسو بەرشەلۆنەو ئامستردامو بەرلینو مۆسکۆو ڕۆماو پەکینو تۆکیۆو تەنانەت بەیروتو ئاستەنبوڵو قاهیرەش بەو ئیشە هونەرییانە ڕازاونەتەوە..!

وەلێ موخابن پەیکەری هونەریی ئێمە لەم دەقەرەدا: زۆر زۆر دەگمەنن، دەگمەنەکانیشی لەشتی دەوروبەری قۆناغی نێندەرتاڵو زاروڵەکانی داینەسۆرو کەرکەدەن ئەچن! هونەرمان بەگشتی وێرانە (چەند کارێکی باش نەبن کە لەژمارەکانی پەنجەی دەست تێناپەڕن!) ئیدی فەرموو وەرە تۆژێنەوەیەکی ئەکادیمیو زانستیو هونەریی یان لەسەر مەیسەر بکە! بزانە چ قۆناغێک لەگەڵ مێژووەکەی خۆیدا هاوەدەنگە! بزانە تەعبیرو گوزارشت لەکام واقیع ئەکات..! تابلۆکان لەچێشتی مجێور ئەچن! بۆچی؟ لەبەرئەوەی لەتابلۆیەکدا فڵچەکەی ڕامبراندو پیکاسۆو دالیو سیزانو گۆگانو کاندنسکیو گاودیو کێو کێی دیکەی تێدا ڕەنگدەداتەوە، بەڵام هەریەک لەو هونەرمەندە داهێنەرانەی سەرەوە لەچوارباخو سەیتاقانەوە بیستوومانن خۆیان سەر بەڕێبازو قۆناغو مێژوویەکن کەخۆیان لەلایەکو خەڵکانیش لەلایەکی دیکە مۆدێلێکی جیا لەیەکترو لەدوو ئاستدا: بیرکردنەوەو تێڕامانی خۆیان ئەخستە نێو کایەکانی مەعریفەو زانیاریی مرۆڤایەتی کۆمەڵەکەیانەوە..!

ئێمە لەبەرئەوەی ژیارو شارستانییەتمان نییە، فەلسەفەو شاکاری سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئەنترۆپۆلۆژیو مێژووییمان هەر نییە..

ئێمە لەبەرئەوەی زانامان نییە، زانستمان هەر شیعرو دروشمو پەخشانێکی هەناسە ساردو زەلیلە، ئەستێرەناسو نووژداری میللی (لەوەی چینو ئێرانمان) نییە، ئێمە لەبەرئەوەی هیچ (..ناس) وهیچ (..ناسێک) نینو بەسەر ئایینێکی بەزۆر سەپێنراو بەسەرماندا و بەسەر کەلتووریی خێڵەکیو ڕەوەندیو ڕاوشکاریی و گوندیی توندو چەقبەستوودا داخراوین، کایەکانی دیکەی دونیای نووسینو نومایشکردنیشمان زۆر لاوازو بێهێزو سادەو بێدەرەتانە.. نامۆیە بەخۆمانو تەعبیرو گوزارشت لەکۆمەڵە داخراوو ئاڵقەڕێزەکەی خۆمان ئەکات کاریگەریو وەرگرتنو ئیستیعمارە لەئەدەبی کوردیماندا لەوپەڕی پلەکانیدایە.. لەئەدەبی عەرەبیو تورکیو فارسیەوە بەتەن.. بەتەنەکە.. بەفەردە، دەقو بیرۆکەو نووسینمان وەرگرتووە..

ئەتوانم بڵێم (مەمو زینی ئەحمەدی خانی) لێدەرچێت، ئەوەکانی دیکە، بریتین لەجووینەوەو کاوێژکردنی ئەدەبی دەوروبەرمان بەڵام بەزمانی کوردی! ئاخو ئۆفو نەگبەتیو بێدەرەتانیو لالانەوەو کرووزانەوەو چەپاندنی خولیاو ئارەزووی عاتیفیو سێکسیو کۆمەڵایەتیو بگرە چەوساندنەوەو بەرهەڵستی هەڵوێستی سیاسی بەرامبەر بەدوژمنە زۆرەکانن، ئەو ئەدەبە ئینشاییو سۆزداریو حەماسیو ئەندێشە ئامێزییو ئامۆژگاریو واعیزدانەی بەرهەمهێناوە کەبۆتە دونیای ڕۆشنبیریو فەرهەنگی کوردیمان.. ئێمە چەندەها نەوەو وەچەیەکینو سەدان ساڵە مرۆڤی کورد بەو دێڕە شیعرانە.. بەو پەندو ئامۆژگاریو سروودە حەماسیو - ئاخو ئۆف - ئامێزانە بەخێو ئەکرێین، سەدان ساڵە لەقوتابخانەو خوێندنگاکاندا پێش وەرگرتن زانینو زانیارییەک (ئەگەر هەبووبێت) کڕنووش بۆ ئاڵا ئەبەین، ئاڵای دوژمنو کۆڵۆنیالو قەسابەکانمان! ئاڵای زەلیلیمان! بەسروودو شیعرێک مەڵاشوومان هەڵدراوەتەوە، جگە لەنامۆیی بەوڵاتو بەزێدو حەسرەت بەئاسوودەییو سەرفرازی، هیچی دیکەمان لێ نەچنییەوە.. نائومێدیو تەمەن بەهەدەردان لەپێناوی (لەچاوەڕوانی گۆدۆدا) هەتا کرۆک و سەرئێسقانمان ڕەگی داکوتیوە..!

ئەمڕۆ کە بەراوردێکی چکۆلەی نێوان دوو ژانرو کەناڵی ئەدەبیو هونەریی نێوان ڕۆژئاواو لای خۆمان ئەکەم..! هەیهوو! جیاوازییەکە ئاسمانو ڕێسمانە! ڕۆشنبیریی ئەوێ تەنها بەژانرەکانی وەکو شیعرو چیرۆکو ڕۆمانو تابلۆیەکەوە نەوەستاوەتەوە.. ئەوان، یان باشتر وایە بڵێین ڕۆشنبیریی گەلان وابەستەیەو وەکو هێڵی شەمەندەفەر ئاسا، بەشێوەیەکی تەریب لەگەڵ شێوازی ژیانو قۆناغی ئابووریی کۆمەڵەکەیاندا هاوشانە.. ئەوان چەندین ساڵە فێرکراونو پەروەردەی دەستی ئەو فێرکارانەن کەڕۆڵەی نیشتمانەکەیانو نەوە دوای نەوە وەکو سەنعاتکارو پیشەگەرێک پراکتیزەی ئەکەن، مەشقی تیۆریو پراکتیکی کردارکەی ئەوان پێکەوەیە.. ئەوان خوێندنگاکانیان پڕو تژییە لەلابۆرو مەکینەو کۆمپیوتەر، تیۆرییەکانی داروینو لامارکو نیوتنو گالیلۆو باشتۆرو مارکۆنیو ئاینشتاینو.. تاد لەلابۆرو لەپانتایی شاشەی تەلەفزیۆنو سینەمای نێو خوێندنگەو ئامۆژگاکاندا فێر ئەکرێن..!

ئەوان ماتماتیکو ئەندازەش (کە چەند تیۆریو وشکن) هەر بەپراکتیکی و لەلابۆردا بۆ شرۆڤەو ڕاڤە ئەکرێت.. بەرنامەو پرۆگرامەکە وایەو ستافێکی پسپۆڕو زانا دایانناوەو ئەزانن وڵاتو ڕەورەوەی مێژوویان بەرەو تەکنۆلۆژیاو تەکنۆتڕۆن هەڵئەسووڕێت.. ئەوان ئەزانن کەتەنها قەڵەمو کاغەز و ئەندێشەی ڕۆمانسیو نووسینی ئینشاو ستایشکردن، کۆمەڵەکەیان قولانجو سانتیمەترێک ناباتە پێشێ..! منداڵی ئەوان لە (١٢) دوانزە ساڵییەوە ئاشق بەبرغو، پلایس، دەرنەفیس و ئەنتیگرێتو چەکوشو بزرمان.. ئەوان نەوەکانیان بۆ سەنعەتو ئیشو کۆمپیوتەر تەرخانکردووە، لەوەش بترازێت کامێراو ئۆتۆمبێلو شەمەندەفەرو پاپۆڕو تەلەفزیۆنو سینەما ئەکەنە خولیاو خواستی خۆیان.. گەر بەچاوێکی لێلیش لەو کارو خولیایانە بڕوانین، ئەوەمان بۆ ئاشکرا ئەبێت کەئاراستەی پرۆگرامەکە لەدەسەڵاتو حکومەتەوە بۆ ئەوەیە: خەڵکان مامەڵە لەگەڵ دونیای مادیدا بکەن نەک ئەندێشەو خەیاڵی ڕۆمانسیی بەتاڵ..! لەبەرئەوە هەر بوارێک لەبوارەکانی کشتوکاڵو پیشەسازیو بیناسازیو ئەلکترۆنیات بگرێت، لەشکرێکی بەرفراوان بەپسپۆڕو کارمەندو بەرهەمهێن وەکو مێروولە، وەکو سەعات، وەکو ڕووبار، بێسرەوتنو بێپەهەدادان لەجوڵەو کارکردندان..!

وا بزانم هەموو هۆڵەندا، چوار شاعیرو چەند چیرۆکنووسو چەند ڕۆماننوسێکی کەم نەبێت تیایدا بەدیناکەیت..

بەڵام ڕیپۆرتاژنووسو کامێرا بەدەستو کامێرامانو فیلمسازدەر لەوێ زۆرن.. پسپۆڕی کارا لەبوارو دونیای کۆمپیوتەرو ئەلیکترۆندا بێشوومارنو هێندەی ژمارەی شاعیرانو چیرۆکنوسانو بەقاڵو بۆیاخچی ئێمە ئەبن.

ئەتوانم بڵێم (مەمو زینی ئەحمەدی خانی) لێدەرچێت، ئەوەکانی دیکە، بریتین لەجووینەوەو کاوێژکردنی ئەدەبی دەوروبەرمان بەڵام بەزمانی کوردی

کەواتە ئەوان لەدونیای مادەو ماتریاڵەوە نزیکن، سەنعاتکارو داهێنەرو بیناتنەرن، بۆیە کات و زەمەن گرنگی خۆی هەیە، چونکە وەک ئاشکرایەو یاسایەکی سەرەکی ئابوورییە، ئیشکردن بەرامبەر دراو حسێبی بۆ ئەکرێت وەهەر چرکەیەک مسقاڵێک ئاڵتوونە.. دابەشکردنی کارو پسپۆڕیی (اختصاص) لەکارکردندا لەگرنگترین خەسڵەتەکانی کۆمەڵی پیشەسازیو بەرهەمهێنە.. هەر ئەو پسپۆڕیەشە کەئاژاوە ناهێڵێو بەحوکمی میکانیزمییەتی کارکردن، شارەزاییو داهێنانیش فەراهەم ئەکات.. بۆیە بیرکردنەوەی کەسانی ڕۆژئاوا سەبارەت بەوردەکارییەکانی ژیانی ڕۆژانەش زۆر کۆنکرێتو یەکلاییکەرەوەیە (حاسم)ە، واقیعینو دوورن لەخەیاڵە بێ تخووبو بێ سنوورە تەمومژاوییەکان، بیریان لای بڕۆو ئەگریجەو ڕوومەتو لێوی یاری دوورە دەست نییە، بەدیار وێنەی دڵخوازەوە ناوەتە پرمەی گریانو کیسی بیرەی بۆ ناخۆنەوە! مەنجەڵی گوڵەبەڕۆژەو تەشتێک زەڵاتەی بەسەردا ناکەن!. دڵی خۆیان ناگوشن، دڵ لای ئەوان پارچەیەک گۆشتەو ڕۆڵی پاڵاوتن ئەبینێت.. لەوی ئەوەی ڕۆڵی گرنگی هەیە ئاوەزە (ئەقڵ) نەک دڵو ڕۆحو گیان ئەمانە لای ئێمە پیرۆزن، ئێمە وێنەکان ئەکەین بەکاریزماو ئەیانپەرستین.. لەشکرێک لەکاریزما بوونەتە بتو ئێمە خەڵوەتگامان بۆ بنیاتناونو بووینەتە دەروێشو موریدی سرووتو ئەفسانەی پیرۆز گەرایی و شتە موقەدەسکراوەکان یاسای بەزەبری چەپاندنی ئایینیو حوکمی ئاسنینی بەهاو دابو نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، بیرکردنەوەو ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵی لەقاڵبداوەو لەنێو قەفەزێکی کڵۆمدراو و لەنێو بازنەیەکی بۆشدا، دوور لەزانست، دوور لەتیۆریی، دوور لەفەلسەفەو لۆژیک، دوور لەمەعریفەو زانین، لەدونیای دوکەڵاوییو لەنێو سەرابی وشەو ڕستەو ئەندێشەو خەیاڵاتی ڕۆمانسیی یادو حەماسی خەواڵوودا چەقمان بەستووەو شیعرو پەخشانەکانمان هەتا زنجیرە چیاکانی حەمرینو چیاکانی ئارارات و ئەودیوی ئۆستانی سنەو ئەوپشتی قامشلۆ وزەو برەویان نییە..! پەخشانەکانی نێو فەرهەنگی کلۆڵی ئێمە وەڵامی پرسیارە سەرەتاییو بنەڕەتیو لاوەکییەکانی فەلسەفەو زانستو مەعریفەیان پێنادرێتەوە، ڕاڤەو شرۆڤەی کۆمەڵی کوردەواریان پێناکرێت..!

کەواتە تەنها ئاخ هەڵکێشانو بەتاڵکردنەوەی دەروونی سیخناخی کوردی ژێر دەستە بووەو درێژکراوەی ئەم حاڵەتەش تەنها گۆڕان بووە لەشێوازی قسەکردنو پێکهاتەی زمانو ڕستەسازیو فۆرمسازیدا.. تەکنیکو ناوەڕۆک، چ کوەتەو گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە.!

موخابن و زۆر ئەفسووس ئەوهەگبەیەی ئەورۆ ئامادەیەو پێشکەشی دونیای ڕۆشنبیریی کوردیمان کراوە، ڕێژەیەکی هەرە زۆریان ڕەوی مەجلیسو دیومەخانی جیهانی نییەو بۆ خەڵاتی نۆبڵیش زۆر زۆرمان ماوە "مەگەر دڵێک بەیەشار کەماڵ خۆش بکرێت!"..■

دەستووری هەمیشەیی لەدیدی هونەرمەندانەوە

چاودێر: لەدوای روخانی رژێمی عێراق، عێراق بەقۆناغێکدا تێدەپەڕێ کەعێراقێکی بێ شوناسە، یانی دەستورێکی دیاریکراوی نیە تا لەرێی ئەو دەستورەوە تەعریفێک بۆ دەوڵەتی عێراق بکرێت، لەدوای هەڵبژاردنیشەوە شەڕی ئەو شوناسە دەستی پێکردووە، هەموو لایەک لەلای شیعەو سونەو لەلای کوردیشەوە هەوڵ دەدات ئەو دەستورە بەشێوەیەک بنوسرێتەوە تیایدا ماف‌و داخوازیەکانی بێتە دی، تۆ لەلایەک پێت وایە ئەو شەڕی دەستورە کەئێستا لەعێراقدا ئەنجام دەدرێ، زۆرتر بەچ ئاراستەیەکدا رۆشتووە، دوەمیش پێت وایە ئەو دەستورە دەبێ چۆن بێ، بۆئەوەی عێراق لەکۆی ئەو کێشانەی کە لەهەبوونی ئەو دەوڵەتەوە کەهەیبووە تائێستا رزگاری بێ؟

فەرەیدون دارتاش: گومان لەوەدا نیە مەسەلەی دەستور مەسەلەیەکی گرنگەو بەتایبەتی دوای روخانی سەدام کەعێراق بێ تەیاری ئیسلامی موتەتەریفیش، شۆڤێنیەتی عەرەبیش هەمووی پشتگیریان ئەکەن، عێراق بەعێراقێکی عەرەبی حساب ئەکەن کەئەوە مەترسیەکی زۆر گەورەیە لەسەر کوردستان، ئەوە زۆر گرنگە بسەپێنرێ کە عێراق بەشێکە لەنیشتمانی عەرەب کوردستانیش بەشێکە لەکوردستانی گەورە، مەسەلەیەکی گرنگە، مەسەلەی دەستنیشانکردنی سنوری دەسەڵاتی کورد، مافەکانی کورد لەو دەستورەدا ئەوانە هەمووی گرنگە، لەبەرئەوە بۆ دەستور هەقە کورد وا بەئاسانی دەسخەرۆی نەبێو وازی لێنەهێنێ، من پێم چاکە پێش (٨/١٥) کەبڕیار وایە دەستورەکە اعلان بکرێو بخرێتە راپرسیەوە کورد هەڵوێستی خۆی ساغ بکاتەوە، کە ئەڵێم هەڵوێستی خۆی وەربگرێ مانای ئەوە نیە دەست باتە چەک‌و خەباتی شۆڕش گێڕانە، نەخێر هۆکارەکانی خەبات ئەمرۆ زۆرن، شێوەکانی خەبات زۆرن، بەڵام پێویستە گوشارەکە وابەهێز بێ کە بەرامبەرەکە لەو سنورەدا رابگرێ.



فەرەیدون دارتاش
لەساڵی ١٩٤٣ لەسلێمانی لەدایک بووە.
دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدادە بەشی مۆسیقا.
لەساڵی ١٩٥٩ لەپارتی دیموکراتی کوردستان کارم کردووە، لەساڵی ١٩٧١ لەڕیزی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان (ی.ن.ک) تائێستا کاری کردووە.
یەکێکە لەدامەزرێنەرانی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان‌و تائێستاش سەرۆکی ئەو رێکخراوەیە.
چەندین جار لەلایەن دەسەڵاتی بەعسەوە گیراوەو زیندانی کراوە.
بۆ ماوەی ٢١ ساڵ سەرۆکی تیپی مۆسیقای سلێمانی بووە.

من گلەیەکیشم هەیە لەلایەنە سیاسیەکانی کوردی تا ئەمرۆ کەقسە لەسەر ئەو مەسەلەیە ئەکەین، کورد پرۆژەی خۆی تەرح نەکردووە، جەماوەری کوردستان نازانن پرۆژەی دیدی کورد بۆ دەستور چییە

چاودێر: کورد لەمێژووی خەباتی چەکداری‌و روبەڕوبوونەوەکانی، سیاسەتەکانی دەوڵەتی عێراقی زۆروکەم سەرکەوتووبووە، توانیوێتی تا ئەندازەیەک سنوری بۆ دابنێ، زۆرجاریش پاشەکشەی پێ بکات، بەڵام پێت وا نیە ئەو شەڕە دەستورەی کەبەرێوەیە بەو شێوەیەی کەتۆش باسی ئەکەی پێویستە کورد خۆی بۆ ئامادە بکات، پێت وا نیە ئێستا کورد لەحاڵەتی خۆ ئامادەکردنا بێت، یانی خۆ ئامادەکردن بەشێک بێت لەرابردوو، یانی تۆ پێت وایە کورد لەرابردوودا بۆ نمونە لەدوای هەڵبژاردنەکانەوە، وەکو پێویست خۆی ئامادەکردووە بۆ ئەو شەڕەی، بۆ ئەو رۆژەی کەتیایدا دەستور رادەگەیەنێ راپرسی لەسەر دەکرێ؟

فەرەیدون دارتاش: بەبڕوای من ئەوەی دەستور ماوەتەوە. بەبڕوای من بۆ گەلی کوردستان زۆر گرنگە بتوانێ لەم دەستورەی ئایندەدا نەک جێی خۆی بکاتەوە بەڵکو مافەکانی خۆی تیا مسۆگەر بکات، ململانێی ناو دەستور بۆ هەموو لایەک رەوایە هەر کەس‌و بەپێی دیدوبۆچوونی خۆی، بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم هەتا ئێستا تێبینی ئەکەم زۆربەی برایانی عەرەب‌و هەندێ لەتورکمانەکان و موتەتەریفەکان بەتایبەتی دیدو بۆچونیان هەرچۆنێک بێ لەسەر دەستور، بەڵام لەسەر مەسەلەی مافەکانی کوردو دیاریکردنی لەدەستوردا، چەسپاندنی یەک دەگرنەوە، دژ بەوەن کە چ گەلی کوردستان لەسنوری جوگرافی‌و نەتەوەیی خۆیدا مافەکانی جێگیر بکرێ، دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی سروشتیانە وەکو مافێکی نەتەوەیی کورد دەست نیشان بکرێ، ئەوانە بەپێی ئەوهەڵوێستانەیان بەپێی ئەوگوتارانەیان تائێستا دژن. بۆیە خەباتی ئێستای کورد، هەوڵدانی ئێستای کورد، بەتایبەتی لایەنە سیاسیەکان کەجڵەوی خەباتی میللەتەکەیان گرتۆتە دەست ئەرکێکی مێژوویی گرنگیان لەسەرەوە نابێ چیتر چاوەڕێ بکەن تاکاتەکەیان لەدەست دەربچێ، مەسەلەی دەستور مەسەلەیەکیشە ئەبێ زۆر زوتر مسۆگەر بکرێ، یانی ئەوە نیە بخرێتە دوای تەرح کردن، یان دوای راپرسی کردن، ئەگەر بەزۆرینە بێ کورد ئەیدۆڕێنێ، چونکە عێراق زۆربەی عەرەبەو لەناویشیدا زۆربەی شیعەیە، دیدوبۆچونەکانی ئەوان سەبارەت بەدەستور زۆر دیارو ئاشکران، بۆیە پێویستە کورد پێشتر بەرێکەوتن بێ بەتەوافق بێ، بەهەر شێوەیەک بێ لەشێوەکان مافەکانی خۆی بچەسپێنێ، دەنا بەبڕوای من لەم هەلەدا نەیچەسپێنێ، ئەرکێک یان خەباتێکی زۆر قورستر دێتە رێمان کەبەرچونی وا ئاسان نابێ، بگرە لەخەباتی شۆڕشی چەکداری بەبڕوای من سەختر دەبێ لەقەناعەت کردن بە بەرامبەر، بەتایبەتی عەرەبی عێراقیش، نەبێ هەرخۆیان بن کەئێستا قسەی لەسەر ئەکەین، ئەو ململانێیە هەیە لەسەری بەبڕوای من درێژە پێدەری خەباتی شۆڕشگێڕانەکەیە، ئەگەر ئەو خەباتی چەکداری‌و شۆڕشگێڕانە نەبوایە، ئەمرۆ کورد بەو هێزەوە نەیئەتوانی ئەو قسانە بکات، من گلەیەکیشم هەیە لەلایەنە سیاسیەکانی کوردی تا ئەمرۆ کەقسە لەسەر ئەو مەسەلەیە ئەکەین، کورد پرۆژەی خۆی تەرح نەکردووە، جەماوەری کوردستان نازانن پرۆژەی دیدی کورد بۆ دەستور چییە، تائێستا هەر گفتوگۆیە لەنێوان لایەنە سیاسیەکان‌و لەگەڵ لایەنە عەرەبیەکان‌و لایەنەکانی تری عێراقی دا بێ، ئەوەی جەماوەری کوردی بزانێ دیدوبۆچونی ئەم لایەنانە چییە بۆ مەسەلەی دەستور کە ئەوە هەڵەیە بەبڕوای من مەترسیەکی گەورەیە، پێشنیار دەکەم کە مانگێکی ماوە بەلانی کەمەوە، لەم دوو هەفتەی ئایندەدا لایەنی کوردی دیدوبۆچونەکانی خۆی بڵێ.



عەلی جۆلا
هونەرمەندی شێوەکار - مامۆستای کۆلیجی هونەر
لەساڵی ١٩٤٢ لەدایک بووە لەسلێمانی.
×چەندەها کاری هونەری نیشان داوە.. لەسلێمانی‌و لەشارەکانی دیکەی وڵات، وە دەرەوەی وڵات.

چاودێر: بەڵام ئێستا نوێنەری کورد لەبەغدا کەچۆن لێرەوە لەکوردستانەوە پرۆژەیەکیان بردووەو لەژمارەی رابردووی چاودێر نەخشەکەشمان بڵاوکردۆتەوە، یانی ئەوە بۆ خۆی پرۆژەکەیە؟

فەرەیدون دارتاش: راستە، گومانمان نیە لەنوێنەرەکانی کورد کە لەبەغدان، بەڵام رەوایەو هەقە جەماوەری کوردستانیش ئاگادار بێ لەو پرۆژەیەی کە پێشکەش ئەکرێ هەر ئەوە بڵێن کەبەرامبەرمان وا ئەڵێ‌و ئێمە وا ئەڵێین، بەجەماوەری کوردیش ئاگادار بێ لەوە، دەکرێ لەم دوو هەفتەی داهاتوودا ئەوە بکرێ.

چاودێر: بێگەرد خان هەر لەسەر ئەو روونکردنەوانەی کاک فەرەیدون، یان زیادەیەکت هەبێ، وەڵامی ئەو پرسیارەش بدەیتەوە، تۆ پێت وا نیە پێویستە کورد هەموی وەکو هاوڵاتی بەشداری پێ بکرێ لەپرۆژەی دانانی دەستورو تەسدیق کردن، یانی بەرچاوڕونی‌و شەفافیەتێک هەبێ کەئایا تۆ پێت وایە هەیە یا نیە؟

بێگەرد: منیش لەگەڵ رایەکەی کاک فەرەیدوندام، بەڵام ئەم دەستورەی کەدائەنرێ باوەڕ ناکەم هەموو کورد ئاگادار بێ لەو پرۆژەی کەهەیە، چی‌و چی نییە، پێش وەخت سیاسیەکان چونەتە ئەوێ، بەڵام با پرسیار لەچین‌و توێژەکان بکرێ سەبارەت بەمافی دەستور، چونکە پێشتر هیچ چین‌و توێژێک مافیان نەبووە، بۆ لەم دەستورەشدا مافم نەبێ کەواتە من چ کوردێکم.

چاودێر: جگە لەکوردێک وەکو مانا سیاسیەکەی، لەڕووی کۆمەڵایەتیشەوە وەکو ژنێک پێت وایە ئەو دەستورە چۆن دەبێ دابرێژرێ بەوشێوەیەی کەئامانجەکانی ژنان، ژن وەکو توێژێک لەهەموو عێراقدا تاچەند پێت وایە ئەو دەستورە ئەگەرێکی وا هەیە کەئەو مافانە دیاری بکات.

بێگەرد: ئەوە ئەکەوێتە سەر سیاسیەکانمان لەبەغدا، دەستور دائەڕێژنەوە ئێمە لەکوردستان تاڕادەیەک ژنان مافیان هەیە، ئەگەر مافی ژنانی ئێرە ببرێ بۆ بەغدا، بۆ ژنانی عێراق، پێم وایە کاری باشە بۆ دەستور، هەروەها ئەگەر کاری بۆ بکرێ، دەبێ نوێنەری ژنانیش لەدارشتنەوەی دەستوردا هەبن، چونکە ژنێک بەنوێنەری ئێمە بروات لەمن تێئەگات چیم ئەوێ، بەڵام رەنگە پیاوێک لەمن نەگات کەمافی ژن چییە.

چاودێر: مامۆستا ئاری لەهەمان چوارچێوەدا لەسەر دارشتنی دەستور، خۆت دەزانی کۆمەڵی عەرەبی عێراقی زۆر جیاوازە لەکۆمەڵی عێراقی کوردی، پێت وا نیە ئەو دوو بۆچونە جیاوازە، بۆ نمونە لەوێ دەسەڵاتی گەورە مەرجەعیەتە لێرە شتێکی ترە. پێت وا نیە ئەوە لەکاتی ئێستفتادا ٨/١٥ جیاوازیەکانی زۆر بەئاشکراتر دەرکەون کەئەوان شتێکیان دەوێ‌و ئامانجەکانی ئێمە شتێکی ترە یانی زیاتر ئەو جیاوازیە زەق دەبێتەوە؟

ئاری بابان: بێگومان ئەوەی کە دەیڵێی زۆربەزەقی‌و ئاشکرا دیارە ئێمە رۆژانە چ ئەوەی برادەران‌و خەڵک دەبینین کەرەنگە هەندێکیان زۆر لەسەر تەیاری پێشکەوتنخوازی عەرەبی حساب بکرێ، بەڵام رایان لەسەر مەسەلەی کورد زۆر شۆڤێنین، زۆر بەشۆڤێنیانە قسە ئەکەن، هەتا زۆربەی زۆریان مەسەلە فیدراڵیەتیان کەئەوە وەکو خۆمان ئەڵێین بنەمایەکی سەرەکییە بۆ عێراقی ئاینده هەتا ئەوەیان قبوڵ نیە، جاوەرە لەدەستوردا چۆن دانی پیا ئەنێن، چۆن قسەی لەسەر ئەکەن. بۆیە بەڕاستی یەکێ لەهەرە کێشە گەورەکانمان ئەوەیە ئەگەر بێت‌و چەند عەرەبێکیش کەلەپەنجەی دەست تێناپەڕن کەتەیدی کێشەی تۆ ئەکات، کێشەکە لەوێوە دەست پێدەکات کەتۆ دێیت بۆ دەستور رای شەقام وەرئەگریت شەقامیش هێشتا خۆی رەئی خۆی نازانێ، چونکە بەڕاستی شەقامی عێراقی خۆمان دەزانین سی‌و پێنج ساڵ حوکمی سەدام‌و ئیستبدادو گۆڕی بەکۆمەڵ‌و تۆ رەئی کێ ئەپرسی بۆ دەستور، لەخەڵکی بەسرا ئەپرسی کورد چی ئەوێ، کێشەکەمان ئەوەیە ئەی خۆمان چیمان ئەوێ خۆت دەڵێی دەستور شوناسی بۆ عێراقی داهاتو دیاری دەکات، باشە ئەی دەستور شوناسی ئاینده دیاری ناکات بۆ عێراقی ئاینده، بۆ کوردستان. ئاینده دیاری دەکات کەواتە تۆ لێرەدا پێش ئەوەی من بچم بۆ هەر دیالۆکێک گرنگە من پرۆژەیەکی ئامادەکراوی کاملم پێ بێت، ئێمە پەرلەمانێک مان هەبووە چەندین ساڵە لەسەر چی دەستورێک رۆیشتووە ئایا دەستور هەبووە بۆ ئەو پەرلەمانە، پرسیارەکە ئەوەیە کەواتە تۆ لێرەیا تەفسیرەکە لەیەک لاوە نییە، لەکۆمەڵێک لاوەیە من پێم وایە تۆ ئەتوانی ئالێرەیا پرۆژەیەکی تایبەتی ئامادەکراوت هەبێت کەی هەموو کەسێک بپرسی رای یاسا ناسان بپارێزی، رای خەڵک بپرسی، چونکە کورد خۆی لەکێشەی خۆی تێئەگات، بەرێزت وتت پرۆژەیەک هەیە براوە بۆ بەغدا ئێستا ئێمە دانیشتوین وەکو هونەرمەندان گفتوگۆی ئەکەین لەکاتێکدا دەستورەکە لەبەغدایە، ئەکرا ئەو دەستورە پێش ئەوەی ببێتە پرۆژە، رای خەڵکی لەسەرکۆبکرێتەوە پرۆژەیەکی تەواوبێ، چونکە ئێستا کە دێی رەئی هونەرمەندان یان نوسەران یان چین‌و توێژەکانی تر رەئیان وەرئەگرێ پرۆژەکە لەبەغدایە ئەی ئەم رایە بۆچییە.

چاودێر: بەڵام تۆ پێت وایە رایەک هەیە دەڵێ ئەگەر ئەم جارە کورد توشی هەڵدێر بێتەوە خەتایی خۆیەتی، تۆ تاچەند پێت وایە ئەگەر کورد بەباشی خۆی ئامادە بکات، ئەتوانێ ئەو گرەوە بباتەوە لەشەڕی دەستوریدا؟

ئاری بابان: من نەک سەد لەسەد لەگەڵ ئەوەدام کەخەتای خۆمانە، ئەگەر بێت‌و ئەم جارە شکستێک بهێنین بەڵکو لەگەڵ ئەوەدام کەعێراق دوای روخانی سەدام کورد خەریکە عێراقێک دروست ئەکات سەرلەنوێ عێراقێکی شۆڤێنی بۆ خۆمان کەجەیشی نەماوە بۆی دروست ئەکەینەوە، لەکاتێکدا ئێمە بەشێکی پێشمەرگەی زۆر باشمان هەبووە کەواتە جەیشێکی بەتواناو باشمان هەبووە، لەعێراقدا سوپا نەبووە، وا ئێمە بۆی دروست ئەکەینەوە، دەزگای ئەمن‌و ئیستخباراتی نەبووە وا بۆی دروست ئەکەینەوە، کەواتە لێرەدا تۆ کێشەکەت لەمەدایە، تۆ چەند مافی خۆتت مەزمون کردووە بۆئەوەی ئەوە دروست بکەیت کەتۆ لێرەدا بەپرۆژەیەکی تەواو رێک‌وپێکەوە چویتە پێشەوە، بتوانی من رای شەقامی کوردیم ئەوێ، چونکە تۆ لێرەدا خۆت ئەزانی چیت ئەوێ، خەباتت بۆچی کردووە، ئەبێ ئەو پرۆژەیە ئامادە بکەی، ئەو پرۆژەیە رێک بکەی ئەوەی کەتۆ هەتە لەمەودوا خەبات بۆ چەسپاندنی بکەی، ئینجا لێرەدا عێراقی ئاینده دروست ئەبێ چونکە هەموان ئەزانین ئەو ئەزمونە تاڵە وابەئاسانی خەڵک ناتوانێ حوکم لەسەر دەستورێک بدات کەئەزمونی لەوەوپێش نەبێ، چونکە حوکم دان تۆ ئەبێ ئەزمونی موسبەقت هەبێ، تۆ کۆمەڵێ ئەزمونت هەبێ لەدەوڵەتێکی دیموکراتی، تۆ چەندین جار هەوڵت دابێ راپرسی بکەی، بەڵام تۆ ئەتوانی کۆمەڵێ شتی باش‌و دیموکراتی بهێنیتە پێشەوە، چونکە کەئەڵێی دەستور، دەستور بنەمایەکە هەرچی تەشریعاتی تر هەیە لەسەر دەستور دیاری ئەکرێ، هەرچی شتێکی تر هاتە پێشەوە ئەڵێن موخالیفە بۆ دەستور کەواتە ئێستا دەستور گرنگە، کە تۆ رای خۆتی تیا بچەسپێنی، تۆ ئەزمونێکی رابردوت هەیە، بەنیسبەت کەرکوک‌و شارەکانی ترەوە، تازە تازە چاوەڕێ بکەم جەعفەری چی قەرار ئەدات بۆ کەرکوک، ئەی خۆی بۆ قەرار نادات بۆ کەرکوک. خۆت بۆ بڕیاری موسبەقت نیە بۆ کەرکوک، پێی لەسەردا بگری، ئێستا فشار بخەمە سەر جەعفەری کە بڕیار بدات بۆ کەرکوک، جەعفەری ناتوانێ بڕیار بدات بۆ کەرکوک، چونکە ئەگەر جەعفەری وەکو شەخسیش بڕیار بدات چەندەها شۆڤینی لەپشتەوەیە، کەواتە تۆ لێرەدا بەنیسبەت کەرکوکەوە چی ئەکەیت ئەمرۆ، خۆت چی ئەکەیت، تۆ چۆن خۆتی بۆ ئامادە ئەکەیت، بەیانی جەعفەری قەرارەکەی بەدڵی تۆ نەبوو تۆچی ئەکەیت. ئەڵێ بۆ چەند ساڵی تر بۆ ئیستفتایەکی تر، لەکاتێکدا لەکەرکوک هەموو داموەزگاکان بەدەست تووەیە بەڵام دەسەڵات بەدەست تووە نیە.

ئێمە ئەڵێین حکومەت هەیە فیدراڵیی، چ جۆرە فیدراڵیەک، فیدراڵی چی‌و چیە؟ دەسەڵاتی ناوەندی مەرکەزی چییە؟ کەئێمە ئەمانەمان کرد، ئەم کێشانەمان نامێنێ چاوەڕێ بکەین لەپەرلەمانی بەغدا، بڕیار بۆ ئێمە بێنێ ئێمە خۆمان بڕیاری خۆمان هەیە

چاودێر: ئەمە کێ لێی بەرپرسە؟

ئاری بابان: کورد لێی بەرپرسە، سیاسی کورد لێی بەرپرسە، منافەسەی ناشەریفی کورد لێی بەرپرسە بۆ کێشەیەکی زۆر گرنگ، کە پێویستە ئەمە کێشەیەکی نەتەوەییە، کێشەیەک نییە سیاسەتی رۆژانە بۆربۆرێنی تیا بکەم، هەندێک مەسائیل هەیە تۆ ئەتوانی بۆربۆرێنی تیا بکەی، ئەتوانی شەڕی تیابکەی، بەڵام کێشەی نەتەوەیی بەهەمووئاراستەکانی حزبەکان لەسەر کێشەی نەتەوەیی ئەوە لەهەموو دونیادا باوە، پێویستە رێکەوتنێکی سەد لەسەد هەبێ، لەبەرئەوەی کێشەیەکی نەتەوەییە، نەتەوە زیانی تیائەکات، پێویستە هیچ بۆربۆرێنێکی تیا نەبێ بەهەمووهێزێکەوە کاری بۆ بکەن، بەڵام ئایا ئەوە ئەبینیت، ئایا هەتا لەدەستورا بەنیسبەت مەسەلەی کەرکوک ئەوە ئەبینیت، ئێمە لێرەدا کێشەکەمان ئەوەیە، ئێمە بەڕاستی ئەترسین زۆر ئەترسین لەئاینده، ناهەقیشمان نیە کە لەئاینده بترسین، کە جەعفەری حوکمان بۆ بدات، کە جەعفەری رەئی بلێ لەسەر کورد لەسەر کوردستان کەچی ئەوێ چونکە بەڕاستی یاسایی فیدراڵی لەهەموو دنیادا زۆر ئاشکرایە، یاسایەک نیە من تازە بەتازە بیهێنمە ناوەوە، یاسای فیدراڵی‌و پراکتیکی فیدراڵی لەچەندین دەوڵەت هەیە.



بێگەرد ئەحمەد رەشید
لەساڵی ١٩٧١ لەدایک بووە
دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکان، ئێستا خوێندکارە لەزانکۆ هونەرە جوانەکان لەبەغداد.

ئێمە لەکوردستان تاڕادەیەک ژنان مافیان هەیە، ئەگەر مافی ژنانی ئێرە ببرێ بۆ بەغدا، بۆ ژنانی عێراق، پێم وایە کاری باشە بۆ دەستور، هەروەها ئەگەر کاری بۆ بکرێ، دەبێ نوێنەری ژنانیش لەدارشتنەوەی دەستوردا هەبن

چاودێر: تۆ لەکۆی ئەو گفتوگۆیانە رای ترت هەیە؟

شوان: بەرای من دەستور شتێک نیە نەرم‌ونیانی‌و مساوەمەی تیادابێ، چونکە تۆ چارەنوسی میللەتەکەتی پێوە بەندە، من دەمەوێ بێمە سەر مەسەلەی کەرکوک و مادەی (٥٨). ئەمرۆ سیاسیەکانی کورد ئیشی بۆ ئەمانە نەکردووە، ئێمە دوو ساڵ لەمەوپێش یەکێ بوین لەهاوپەیمانی ئەمریکا بۆ رزگارکردنی عێراق‌و کورد رۆڵێکی باشی بینی بۆ ئەمە، کەواتە کورد یەکێ بوو لەوانەی دەسەڵاتی هەبوو ئەکرا لەسەرەتاوە ئیشی باش بۆ ئەمە بکردایە کەرکوک وەکو ئەمرۆی لێنەیە، دراوسێکانی ئێمە لەوڵاتانی ئیقلیم بەهەر شێوەیەک بێ هاوکاری ئەوان ئەکەن، ئەگەر قسە لەسەر قسەکانی جەعفەریش بکەین، بەبڕوای خۆم قەت قەناعەتم بەقسەی عەرەب نیە چونکە قەد باش نەبوون لەگەڵ کورد، یانی نازانم ئەم نەرم‌و نیانیە هەتاکەی، یانی تۆ چارەنوسی ئەم چەند ملیۆن خەڵکە هەیە بۆچی وا بەئاسانی سیاسیەکانی ئێمە ئەم نەرم‌ونیانیە بۆ لەدەستوروشتەکانی تر پشگوێ ئەخەن، دایمەن لەپشتی پەردەوە قسە لەسەر شتەکان ئەکەن، یانی تۆ ئیش لەسەر دەستور بکەی، رەئی خەڵک وەرگری، نەک شتەکان مانگێکی تر یان رۆژێکی تر بێی قسەی لەسەر بکەی.

چاودێر: تۆ کۆکی لەسەر ئەو رایەی کە لەرابردوویەکی نزیکدا شەفافیەت نەبووە لەنێوان سەرکردایەتی‌و هاوڵاتیانی کوردستان لەنوسینی دەستورو پرۆژەیەکی هاوبەش؟

شوان: من وای ئەبینم چۆن شتەکانی پێشتر شەفافیەتی تیا نەبووە، ئەمیش بەهەمان شێوەیە. شەفافیەتی تیا نیە، رای خەڵک کوا.

چاودێر: بەڵام قەدەری کورد وایە، کە لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی دابێ، ناتوانێ جیا بێتەوە. لەبەرکۆمەڵێک هۆ کەرەنگە کۆک بین لەسەری، بەڵام پێت وایە مانەوەی کورد لەناو دەوڵەتی عێراقیدا کەنابێ بەمانای توانەوە بێ، یانی جیاوازیەکانی خۆت بپارێزی لەو دەوڵەتەدا، پێت وایە کورد لەڕوخانی سەدام وە هەتا ئێستا ئیشی لەسەر ئەوە کردووە کەئەو جیاوازیانەی خۆی بپارێزێ؟

شوان: بەقسەکردن زۆر شت کراوە بەڵام بەڕاستی بەعەمەلی وانیە من وای نابینمەوە، چەند دەبینی لەکەرکوک شتەکان وەک پێویست نیە، راستە ئەڵێن کەرکوک شارێکی کوردستانیە منیش لەگەڵ ئەوەدام بەس ئایا بەڕاستی وایە، بەڵام من وای نابینم هەست ناکەم شارێکی کوردییە، خانەقین هەست ناکەم شارێکی وا کوردی بێت، چی بۆکرا، چی بۆ ئەکرێ، ئێمە ناکرێ چاوەڕێی ئەوە بکەین سبەینێ لەبڕیارا چی ئەکرێ، من ئەمەوێ کەوتیان کەرکوک جیاوازی نەبێ لەگەڵ سلێمانیدا، جیاوازی نەبێ لەگەڵ هەولێر، چۆن هەموو شتەکان بەکوردی خۆمان بەرێوەی ئەبەین.

چاودێر: بەڕاستی یەکلاکردنەوەی کەرکوک بەبڕیارێکی کوردی نیە، بڕیارێکی گرانە، پەیوەندی بەهەموو لایەنەکانەوە هەیە، یانی تەنها یەکێتی‌و پارتی ناتوانن بڕیاری لەسەر بدەن، پێویستە هەموو لایەنە عەرەبیەکان هەموو لایەنەکانی تریش قەناعەت پێ بهێنرێ؟

شوان: من هیوایەکم هەیە بەئەمریکاو هاوپەیمانان بەس هیچ هیوایەکم نیە بەلایەنە عەرەبیەکان. وتت قەدەر ئەو قەدەرە کێ دایناوە، ئێمە خۆمان قەناعەت بەخۆمان دێنین کەئەو قەدەرە وایە، دەوڵەتی داخراو لەدنیادا زۆرە، کەواتە لێرەدا من باسی ئەوە ناکەم بانگەوازی دەوڵەتی کوردی بکرێ، باسی ئەو بابەتە ناکەم، بەڵام فیدراڵیەت‌و هەنگاونان بۆ ئاینده، ئەوە یەکێکە لەهەرە هۆکارە سەرەکییەکان کەئەمرۆ دەوڵەتە هەرێمیەکان لێی ئەترسن، چونکە کورد لەکوردستانی عێراق فیدراڵیەکی هەبوو، سەربەستیەکی هەبوو، جۆرە یاساو شتێکی تایبەتی خۆی هەبوو، بەرۆژێک دیارە چەند کاریگەری لەکوردستانی پارچەکانی تر ئەکات، ئەمە شتێکی ئاشکرایە کەواتە قەدەرەکە خۆمان ناومان ناوە، ئەوە قەدەری کورد نیە.

چاودێر: بمبورە کەئەڵێم قەدەری کورد، مەبەستم ئەوەیە کورد ناتوانێ لەعێراق جیابێتەوە، دەوڵەتی کوردستان دروست بکرێ، لەبەرئەوەی کورد دابەش بووە بەسەر چەند دەوڵەتێکدا لەبەرئەوەی ئەو بڕیارە تاکو لەگەڵ سیاسەتی دەولی، لەگەڵ ئەمریکا، لەگەڵ هاوپەیمانان ئێمەش تاکە پشت‌و پەنایەک کەهەمان بێ بریتییە لەئەمریکاو هاوپەیمانانی، ئەوان بەرەسمی دژی ئەو سیاسەتەن، چونکە بەپێی بەرنامەی خۆیان رۆژهەڵاتی ناوەڕاست توشی ئەزمەو کێشەی گەورە دەبێ یانی چ هێزێک نیە لایەنگری ئەو پرۆژەیە بکات؟

شوان: ئەوەی جەنابت ئەیڵێی بەهیچ شێوەیەک روون نیە، کەسیاسەتی هاوپەیمانان ئەوەیە کەکوردستانی ئاینده کوردستانی دەوڵەتێکی بێلایەن نەبێ، هەتا بەنیسبەت ئێستاش ئایا کورد چەندێ هەنگاوی بۆ ناوە تاکو بزانین سیاسەتی ئەمریکا وایە یان وانیە، یانی بۆ نموونە: تۆ لەخانەقین ئێستا کورد توانیویێتی بەدڵسۆزی کاک مەلا بەختیار کورد بوونی خۆی سەد لەسەد بپارێزێ، ئایا ئەوە لەکەرکوک کرا، کەواتە لێرەدا سیاسەتێکە تۆ لەشوێنێ بەڕاستی پەیڕەوی ئەکەیت لەشوێنێ بەچەوتی پەیڕەوی ئەکەیت.

چاودێر: بەڵام ئەمریکاییەکان بیان ویستایە، ئەیان توانی رێگری لێ بکەن؟

شوان: بەڵێ بەڵام نەیانکرد، کەواتە هەر لەسەر ئەم قسەی جەنابت لەکەرکوکیش بیانکردایە ئەمریکیەکان رێگەیان نەئەکرد، کەواتە ئێمە هەڵەی سیاسی خۆمان وای کرد لە کەرکوک ئێستا کەچاوەڕێی جەعفەری بکەین، بڕیارمان بۆ بدات، کەواتە ئەوە هەڵەیەکی مێژوویی خۆمانە.

چاودێر: بەڵام ئەمریکییەکان رێگری دەکەن لەسەربەخۆیی، ئەوان بەرەسمی ئاگاداریان کردووە کەئەوان دژی هەموو جیابوونەوەیەکن بۆ نمونە، لەو دواییانەدا ئەمریکیەکان بەرەسمی سەرکردایەتی کوردیان ئاگادار کردۆتەوە کەنابێ وەکو جاران بەو شێوەی جاران ئاڵای کوردستان بەتەنیا هەڵکەن، مەبەستم سیاسەتی ئەمریکا، رەنگە لەگەڵ ئەوەبێ کە کەرکوک‌و خانەقین بێتە سەر کوردستان بەڵام موتڵەقەن لەگەڵ سەربەخۆیی نیە؟

شوان: بەڵێ دوای ئەوەی کەخۆمانیان بینی چەندێک لەسیاسەتی ستراتیجی خۆمان هێواش هێواش بەرەو دواوە ئەڕۆین ئینجا ئەوانیش ئەو بڕیارەیان دا، بۆ نموونە: برادەرێکم هەیە لەئەنجومەنی شارەوانی کەرکوک، کورێکی رۆشنبیرە، قسە ئەکات کەم یا زۆر، رۆڵێکی خۆی هەیە، ئەڵێ لەمانگی چوارەوە ئەندامی ئەنجومەنی تیایە تامانگی حەوت گوێم لەفزەی نەبووە، گوێم لەتاقە گفتوگۆیەکی نەبووە، باشە کەسێک کەدانراوە ئەوەی چۆن بەیانی بەرگری لەمن ئەکات، لەکێشەی من ئەکات لەکەرکوک، قسە نازانێ کەلەوێ دانراوە، ئەوە یەک، دوو من رێزم هەیەو ئەوە رای خۆمە کچێک دانراوە خۆشەویستە، ئەمەیان بەسەر سەرو بەسەرچاو باوەڕی خۆیەتی، تەوقەی لەگەڵ ئەکەی ئەڵێ حەرامە، تەوقە لەگەڵ کەس ناکات لەگەڵ ئەنجومەندا، قسەی رێک‌وپێک ناکات، لەسەر حزبێکی زۆر پێشکەوتوش، تائێستاکە رایەکی نەداوە لەسەر کێشەی ژن، نە لەسەر کێشەی کەرکوک، نوێنەری حزبی شیوعیە، دە فەرموو بەیانی وەرە ئەو کچە بەرگری لەکێشەی ژن بکات، بەرگری لەیاسای ئەحوالی شەخصی بکات، خۆی لەیاسای ئەحوالی شەخصی تێناگات، نوێنەری منیشە لەپارێزگا، نوێنەری ژنانی کەرکوکیشە لەپارێزگا، ئەمە تاوانە دەرهەق بەکەرکوک ئەکرێ، کە کۆمەڵێک وێنەیان داناوە، ئەشپرسین بۆ، بۆ وا ئەکەن، ئەڵێن قەیناکا چوار مانگەو دوای ئەوە تەواو ئەبێ، کەواتە گاڵتە بەئەقڵی خەڵک ئەکەن، سیاسەتی ئێمە ئەمرۆکە بەو شێوەیەیە کەزیاتر گاڵتەکردنە بەئەقڵی خەڵک، شتی تەواو بووەو ئەیبات‌و ئینجا دێت رەئی تۆ وەرئەگرێ.

کەواتە ئێمە هەڵەی سیاسی خۆمان وای کرد لە کەرکوک ئێستا کەچاوەڕێی جەعفەری بکەین، بڕیارمان بۆ بدات، کەواتە ئەوە هەڵەیەکی مێژوویی خۆمانە

چاودێر: کاک عەلی تۆ لەسەر گفتوگۆکان؟

عەلی جۆلا: ئەم گفتوگۆیەی، ئەم شتانەی کەباسکرا شتی سەرەکین کەئەبوایە ئێمە ئێستا دانیشتینایە باسی ئەمانەمان بکردایە، شتی سەرەکی تر هەیە لەئارادا کەئەبوایە بکرایە، بۆ نموونە ئێمە ئەڵێین حکومەت هەیە فیدراڵی، چ جۆرە فیدراڵیەک چەسپاوە دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی چی‌و چییە، دەسەڵاتی ناوەندی مەرکەزی چییە، کەئێمە ئەمانەمان کرد، ئەم کێشانەمان نامێنێ چاوەڕێ بکەین لەپەرلەمانی بەغدا، بڕیار بۆ ئێمە بێنێ ئێمە خۆمان بڕیاری خۆمان هەیە، خۆمان پەرلەمانی خۆمان هەیە لەکوردستانا لەبەر ئەمە ئەم حاڵەتانە ئێمە مەسەلەکەمان بڵاوکردۆتەوە، بەبێ ئەوەی بتوانین مەڵۆیەک لەو مەڵۆیانەی کەهەمانە کۆی بکەینەوە، لەسەر کەرکوکیش رایەکم هەیە با بێمە سەر ئەوەی بۆچی لەفیدراڵیدا ئێمە پێش وەخت پێش ساڵ‌و نیوێک پارتی‌و یەکێتی کۆبونەوەیەکیان کرد لەسەر مانای فیدراڵی‌و چۆنیەتی فیدراڵی، بەڵام لەوەئەچوو ئەو کەسانەی کەهاتبوون زۆر لەفیدراڵی شارەزا نەبوون، لەبەرئەوە کاریگەریان کردو هەندێ باسی کەمیان لەسەر فیدراڵی کرد، لەوکاتەوە کورد خەریکە بەڵام خۆی بۆ خۆی حکومەتی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەهەردووبەشەکە نەیتوانی بەزوترین کات فیدراڵیەت تەتبیق بکات، لەکوردستانا بەهۆی کێشمەکێشی هەندێ شت کەپێویست نیە، چونکە ئەوانە زۆر بچوکن، ئەگەر بهاتایە ئێمە حکومەتی فیدراڵیمان لەکوردستانا بچەسپانایە پێش وەخت.

کەواتە ئێستا دەستور گرنگە، کە تۆ رای خۆتی تیا بچەسپێنی، تۆ ئەزمونێکی رابردوت هەیە، بەنیسبەت کەرکوک‌و شارەکانی ترەوە، تازە تازە چاوەڕێ بکەم جەعفەری چی قەرار ئەدات بۆ کەرکوک، ئەی خۆی بۆ قەرار نادات بۆ کەرکوک

چاودێر: بەڵام ئەوە چۆن حکومەتی فیدراڵی لەکوردستان ئەچەسپێنی، ئەگەر کەرکوک‌و خانەقین‌و ناوچە ئازادکراوەکان ئەگەر لەدەستوری عێراقی داهاتوودا ئیعترافی پێ نەکرێ، سیغەیەکی یاسایی وەرناگرێ؟

عەلی جۆلا: مەبەستم لەبۆچونی بەکارهێنانی دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵیە کەئێمە زۆر دەمێکە پێش ئازادکردنیش فیدراڵیمان هەبووە، پێش ئازادی عێراقیش خۆمان بەفیدراڵ زانیوە، چیمان بۆ کرد، هیچمان بۆ نەکردووە بۆ حکومەتی فیدراڵی، ئەمرێک لەبەغداوە دەرچوو تەتبیق ئەکرا لێرە، من ئەبێ ئەمر لەپەرلەمان‌و حکومەتی خۆمەوە بۆم دەرچێ، مانای فیدراڵی، یانی چی، تێناگەم ئێمە ئێستا چ جۆرە فیدراڵیەکمان هەیە، ئایا حکومەتی مەرکەزی دەسەڵاتی لەچیدا کۆبۆتەوە.

چاودێر: ئێستا فیدراڵی داخوازیەکی سیاسییە، هەتا ئێستا فیدراڵی بۆ عێراق‌و کوردستان جێبەجێ نەکراوە، ئەوکاتە دەبێتە خاوەنی هەرێمێکی فیدراڵ کەلەدەستوری هەمیشەیی عێراقدا تەسبیت بکرێ، سنورەکە دیاری بکرێ؟

عەلی جۆلا: کەواتە ئێستا ئێمە گفتوگۆی هەندێ شت ئەکەین، کەپێویستی بەگفتوگۆ نیە، رای تایبەتی خۆم وایە، با ئێمە حکومەتی فیدراڵی تەسبیت بکەین، بزانین چ جۆرە فیدراڵیەتێکمان هەیە لەسەر ئەو شێوازی فیدراڵیە قسە بکەین.

چاودێر: تۆ وتت با هەرێمی فیدراڵ بچەسپێنین، لەڕاستیدا کێشەکە ئەوەیە، هەرێمی فیدراڵ لەجێبەجێکردنی برگەی (٥٨) لەکوردستانەوە ناکرێ، دەبێ ئیللا کورد، سەرکردایەتی کورد هێزە سیاسیەکانی کورد لەبەغداوە بیکەن، چونکە بەپێی یاساو سیاسەت‌و واقعەکە ئاوایە؟

عەلی جۆلا: باشە ئەگەر لەدەسەڵاتی ئەماندا نیە، ئەوانیش دانی پیادا نانێن.

چاودێر: دانیان پیادا ناوە؟

عەلی جۆلا: دانیان پیا نەناوە، دەبا بۆمان دەستنیشان بکەن بەرەسمی، بەپێی برگەکە، ئەوەی مەبەستمە بیڵێم، ئێمە سەرمان لەخۆمان شێواندووە، خۆمان پێویستە لەکوردستانا وەکو ئەو پرۆژەیەی کەئەڵێی پێشکەش بەغدا کراوە، پرۆژە لەدوای پرۆژە پێشکەش بکرێ، لەرێگەی پەرلەمانی کوردستانەوە کێشەکان چارەسەر بکرێ، پێویستیشە پەرلەمانی کوردستان زۆرکراوەتر بێ لەئێستادا.

شوان: من ئیزافەیەکی بچکۆلەم هەیە، کورد لەدوای هەڵبژاردنەکان، هەنگاوی باشی ناوە، بۆ نموونە کۆمەڵێ ئەندامی باش هەیەو ئەتوانێ لەبەغدا ئیش بکات، ئایا ئەو ئیشکردنەی کەئێستا ئەیکەن وەکو ئەو ئیشکرنەیە کەپێشتر بۆ خودی خۆی کردویەتی، راستی ئەمە زۆر گرنگە، یەکڕیزی ئەوکەسانەی کەلەوێن هەبێ.

فەرەیدون دارتاش: ئێمە ئەگەر بەواقیع بینانە سەیری بارودۆخی ئێستا بکەین، وەکو وتم کورد لەهەوڵ‌و خەباتێکی ترداو، بەشێوەیەکی تر، پێویستە پرۆژەی هەبێ، بۆ دەستور، رۆڵی کورد چییە بۆ فیدراڵیەت لەعێراقدا، نابێ هەر پێشنیارەکانی بۆ کوردستان بێ ئەبێ چاویشمان لەعەرەب‌و کەمە نەتەوایەتیەکانیش بێ، بۆئەوەی بتوانین لەگەڵ هەمویانا تەوافقێک دروست بکەین، ئەگەر بێت‌و ئێمە نەتوانین تەوافق لەگەڵ هەموو لایەنەکان دروست بکەین، بەپرەنسیپی ئێستفتا ئێمە مەسەلەکان ئەدۆڕێنین، چونکە زۆرینە ئێمە نین، خاڵێکی تریش گرنگە بەلامەوە، ئەو هەڵەیەی کەلەدوای روخانی سەدام کردمان، دوبارە نەبێتەوە، هەموان لەسەر ئەوە کۆکین کەسەدام رۆیی دەوڵەتی عێراقی نەما، هەڵوەشایەوە لەو هەڵوەشانەوەیە کورد نەمانتوانی ناوچەکانی کوردستان دەستی بەسەردا بگرین، عەرەبی هاوردە هەمووی رای کردبوو، ئەگەر ئێمە بچوینایەتەوە جێگەکەی خۆمان برواناکەم ئەمریکیەکان هیچیان بکردایە، ئەوە هەڵەیەکی مێژووییە بەرای من کراوە، مەسەلەی ناوچە رزگارکراوەکان جارێکی تر مامەڵەی لەسەر نەکرێ، ئەوە مەترسیەکی گەورەیە، دوابخرێ مەترسیەکی گەورەمان بۆ دروست ئەبێ بۆ، لەبەرئەوەی ئەوان ئێستا هیچ دەسەڵاتێکیان نیە، مەبەستم نەسەربازیان هەیە، نەهێزیان هەیە، کەچی هیچ یەکێ لەو بەڵێنانەی کەداویانە جێبەجێی ناکەن، من بڕوام وایە ئەگەر ببن بەدەوڵەت مەترسی گەورەن بۆ سەرکوردستان، مەسەلەی کەرکوک دەبێ پێش دانانی دەستور حەسم بکرێ، من لەمەسەلەی پەرلەمان لەگەڵ کاک عەلی نیم، ئێمە بمانەوێ‌و نەمانەوێ پەرلەمان پەرلەمانی حزبەکانە، حزبەکان چیان بوێ پەرلەمانیش ئەوە ئەکات.



شوان رەباتی
لەساڵی ١٩٧١ لەسلێمانی لەدایک بووە.
دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانییە.

بێگەرد: بەرای من ئەو برادەرانەی کە دانیشتوین گەیشتینە ئەو باوەڕەی کەئەبوو پێش ئەوەی کە نوێنەرمان بچێتە بەغدا ئەو پرۆژەی دەستورە، رای جەماوەر هەبوایە، لەوانەیە هەندێ جار جەماوەری کورد رازی نەبێ بەوەی کەنوێنەری کورد لەبەغدا، ئەیکات، یان ئایا تاچ رادەیەک نوێنەرانی سیاسیمان، بەرێز مام جەلال لەوێوە تائێستا چی بۆ کوردو کوردستان کردووە، یان ئەوەی کردووە کەمن وەکو (بێگەرد) بتوانم بچمە بەغداد، بەدەنگی بەرز بڵێم من کوردم‌و لەبەغدا دەخوێنم، ئایا ئەکرێ ئێمە چەند ساڵە بەعەرەبی‌و کوردی دەخوێنین، ئەکرێت لەبەغداد لەهەموو وانەکاندا، وانەیەک هەبێت بەکوردی، مادام من کوردم لەعێراقدا ئەبێت ئەوگفتوگۆیەم هەبێ.

چاودێر: کاک ئاری دوا قسەت؟.

ئاری بابان: دوا وتەم ئەوەیە کەمن بیروڕام بەوە هەیە ئەو فیدراڵیەتە بگوازرێتەوە ناوچە جوگرافیاکان، ئەبێ تەصدیری کوردستان بکرێت‌و ناوچە کوردنشینەکان، ئەوەی لەڕووی مێژووییەوە موڵکی کورد بووە، ئەگەر چی نەتەوەیەکی تریشی تێدا بێت زۆر ئاساییە (کەعەرەبی) تێدا بێت، کە کۆمەڵێک هەیە لەناوچەی حەمرین، بەڵام وەکو هەرێم، ئەوە کوردستانە، بۆ نمونە من خەڵکی کەرکوک کەکوردو عەرەب‌و تورک‌و ئاشوری تێدایەو کلدانی‌و ئەرمەنیشی تێدایە، بەڵام لەڕووی مێژووییەوە کەرکوک هی کوردە. ئەگەر بگەڕێینەوە سەد ساڵ پێش ئێستا هەمووی کورد بووە، کەباوو باپیرانمان لەبیریان دێت کە هەمووی کورد بووەو کەدوایی چۆن عەرەبی هاوردە هاتوون، دووەم کێشەیەکیتر هەیە کە پێویستە پێی لەسەر دابگرین، ئەویش مەسەلەی دەستوری عێراق کە دەبێت دەست نیشان بکرێت، عێراق دەوڵەتێکی عەلمانیە، بوونی عێراق بەدەوڵەتێکی عەلمانی زۆر گرنگە کە گفتوگۆی لەسەر بکرێت، تەنها عەلمانیەت دەتوانێ‌و ئازادی بەرهەم بهێنێ‌و رێز لەدینەکانیتر بگرێت، دەوڵەتی دینی بەپێی ئەو مەزهەب‌و ئەو شوێنانەی کەتێدایە، دەبێتە دەوڵەتێکی (ئیستبدادی)، بەڵام لەعەلمانیەتدا پیادەکردنی تەقسی هەر دینێک ئازادە، کەواتە جیاکردنەوەی دین لەدەوڵەت شتێکە دەبێت پێی لەسەر داگرین، خەباتی بۆ بکەین، لەدەستوری ئایندەی عێراقداو پێویستە عێراق دەوڵەتێکی عەلمانی بێت.



ئاری بابان
لەشاری کەرکوک لەساڵی ١٩٥٣ لەدایک بووە.
دەرچوی کۆلیجی ئەدەبیات بەشی زانستی کتێبخانەکانە.
هونەرمەندی شێوەکارە
ئێستا بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتی سلێمانییە.

شوان: من ئەوەندە دەڵێم، ئەم دانیشتنەی ئێمەو پێش ئێمەو دوای ئێمە، چی کاریگەریەکی هەیە لەسەر ئەو دەستورەی کە دەنوسرێت،

چاودێر: ببورە ئێمە زیاتر لەڕووی راگەیاندنەوەیە، کەدەمانەوێت هاوڵاتی قسە بکات‌و رای خۆی لەسەر دەستورو نوسین بڵێت؟

شوان: من پێم وایە، ئەوەی کەئێستا ئێوە دەیکەن سێ مانگ لەمەوپێش بتان کردایە.

چاودێر: نازانین جەنابت چاودێر دەبینی، ئەگینا ماوەی دوو مانگە، گرنگی بەو لایەنە دراوە.

عەلی جۆلا: ئەوەی کەمن تەئکیدی لێدەکەمەوە ئەوەیە ئەگەر ئێمە بمانەوێت وڵاتێک بەرەو دیموکراسی بڕوات، ئەبێ وڵاتێکی عەلمانی بێت، چونکە ئێمە وڵاتێک مان هەیە، کەهەمەڕەنگ‌و هەمە نەتەوەیە، بۆیە چاکترین شێواز شێوازی دیموکراسیە، ئەگەر نەچەسپا مانای وایە هیچ شتێک ناتوانین لەوڵاتدا بچەسپێنین. نەتەوەی کوردیش وەک نەتەوەیەکی شۆڕشگێڕی‌و خەبات گێڕ تەماشا بکرێت‌و مافەکانی پێ رەوا ببینرێت، زۆریش متەوازع نەبین، لەبەر هەندێک نا شۆڕشگێڕو خوێن رێژدا کە دوژمنایەتیمان دەکەن. ئێمە دەبێت وەڵامی شۆڕشگێڕانەمان هەبێت وەکو چۆن لەپێشوودا هەمان بووە.

چاودێر: زۆر سوپاستان دەکەم.■